





له کەبابخانەی سەرچنار، هەموو جۆرە
خواردنێکی کوردی و ڕۆژهەڵاتیی
لە خزمەتی ئێوەی بەڕێزدایە

# Sarchenar Restaurant

**397 Edgware Road**
**London W2 1BT**
**Tel: 020 7724 5577**





Photography & Design: Aki Babamiri

لە کەشووهەوایەکی کوردی و ڕۆژهەڵاتیدا،
بە تامترین و باشترین خواردنی کوردیتان پێشکەش دەکات

MELBAND

# بانگەوازێکی بەپەلە

## لە بیرەوەریی بیست ساڵەی دامەزراندنی «مەڵبەند»دا

بەخۆشحاڵییەوە پێتان ڕادەگەیێنین کە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد ـ لەندەن، بەنیازە لە بیرەوەریی بیست ساڵەی دامەزراندنیدا، مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٦، زنجیرەیەک چالاکیی هونەری و ڕۆشنبیری ساز بکات.
بڕیارە لەم بیرەوەرییەدا، ڕێز لە هەموو ئەو کەسانە بگیرێت، کە لەسەرەتاوە چ بە ئەرک و هیلاکی و چ بە پارە و کۆمەکی ماددی، یان هەر کارێکی هونەری و ڕۆشنبیریی تر، ڕۆڵیان هەبووە لە دامەزراندن و سەرخستنی کار و چالاکییەکانی مەڵبەنددا.
بۆیە بەپەرۆشەوە، داوا لە هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە خزمەتێکیان پێشکەش بە مەڵبەند کردووە، ئیتر چ لە کوردستان بن یان لە هەندەران، پەیوەندیمان پێوە بکەن، یان خەڵکانی تر ڕاسپێرن کە لەبریی ئەوان پەیوەندیمان پێوە بکەن و زانیارییەکانی هاوکاری و کۆمەک و خزمەتەکانی خۆیانمان پێڕابگەیێنن.

هەر بژین

دەستەی سەرپەرشتی بیرەوەریی بیست ساڵەی مەڵبەند

**Kurdish Cultural Centre**
14 Stannary Street, London SE11 4AA
Tel: 020 7735 0918 Fax: 020 7582 8894
Email: kcclondon@yahoo.co.uk



# «دایمۆند ئۆتۆ»

# CARWASH SPECIAL

## HANDWASH + WAX * DRY * VACUUM

- WINDOWS CLEANED IN & OUT
- WHEELS CLEANED
- VACUUM
- DASHBOARD WIPED
- TYRES DRESSED
- BUMPER DRESSED



له گەڕاجی "دایمۆند ئۆتۆ" ، ئۆتۆمۆبیلەكەت
هەر كێشەیەكی هەبێت، بە گونجاوترین نرخ و
له كەمترین ماوەدا ، بۆت چارەسەر دەكەین.

(تەنەكەكاری ئۆتۆمبیل، بۆیاخكردنی ئۆتۆمبیل، فیتەری
مەكینە، كارەباچێتی، گێڕ و كلاج، ئەگزۆز، تایە و تەكەر،
شتن و پاككردنەوە و هەر كارێكی تری ئۆتۆمبیل)

بۆ زانیاریی زیاتر، تكایە پەیوەندیی بكەن بە بەڕێزان:
"وەستا وریا، وەستا شاخەوان و وەستا لەتیف"ەوە.
ژمارەی تەلەفۆن: 020 8964 5667

# FROM £10

# Melbend


## دەستەی نووسین

سەربەست کەرکووکی
عەتا موفتی



## سوپاس و پێزانین

مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی زۆر سوپاسی هاوکاری و پشتگیریی کۆمپانیای «ئەسعەدی» و بەڕێزان سلێمان و شەهلا ئەسعەدی، ڕێستۆرانی «ئەزمڕ»، سەربەست ئارام، نووسینگەی «سۆما»، کامەران حەوێزی، «دایمۆند ئۆتۆ»، وەستا وریا و ڕێستۆرانی «سەرچنار» دەکات بە بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەکانیان لە گۆڤاری «مەڵبەند»دا.

بە هاوکاریی ئەو بەڕێزانە توانیمان ئەم ژمارە ڕازاوەیەی «مەڵبەند» بخەینە بەر دەستی ئێوەی هێژا.

**مەڵبەند**


## Kurdish Cultural Centre (KCC)

The Kurdish Cultural Centre (KCC) was founded in 1985 to assist Kurdish refugees in the U.K. and abroad and advance education and knowledge, especially in the field of the Kurdish culture, in order to preserve and promote the heritage of the kurds.

### Melband

Melband is produced quarterly by The Kurdish Cultural Centre. All opinions expressed in Melband are those of individual authors and not necessarily the Kurdish Cultural Centre's.

## ناونیشانی مەڵبەند


## Kurdish Cultural Centre (KCC)

14 Stannary Street
London SE11 4AA
Tel: 020 7735 09 18
Fax: 020 7582 88 94
Email: admin@kcclondon.org
www.kcclondon.org


## مەڵبەند

بڵاوکراوەیەکی وەرزیی ڕۆشنبیریی گشتیی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردە لە لەندەن

مەڵبەند دەستگایەکی ڕۆشنبیری – کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردە لەم وڵاتەدا.
ڕێکخراوێکی چارەتی، سەربەخۆیە، بۆ ئەم ئامانجە سەرەکییانە لە ساڵی ١٩٨٥ەوە دامەزرێنراوە:
١– یارمەتیی پەنابەرانی کورد لە بریتانیا.
٢– پاراستن و گەشەپێدانی فەرهەنگ، زمان، ئەدەبیات، کولتوور و هونەری گەلی کورد.
٣– پشتگیریکردنی کێشەی نەتەوایەتیی کورد بە شێوەیەکی گشتی.

ئابوونەی بەشداریی ساڵانە
بریتانیا: ١٤ پاوەند
ئەوروپا: ٢٠ پاوەند
وڵاتانی تر: ٣٠ پاوەند



دیزاینی ڕووبەرگ
ئەکی بابەمیری

پیتچنین و دیزاین:
بنکەی چاپ و پەخشی ئاورا
www.aura-publishit.com

# ناوەڕۆک




*مەڵبەند*
سەفەری مەرزیە
ل ٦




*تایبەت بە مەڵبەند*
کـورد و داگیـرکـەرانی میهرەبانی خاکەکەی
ل ٧



پشکۆ نەجمەدین
گـــــەڕانـەوە بـۆ وڵات: پرســـێک لە هـەیوانی تێڕاماندا!
ل ٨




*فەرهاد شاکەلی*
شەڕی شارستانەتییەکان یا لەیەکگەیشتنیان
ل ١١



*ئەحمەد ئەسکەندەری*
چەند سەرنجێک لەسەر ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ل ١٨




*سەربەست کەرکووکی*
دیپلۆماسیەت و پەیوەندییەکانی تورکیا..
ل ٢٢




*نەوشیروان مستەفا*:
"بەداخەوە تا ئێستا سیستەمی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا لاساییکردنەوەی سیستەمی ڕاگەیاندنی بەعس و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتە!"
ل ٢٩

چراخان
بۆ قادر دیلان
شیعری: *خەبات عارف*
ل ٤٧




جارڕدانی مەرگ
شیعری: عەبدوڵڵا پەشێو
ل ٤٨



*هەرێم جاف*
یادگارییەکانی قادر دیلان و چیکییەکی کورد
ل ٤٢

زرنگەی گوڵدانێکە درزبردوو، وەڕسە لە تەنیایی
شیعری: *فەرهاد شاکەلی*
ل ٤٩

# ناوەڕۆک




ئامادەکردنی: مەڵبەند
گفتوگۆیەک لەگەڵ «شێرکۆ بێکەس»ی شاعیردا، سەبارەت بە پرسە ڕۆشنبیرییەکان و پرسی تریش
ل ٣٥





*تارا جاف و ئەنوەر سوڵتانی*
وتووێژێک لەگەڵ مامۆستای تەمووژەن عەلی ئەکبەر مورادی
ل ٥٠





*هاوڕێ نەمەلی*
ئەفراندنی نووسین
ل ٥٦





*کەریم مستەفا*
کاریگەریی میدیا لەسەر منداڵ
ل ٥٩





*ئەنوەر سوڵتانی*
شەڕەکانی دژی سەددام
ل ٦٢

ڕانانی کتێب:
*جوان بۆکانی*
ل ؟؟؟؟






جیهانی تەماویی شیعری
*بەرۆژ ئاکرەیی*
ل ٦٤

ئایین بۆ دەسەڵات
ل ٦٧

دوو فەرهەنگی بەنرخ
ل ٧٠

ڕانانی کتێب:
*ئامادەکردنی مەڵبەند*
ل ٧١




*هەڵەت هەمەوەندی*
ئازادیی ڕۆژنامەگەری، یاخود ڕۆژنامەی سەربەخۆ
ل ٧٥





ئامادەکردنی: مەڵبەند
کۆنفرانسی کەرکووک لە لەندەن
ل ٧٨

*شێرزاد شێخانی*
عەلوەکە
ل ٨١

# سەفەری مەرزیە...




ئەگەر بڵێن مەرزیە کۆچی دوایی کرد، دەڵێم کۆچی کرد، بەڵام دوایین کۆچی نییە. کە دەڵێن مەرزیە مرد، دەپرسم: "ئەرێ مەرزیە چۆن دەمرێت؟" ئەو وەکو ژمارەیەکی سیحریی وایە قابیل نییە بۆ دابەشبوون، ئیتر چۆن دەمرێت. ئەو کاتەی دەبینم ناسری هاوسەری هۆن هۆن فرمێسک بۆ کۆچی مەرزیە دەڕێژێت، دەڵێم: "ناسر گیان، بۆ دەگریت! مەرزیە بە جەستە لێت ون بووە، بە ڕۆح هەرگیزاوهەرگیز لەبەر چاوی تۆ و ئێمە ون نابێت!" کۆستت گەورەیە ناسری برا و خۆشەویست، چونکە یارێک و هاودەمێکت لە دەست چوو. ئیتر جارێکی تر قەدوباڵای مەرزیە لەناو ماڵە خەفەتبارەکەتدا نابینیتەوە، بەڵام ئێمە هەموودەم مەرزیە دەبینین بە زیندوویەتی لەبەر چاومان گوزەر دەکات و ڕۆژانە دەنگە بەسۆزەکەی لە گوێماندا دەزرینگێتەوە. کەواتە بەسە ئیتر فرمێسک مەڕێژە بۆ کەسێکی زیندوو. ئەمڕۆ لە سەردەمێکداین هەمووده‌م وێنەی باڵابەرزی بەقەد شاخەکانی کوردستانی مەرزیەمان دێتە بەر چاو، ئەو هەمیشە وەکو چیای قەندیل و سەفین و قەرەچۆخ و بەمۆ هاوڕێ و هاوەڵی خەبات و تێکۆشانمانە، وەکو پێشمەرگەیەکی دێرینی کاروانی بێوچانی کورد لە گۆڕەپانی کوردایەتیدا ساز و تەیارە. ئەمڕۆ لەسەر جادە و شەقامەکانی هەموو شارێکی ئەو کوردستانەدا کە مەرزیە و ڕەزازی ژیانی پڕ سەروەریی خۆیان بۆ تەرخان کرد، لافیتەی ڕەش هەڵواسراوە. کاتی ئەوە هاتووە هەر زوو ئەو لافیتانە دابگیرین ئەگەرچیش تەعبیر لە خۆشەویستییەکی بێهاوتا و بێوێنەی میللەتی کورد دەکەن بەرامبەر بە پێشمەرگە و کەڵەژنێکی نائاسایی ئەم سەردەمە، چونکە هەڵەن ئەوانەی وا زەن دەکەن مەرزیە ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە. مەرزیە لە سەفەرێکی کورتە و دەگەڕێتەوە، چونکە کوردستانی بێ مەرزیە بیابانە، هونەری کوردی بەبێ مەرزیە دەسکەگوڵێکی بێڕەنگی سەوز و سوورە، سیس و خاوە.

تۆش ئەی ناسری بەرزەکێو، بەسە ئیتر مەگری بۆ مەرزیە، ئەو لە دڵی هەمووماندایە، لە ناخی هەمووماندایە، تێکەڵاوی خوێن و هەستمانە، دەنگە بەسۆزەکەی برینە سەختەکانمان سارێژ دەکات. دەنگی ماوە، کەواتە خۆشی نامرێت. دەنگی مەرزیە لەسەر شەقام، لە ماڵ، لەسەر شاخ، لە سەنگەری حەرەسیاتی پێشمەرگەدا سەدای دەمێنێت. بۆ هەر کوێیەک بچیت، مەرزیە بە تاخمی جلە کوردییەکانیەوە گۆرانیت بۆ دەچڕێت، ئیدی چۆن مردن دەتوانێت زەفەر بە مەرزیە ببات؟ ساڵانێک بە لوولەی تفەنگ ڕووبەڕووی دوژمنانمان دەبووینەوە، ئەمڕۆ چەک لە پشوودایە و بە گۆرانی و دەسکەگوڵ بەرەنگاری پیلانی دوژمنە سەرسەختەکانمان دەبینەوە. جا کێ هەیە بەقەد مەرزیە دەنگی خۆش بێت، کێ هەیە بەقەد دەستە ناسکەکانی مەرزیە دەسکەگوڵی لێبوەشێتەوە.

تۆش مەرزیەی کەڵەژن! شیوەنت بۆ ناکەم، چونکە تۆ نەمردووی. فرمێسک بۆ جیابوونەوەت نارێژم، چونکە تۆ لێمان جیا نابیتەوە. تۆ وەکو نەخشی سەر کراسیی کچەکوردێکی نەشمیلانەی گوندێکی کوردستانی. خەم بۆ سەفەرکەت ناخۆم، چونکە دەزانم سەفەرێکی کورتە و دەگەڕێیتەوە لامان و دیسان و جارێکی تریش ئاهەنگێکی خنجیلانەمان بۆ ساز دەکەیتەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە ڕۆژی سەربەخۆیی کورددا کە ساڵانێک لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا خەباتت بۆ کردووە و ژیانی کولەمەرگیی شاخ و هەندەرانت لەپێناودا چەشتووە. چاوەڕێتین ئەی گەورەژن.

مەرزە گیان، سەدان هەزار پێشمەرگەی پڵنگی هەردی وڵات سڵاوت لێدەکەن و بە ئومێدەوە چاوەڕێی تۆ دەکەن لە ئاهەنگی سەربەخۆیی کوردستاندا تفەنگێکت پێشکەش بکەن، دەسا زۆر دوا مەکەوە، ئاهەنگی سەربەخۆییەکەمان پڕ جۆشوخرۆشتر بکە، چاوەڕێتین سەفەرەکەت درێژ مەکە.

*مەڵبەند ـ سبتەمبەری ٢٠٠٥*

# کورد و داگیرکەرانی میهرەبانی خاکەکەی (بەڵگەنامەیەکی مێژوویی)

تایبەت بە مەڵبەند

ئەم بەڵگەنامەیەی لێرەدا کلێشەی دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر، نامەیەکە ظل السلطان کوڕی ناصرالدینشای قاجار و حاکمی ناوچە ڕۆژئاوییەکانی ئێران بۆ باوکی ناردووە و تێیدا ڕاپۆرتی کاروباری سیاسی ـ ئیداریی ناوچەکەی داوەتێ. ناصرالدینشاش لە پەراوێزی هەمان نامەدا هەندێ ڕێنوێنمایی و فەرمانی نووسیوە. نامەکە تەئریخی بەسەرەوە نییە، بەڵام بە حیسابی ئەوەی مەسعوود میرزای ظل السلطان لەنێوان ساڵانی ١٨٨٢ و ١٨٨٨دا حاکمی ناوچە ڕۆژئاواییەکانی ئێران (بە کوردستان و لوڕستانەوە) بووە و بابەتی نامەکەش کاروباری ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، دەتوانین بڵێین لە ماوەی هەر ئەو ساڵانەدا نووسراوە و لە ئیسفەهانەوە نێرراوەتە تاران.

ظل السلطان لە نامەکەیدا باسی هاتوچۆی هەندێ گەڕاڵ و ئەفسەر و کاربەدەستی ئینگلیز دەکات لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری ئێران و دەڵێت ئەوانە بۆ کاری شۆفاری و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک و دەستتێوەردانی کاروباری ناوخۆیی ئێران بەم شار و ناوچانەدا دەگەڕێن. لە کۆتاییشدا بۆچوونی ناصرالدینشا لەم بارەیەوە دەپرسێت.

ناصرالدینشا لە وەڵامدا دەنووسێت:

"... دیارە ناکرێت بەئاشکرا بەرگری لە هاتوچۆی گەڕاڵی ئینگلیز بکەین، بەڵام دوو کار دەکرێت و ئەوەش ئەرکی خۆتە بیانکەیت:

یەکەم: بە نهێنی کارێکی وا بکەیت کە نەتوانن خۆش ڕابوێرن و لە گەڕان و سەیاحەتکردن ترسیان هەبێت و زەوقیان بۆ ئەم کارانە نەمێنێت. پێویستە کارەکەش لە لوڕ و کوردەوە بزانن نەک لە لای ئێوە خۆتانەوە.

دووەم: ڕووداونووسی نهێنیتان هەبێت بۆ ئەوەی لە کردەوە و قسەیان لەگەڵ عێلات و خەڵک ئاگادار ببنەوە و بە خەیاڵاتیان بزانن..."

ئەوە شێوازی سیاسەتی ئەو وڵاتانەیە کە کوردیان تێدا دەژی. ناصرالدینشا بە زمانێکی دیپلۆماتیک داوا لە کوڕەکەی دەکات سەیاحی بێگانە بگرن، ماڵیان بدزن، لێیان بدەن و بیانکوژن. بۆ هەموو ئەو کارانەش کورد و لوڕ بە بەرپرس بناسێن. ئەم سیاسەتە، تەنیا هی ناصرالدینشا نەبووە و هەر ئەو جارەش بەڕێوە نەچووە، بەڵکو هێڵی گشتیی سیاسەتی داگیرکەرانی خاکی کورد بووە و ئێستاش هەر هەیە لە باکوورەوە تا باشوور و لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا.

با کوردیش بەم ڕاستییە باش بزانێت.

بەڵگەنامەکە لەم کتێبە فارسییە وەرگیراوە:

ابراهیم صفائی، «اسناد نویافته»، چاپ دوم، تاران، لل٨٤ تا ٩٠، کۆپی لاپەڕەکانی کتێبەکە لە لایەن بەڕێز ڕەحمان وەهابزادەوە گەیشتۆتە دەستم کە لێرەدا سپاسی زۆری دەکەم.

"ناصرالدینشا بە زمانێکی دیپلۆماتیک داوا لە کوڕەکەی دەکات سەیاحی بێگانە بگرن، ماڵیان بدزن، لێیان بدەن و بیانکوژن. بۆ هەموو ئەو کارانەش کورد و لوڕ بە بەرپرس بناسێن."



کۆپیی بەڵگەنامەکە

"...بەڵکو هێڵی گشتیی سیاسەتی داگیرکەرانی خاکی کورد بووە و ئێستاش هەر هەیە لە باکوورەوە تا باشوور و لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا."

## گەڕانەوە بۆ وڵات:

# پرسێك لە هەیوانی تێڕاماندا!

کە نیشتمانمان بە جێ هێشت و فریای ماڵئاوایی نەکەوتین، نیشتمان تابووتێکی بە ئەنفال و مەرگ و ژەهر، بزمارڕێژکراو بوو. ئەوێ ڕۆژێ، شتێک بە ناوی نیشتمان نەمابوو. نیشتمان، جەستەیەکی لەخوێنشەلاڵی لەنێوانی مەرگ و ژیاندا گیرخواردوو بوو! ئەم پێناسەیەی نیشتمان بۆ ساتەکانی سەفەری بەشێکی دیاری ئەو کۆمەڵە کوردەیە، کە لە سەردەمی بەئاکامگەیشتنی پرۆسەی ئەنفال و ژەهرباران و کوژانەوەی هەر trووسکەیەکی بزووتنەوەی چەکداریی گەلی کورددا، بەناچاری هەگبەی سەفەرێکی نادیاریان لە کۆڵ نا و لە هەندەران گیرسانەوە! یانژی کەسانێک کە پاشی هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول و لە نێوەڕاستی هەفتاکانی سەدەی پێشوودا، چراوگێکیان بۆ بینین و هەناسەیەکیان بۆ ژیان، لە ڕۆژگاری باڵادەستیی بەعس و داگیرکردنەوەی کوردستاندا، نەدیت!

ئەم دوو گرووپە، زۆرینەیان کەسانی سیاسەتکار و سیاسەتمەدار، کادیر و پێشمەرگەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەندان بوون کە بە تەنیا، یاخود هاوڕێی ژن و منداڵیان، سنووری چەند وڵاتیان بەزاند و لە هەندەران، مافی پەنابەریی سیاسییان وەرگرت و لەگەڵ ڕۆژگاردا، بوونە بەشێک لە بازاڕی کاری نیشتمانی دووەمیان و بە چەندین تاڵی بینراو و نادیارەوە، بە کۆمەڵگەی مەنفاوە پەیوەست بوون.

گرووپی سێیەم، گەورەترین گرووپی کۆچبەری کوردانە کە لە پاش ڕاپەڕین و ڕۆژگاری ئازادیی کوردستانی باشوور، کاڵەی سەفەر لە پێ دەکەن، لە پێناوی گەیشتن بە "جوانی"یەکانی مەنفا و جێهێشتنی دزێوییەکانی نیشتمان، سڵ لە هیچ قوربانیدانێک ناکەنەوە. ئەم گرووپە، دەرهاوێژتەی فەوزاکانی ڕاپەڕین بوو.

ڕاپەڕین، کە بێسەروبەریی دەسەڵات و بەڕێوەبردن، شەڕی نێوخۆ و برسییەتی و قاتوقڕیی لێ کەوتەوە و هەموو خەونەکانی ئیفلیج کرد، غەریزەی گەڕان بەدووی ژیان و سەردەربازکردن، هەموو مانا و بەهاکانی نیشتمان و نیشتمانخوازیی پێچانەوە!

لەنێوانی "ئێستا" و ڕۆژگاری ڕاپەڕیندا،



## پشکۆ نەجمەدین

مەودایەکی زەمەنیی دەبینین؛ مەودایەک، هەڵگری پرۆسەیەکی پڕ ئاڵۆگۆڕیی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئیداری و ڕۆشنبیرییە کە توخمە دیارەکانی خۆی لە پرۆسەی گۆڕانکارە سیاسییەکانی دنیا، نێوچەکە، عیراق و کوردستانەوە وەرگرتوون!

کوردستانی ئێستا، لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و بەڕێوەبردن و ژیان و گوزەرانی خەڵکدا ــ بە هەموو کەلێن و کەلەبەر، گەندەڵی و نابەرانبەرییەکەوە ــ وەک پێشتر نابینرێت! ئێستا، ئێمە لەو پردانەی گەڕانەوە ڕادەمێنین کە لەنێوان مەنفا و وڵاتدا ڕۆنراون. ئێستا ئیدی، خودی گەڕانەوە و بە نیشتمان ئاشنابوونەوە، بوونەتە دوو دیارەدی پڕ ئیشکالاتی پرسی ڕۆژ و ناتوانین خۆمانیان لێ نەبان بکەین!

### گەڕانەوە لەکوێوە بۆ کوێ؟

وشەی "کوێ" لە هەردوو باردا، مانایەکی قووڵتر لە "شوێن"مان دەداتێ و چەمک و دەلالەتێکی فرەمانا و ڕەگەزی هەیە! "کوێ" لە باری یەکەمدا، ژینگەیەکە بە هەموو ئەو ڕەگەز و پێکهاتانەی کە خودی پرۆسەی ژیان بۆ تاکی بەتاراوگەکراوی دروست دەکەن. ئێمە ناتوانین تاکی بەتاراوگەکراو لە نیشتمانی دووەمدا، وەکو "تاک"ی هاووڵاتیی تاراوگە ببینین، گەرچی ئەمە لە ڕووی حقوقیشەوە یاساڕێژ کرابێت و یاسا ئەو مافەی پێ ڕەوا بینیبێت. تاکی ڕۆژهەڵاتی لە زێدی خۆ دابڕاو، پێچەوانەی تاکێکی ئەورووپایی، نە لە ڕووی ڕۆحی و نە لە بواری کۆمەڵایەتیدا، خودێکی سەربەخۆ نییە و بە دەیان داو بە خێزان و کەسوکارییەوە، چ لە تاراوگە و چ لە نیشتمان، بەستراوەتەوە. لە ساتێکدا، قسە لە ماناکانی ژیان لە "کوێ"دا دەکەین، ناکرێت ئەم مەسەلە گرنگە لە بەرچاو نەگرین.

"کوێ"ی مەنفا یاخود نیشتمانی دووەم، بە بەراورد لەگەڵ "کوێ"ی زێد و نیشتماندا، لە چاوی بەشێکی زۆری ئاوارانداٍ، بەهەشتێکە، ئەورووپاییەکان لەسەر زەوین ڕۆیان ناوە! لەم "بەهەشت"ەدا، تۆی پەنابەر، پاشی وەرگرتنی مۆڵەتی مانەوە و کارکردن ئیدی:

ـ لە هەموو مافە مرۆڤایەتییەکان بەهرەمەند دەبیت و لە چاوی یاسادا و بەکردەوەش وەکو "مرۆڤ"ێک بەپێی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا بۆ مرۆڤ، مامەڵەت لەتەکدا دەکرێت.

ـ کار دەکەیت و ژیانی خۆت و خێزانت دابین دەکەیت. کار ناکەیت و بیمەی بێکاریت هەیە. بیمەی بێکاریت نییە و دەوڵەت چەردەیەک پارە بۆ دابینکردنی لانی کەمی ژیانت، بۆ مسۆگەر دەکات.

ـ هەموو تاکێک مافی شوێنی ژیان و ماڵوحاڵێکی هەیە!

ـ مافی خوێندن بۆ منداڵ و گەورەسالانیش، بە مفت، قۆناغێک یان زیاتر، پارێزراوە.

ـ نەخۆشخانە و دوکتۆر و دەرمان، بۆ هەموو کەسێک بە تێچوویەکی گونجاو، دابین کراوە.

ـ ئازادییە کەسەکییەکان، لە هەموو بوارەکانی ئازادی و هەڵسوکەوتی دیموکراتیدا پارێزراوە.

ـ ڕێکخستنی سیستەمی ژیان و پەروەردە و مافە کۆمەڵایەتییەکان، لە ئاستێکدایە، بە سیستەمی کۆمەڵگەی خۆت بەراورد ناکرێت.

ـ ئاو، کارەبا و سووتەمەنی کە گرفتەکانی ڕۆژانەی وڵاتی خۆتن و ئەوپەڕی ناعەدالەتی لە دابەشکردنیاندا دەبینیت، لە "بەهەشت"ـەکەی ئەوروپادا، جێگای قسە و باس نین!

چەند ساڵانێک گوزەرانکردن لەم کۆمەڵگایانەدا کە بە کۆمەڵگەی هاووڵاتی یاخود خۆشگوزەران نێودێر کراون، لەسەر پردێکی هەڵواسراو گیرمان دەدات و دەستلێهەڵگرتنیان کارێکی ئاسان نییە!

کەسانێک کە بە منداڵی هاتوونەتە مەنفا، یاخود لە مەنفادا لە دایک بوون، ئیدی مەنفا دەبێتە نیشتمانی یەکەمیان و خۆیان بە ئەندام و هاووڵاتیی ئەو کۆمەڵگەیە دەبینن. بۆ ئەوان، گەڕانەوە بۆ نیشتمانێک کە نایناسن و پێی نامۆن، ڕیزپەڕ نەبێت، کارێکی مەحاڵە!

"کوێ"ی دووەم، واتە شوێنێک کە دەبێتە هەواری کۆچی بەرەواژ، کوردستانە! هەر تاکێکی کورد، لە پرۆسەی هزرین و تێڕامانی بۆ "گەڕانەوە"، بەوردی بوارەکانی ژیان و هەمواری و ڕژدییەکانی لە هەردوو "شوێن"دا تەتەڵو دەکات و لە بێژنگیان دەدات. ئاخر ژیان و ڕەهەندەکانی، لە هەموو بارێکدا، ئامانجی بنەڕەتیی مرۆڤن.

لە کوردستاندا، گۆڕانکارییەکان، ئەگەرچی کیسەڵڕۆن، وەلێ دەبینرێن و هەستیان پێ دەکرێت.

ـ کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ عیراقدا، هەرێمێکی ئارام و دوور لە کارەساتەکانی تیرۆر و دەسەڵاتی تیرۆریستانە.

ـ ئەگەرچی هێشتا دوو حووکمەت و دوو ئیدارە لە کوردستاندا هەن، وەلێ تاپۆی ناکۆکییە خوێناوییەکان و شەڕەکانی خۆکوشتن، دێن کاڵ دەبنەوە.

ـ سیستەمی حوکمڕانی، لەسەر بنچینەکانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی دەستگاکانی یاسادانان، جێبەجێکردن، قەزایی و (بە ڕواڵەت سەربەخۆی)یان کار دەکات، وەلێ سیستەمێکی ناڕوون و مۆلەقە و هێشتا لە ئاست سەروەریی یاسادا ملکەچ و دەستەمۆ نییە! هێشتا دەسەڵاتی حیزب و ئۆرگانەکانی، لە سەرجەمی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا، لە پشت حکوومەتەوە کار دەکەن و حکوومەت بە مانا مۆدێرن و مەددەنییەکەی، لەژێر قورسایی حیزبدا نووزەی دێ! ڕۆتین و گەندەڵییەکانی بەڕێوەبردن لە هەردوو ئیدارەکەدا، دوو دیاردە و دوو خەسڵەتی دیاری سیستەمی سیاسی و ئیداریی کوردستانن!

ـ ژیان و گوزەران و ئاستی بژێوی خەڵک (لەچاو ساڵانی پێشوودا) و بە کارکردی گۆڕانە سیاسییەکانی عیراق و کوردستان، ڕوو لە هەورازە، ئەگەرچی ناعەدالییەتێکی زۆریش لە چۆنییەتیی دابەشکردنی ساماندا دەبینرێت و ئەم پرۆسەی هەڵڕژانی پارەوپوولە، بێ پلانێکی درێژەوەختی ئابووری، کەلێنی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەیان بە شێوەیەکی ترسناک و هەراو کردووە، سەدان ملیاردێری مشەخۆریان بەرهەم هێناوە، ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵگە، لەبیر بنیاتنانەوەی، هەڵتەکێنراوە! ئەم پرۆسەیە، مەترسیی هەڵاوسانی دراو و کارەساتی ئابووری، بۆ پاشەڕۆژی نزیک، لێ دەکەوێتەوە!

ـ لە کوردستاندا، ئازادیی بیروڕادەربڕین، نووسین، کاری مێدیا و ڕۆژنامەگەری لە ئاستێکی بەرچاودا فەراهەم کراون و لەم ساڵانەی دواییدا، کەمتر، نووسەرێک یاخود ڕۆشنبیرێک، لەسەر دەربڕینی فیکر یاخود ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات، تووشی سزا هاتووە!

ـ لانە و شوێنی ژیان، کارەبا و ئاو، ڕێگاوبان و هۆیەکانی هاتوچۆ، کێشە و گرفتەکانی خەڵکی کوردستانن و جارێ ڕێگاچارەیەکی گونجاویان بۆ نەبینراوەتەوە!

بەکورتی، ئەمە خەسڵەتە گشتییەکانی "کوێ"یەکە، کە پرۆسەی گەڕانەوە دەیکاتەوە ئامانجی خۆی.

کەسانێک دەگەڕێنەوە! ئەوانیش وەک ئێمە دەهزرن، ڕادەمێنن و "کوێ"یەکان بەراورد دەکەن، دیسانیش دەگەڕێنەوە!

## کێن ئەوانەی دەگەڕێنەوە!؟

کەسەکان، بەپێی جیاوازیی کەسایەتی و پێشینەی ژیان و گوزەرانیان چ لە کوردستان و چ لە مەنفادا ، جیاوازن.

ـ کۆنەکادیر و لێپرسراو و ئەندامانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، کە پەیداکردنی کار و پێداویستییەکانی ژیانی ئەوان لە کوردستاندا، ئاسان و بێلەمپەڕتر دێتە بەرچاو.

ـ کوردانێک کە لە مەنفادا، هەلومەرجی کارکردنی باشتریان بۆ ڕەخساوە و بڕێک سەرمایەیان وە دەست کەوتووە. ئەوان سەرگەرمی خستنەگەڕی پارە و سەرمایەی خۆیانن لە کوردستاندا. ئەم کۆمەڵە، ئەگەر بواریان پێ بدرێت، بەپێی ئەو ئەزموونەی لە مەنفادا وەریانگرتووە، شوێندەستیان لە پرۆژە ئابوورییەکانی کوردستاندا، دیار دەبێت و ڕۆڵی خۆیان لە گەشەپێدان و ژیاندنەوەی بازاڕی کاردا دەبینن.

ـ کادیر و پسپۆڕانی بواری زانست (دوکتۆر، مامۆستایانی زانکۆ، تەکنیککاران و...هتد). ئەم گرووپە، گەرچی ڕووبەڕووی لەمپەرە ڕژدەکانی وەرگرتنەوە و خۆگونجاندن دەبنەوە، دیسانیش گرووپێکی دیارن لە پرۆسەی گەڕانەوەدا و لەم ساڵانەی دواییدا، جێدەستیان لە بواری پرۆسەی زانست و پەروەردەدا دیارە.

ـ ڕۆشنبیر، نووسەر و کادیرانی بواری مێدیای کوردی. ئەم گرووپە، کە لە ماوەی ١٤ تا ١٥ ساڵی ڕابوردوودا، کارکردیان لەسەر باری سیاسی، ڕۆشنبیری و کولتووریی کوردستان، لە مەنفاوە، داناوە؛ سەنگ و کێشێکیان لەنێو بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیریدا هەیە، بەگومانترین گرووپی نێو پرۆسەی گەڕانەوەن. ئەم گرووپە، ئەگەرچی یەکڕەنگ و یەکدەنگ و چوونیەک نین، دیسانیش هەستیارترین گرووپن کە بەقووڵی لە کۆچی بەرەواژ و هەموو ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکانی ئەو پرۆسەیە دەڕوانن.

وەستان لەسەر تێڕوانینی ئەم گرووپە و بەرەڵاکردنی پرسەکان لە ماڵی تێهزرینی ئەواندا، کاتێکی زێدەپێویستە.

ـ ڕۆشنبیر، نامۆیی و نامۆبوون بە جوگرافیای مەنفاوە نابەستێتەوە. ئەو کە بە سیستەم، کۆمەڵگە و جوگرافیای زێدی خۆی نامۆ دەبێت و لە مەنفاشدا پزیسکەئاگرێک بۆ سووتاندنی ئەو نامۆییە نابینێتەوە، هەتا کەنگێ لەسەر پردی نێوان ئەم دوو جیهانی نامۆییە، سەمەندەئاسا، بسووتێت و بژێتەوە؟!

بەڕاست، ڕۆشنبیری لە خود و لە نیشتمان نامۆ، دەتوانێت نیشتمانێک لە دەرەوەی نیشتماندا بۆ خۆی ببینێتەوە؟ داخۆ ڕۆشنبیرێک شک دەبەین کە لە ناخی ڕۆحی خۆیەوە خۆی بە هاووڵاتیی وڵاتی مەنفا بزانێت؟ ئەگەر وەڵام ئەرێ بێت، ئەدی چەند نووسەری کوردی هەن کە دەستبەرداری خەمەکانی سیاسەت و ڕۆشنبیریی وڵاتی زێد بووبێت و خەمەکانی وڵاتی مەنفایان کردبێتە هەوێنی بەرهەمهێنان و داهێنانی فیکریی ڕۆشنبیری؟ کامانەن ئەو ڕۆشنبیرانەی کورد، کە بە زمانی ناکوردی و لەسەر بابەت و دیاردە ناکوردییەکان لە وڵاتی مەنفادا دەنووسن و داهێنان دەکەن؟!

من، لای خۆمەوە، نووسەرێک یان بیریارێکی کوردم پێ شک نایەت، کە لە ڕەهەندەکانی فیکر و ڕۆشنبیریی ئەوروپاییدا، جێگا و ناوێکی هەبێت!

وێرانیی نیشتمان و ئەوەی کە نیشتمان (بەپێی تێگەیشتنی ڕۆژاوایی بۆ نیشتمان)

> **"کوردستانی ئێستا، لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و بەڕێوەبردن و ژیان و گوزەرانی خەڵکدا ــ بە هەموو کەلێن و کەلەبەر، گەندەڵی و نابەرانبەرییەکەوە ــ وەک پێشتر نابینرێت! ئێستا، ئێمە لەو پردانەی گەڕانەوە ڕادەمێنین کە لەنێوان مەنفا و وڵاتدا ڕۆنراون. ئێستا ئیدی، خودی گەڕانەوە و بە نیشتمان ئاشنابوونەوە، بوونەتە دوو دیارەدی پڕ ئیشکالاتی پرسی ڕۆژ و ناتوانین خۆمانیان لێ نەبان بکەین!"**

نەبووەتە وڵاتی هەموو تاکەکان، ئەوەی کە تێرمی (هاووڵاتیبوون) هێشتا چەمکێکی نارِوون و پێنەگەیشتووە لە کوردستاندا، نەیانتوانیوە وڵاتێک بۆ ئێمە لە مەنفادا، دروست بکەن.
نامۆترین رِۆشنبیر بە نیشتمان، هێشتا بۆ نیشتمان و خەمی ئینسانەکانی دەنووسێت! داخۆ ئەم پرۆسەی نووسین و خۆبەخەمی نیشتمان خەریککردنەوە، زەمینەیەک بۆ "گۆرِان" دەرِەخسێنێت؟
ئەگەر "نەخێر" وەڵامی ئەم پرسە بێت، ئەدی بۆ دەنووسین؟ رِەنگە کەسێک بێت و بڵێت: "من بۆ خۆم و بۆ ئاسوودەیی رِۆحی خۆم دەنووسم!"
دەکرێت خوڵقاندنی دەقەکانی شیعر، لیریک، پەخشان لە پلەی یەکەمدا بۆ لەززەت پێبەخشینی رِۆحی "خالق"یان بێت، وەلێ ئەی ئەم هەموو پرۆژەی کۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسییە چی؟
پرسێکی دیکە: داخۆ لە کوردستاندا، زەوینەی کاری نووسین و ئازادیی خۆدەربرِین چۆنە و دامودەستگا رِۆشنبیرییەکانی کوردستان، تا کوێ دەتوانن بواری کار، بۆ نووسەرانەی سەر ئەم پردی گەرِانەوەیە دابین بکەن؟!
دەرگاکان، تا چەند بە رِووی نووسەرانی مەنفادا، دەکرێنەوە و لەکوێدا دەستگاکانی وڵات، دەرگەیان بە رِوودا دادەخەن؟!
دەسەڵاتی سیاسیی کورد، چەند مرخی لە دەستەمۆکردنی نووسەرانێک خۆش کردووە، کە سالانێکە بەرهەمهێنی پرۆسەیەکی رِەخنەگرانەی ئەقڵانین؟ یاخود دیوەکەی دیکەشی ببینین و بێژین: دەشێت دەسەڵات بەو قەناعەتە گەیشتبێت کە نووسەری رِەخنەگر، دوژمنی دەسەڵات نییە، ئاڵاهەڵگری رِووخاندنی دەسەڵات نییە، وەلێ کێشەی ئەبەدیی لەگەڵ دەسەڵاتدا هەیە؟!
کێشەی گەرِانەوە سەختە! خۆگونجاندنەوە لەگەڵ کۆمەڵگەیەکدا کە سالانێکە جێت هێشتووە و جێی هێشتوویت، ئاسان نییە! هەرکەسێکی گەرِاوەی نیشتمان، ئەگەر نەکارێت، ئەو پردە کۆمەڵایەتییانەی کە زەمەنی مەنفا لەنێوان ئەقڵ، رِۆح و دیتنی ئەو و یەکەکانی کۆمەڵگادا رِووخاندوونی، رِۆ بنێتەوە، بەیەکجاری نیشتمان لە ناخیدا دەدۆرِێت!
هەمواری و ناهەمواریی ئەم رِێگەی گەرِانەوەیە، بۆ هەمووان چونیەک نین.
هەڵبژاردن لەنێوان مردن لە "بەهەشت"ی مەنفادا و ژیان لە "دۆزەخ"ی نیشتماندا، برِیاری سەرپێی قەبوڵ ناکات!
دیسانیش ئێمە نیشتمانێکمان هەیە. نیشتمانێک، بە هەموو جوانی و پۆخڵییەکانییەوە لە ناخماندا دەژی!
چ جوان دەبوو نیشتمان ئەگەر دەرگاکانی لە رِووی مەنفادا داخستبا!
چ جوان دەبوو مەنفا ئەگەر هەزار و یەک پەنجەرەی لەسەر نیشتمان نەکردباوە!

٢٠٠٥/٩/٢٣

# گوڵەوەچنی

"ئەگەر جیهان پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بێت، پێویستە مامەڵەکردنی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی لەگەڵیدا شێوازێکی تایبەتی وەربگرێت. بە حوکمی ئەوەی مرۆڤ جیهانی و جیهانیگەرییە و لەناو جیهاندایە و بەبێ جیهان نییە و نابێت، ئەوا جیهان وەکو داکەوتێکی دوور و هەرِەشەکەر خۆی دەرناخات و مرۆڤیش لەناو جیهاندا بە بێگانەیی ناژی. خۆدوورخستنەوە لە جیهان و بەپەراوێزکردنی، ئاکامێکی نەرێ دەرِەخسێنێت و دوو شێوە هەڵوێستی جیامان بەسەردا دەسەپێنێت.
مرۆڤ هەوڵ دەدات داکەوتی دەرەکی داگیر بکات و بۆ بەرژەوەندی خۆی بە کاری بهێنێت، یان نکوڵی لە گرنگیی جیهان دەکات و هەمیشە خۆی لە بەرامبەریدا بە بێگانە دادەنێت و دەیەوێت خۆی لێ داببرِێت.
(بوون و داهێنان، د. محەمەد کەمال) دەستگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٩٦)

لە سەیری خەستەخانەی عیشق ئەوی سەوزەی کەواشینە
لەسەر هەر خەستە دێ، یا خوێندنی یاسینە، یا شینە
شەهیدی غەمزەیە بەعزێ، سەقیمی عیشوەیە جەمعێ
دیارە، سەرنویشتی ئەهلی دڵ، یا سینە، یا شینە
دیوانی مەحوی، ل٢٨٤، چاپی دووەم، بەغدا، لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەرِیس و محەمەدی مەلا کەریم

"ئەوەی بەسەر ترۆشک و لوتکەدا بفرِێت، گاڵتەی بە چەڵەمەکانی ژیان دێت و گاڵتەی بە ئاسوودەییەکانیشی دێت، بگرە هەر گاڵتەی بە ژیان خۆشی دێت."
"ئێوە سەر هەڵدەبرِن و تەماشای سەرووی خۆتان دەکەن، هەرکاتێک تاسەی بەرزبوونەوە بکەن. وەلێ من هێندە بەرز بوومەتەوە، کە ئێدی لەژێر پێی خۆم دەرِوانم."
زەرادەشت، هکذا تکلم زرادشت، تالیف فردریک نیتشە، ترجمە ملیکس فارس، دار القلم، بیروت، لبنان، ص١٧٧، القسم الثالث.


"بانگم بکە
دەنگی تۆ خۆشە
دەنگی تۆ، سەوزایی ئەو گیا سەیرەیە
کە لە قووڵایی ناخی غەمدا دەرِوێت"
(یەکەم کۆپلەی شیعری ـ بە باغ هم سفران)، سهراب سپهری، لە کتێبی (هشت کتاب، انتشارات طهوری، تهران، ایران، زمستان ١٣٨٣، ص٣٩٤)

ئەو هێزەی کە زەوی دەسوورِێنێتەوە و درەختەکان سەوز و بەردار دەکات، وا لە ناخی هەموومـاندا هەیە. چۆن دەبێت مرۆڤێک هەبێت کۆڵ بدات."
چارلی چاپلن، لە رِۆژنامەی (ئافتن پۆستن، ئۆسلۆ، نەرویج، ٢٠٠٣/٣/١٩)

ئا: تابان کەمال

# شەڕی شارستانەتییەکان یا لەیەکگەیشتنیان

## خوێندنەوە و بەراوردی هەندێ بیری سامۆئیل هەنتینگتۆن و ئیدوارد سەعیدە لە ڕوانگەیەکی کوردییەوە



فەرهاد شاکەلی

یەکێک لە بۆچوونە سیاسی و ئیدیۆلۆگییە هەرە ناودار و تەشەنەکردووەکانی ئەم سالانەی دوایی (پێکدادانی شارستانەتییەکان The Clash of Civilizations)ی سامۆئیل پ. هەنتینگتۆنە (Samuel P. Huntington) کە بە هۆی وتارێکەوە لە هاوینی ساڵی ١٩٩٣دا بڵاوی کردەوە. ئیدوارد سەعید (١٩٣٥–٢٠٠٣) پێی وایە بەشێکی زۆری بایەخپێدانی وتارەکە و ئەو کتێبەیش کە ساڵی ١٩٩٥ بە دوایدا هات لەبەر کاتی بڵاوبوونەوەی بابەتەکەیە نەک ئەوەی کە چی دەڵێ.

تێزەکەی هەنتینگتۆن بەردەوامی و تازەکردنەوەیەکی تێزی شەڕی ساردی نێوان دوو قوتبی دنیایە؛ ئەگەر ئەو شەڕە جاران دژی کۆمونیزم بوو، ئەمڕۆ بەرەی بەرانبەر لە بڕوادارنی کۆنفوشیۆس و ئیسلامدا دەبینێ. بێگومان لای ئەو، ناوەندی فەرهەنگ و شارستانیی دنیایش ئەمەریکا و ڕۆژاوایە و دەبێ هەر ئەوانیش لەم ململانێ و کێشەیەدا سەر بکەون. ئەو پێی وایە ئەم ناکۆکییە و بەدوایشیدا پێکدادانە دوا بڕگەی گەشەکردنی ناکۆکییە لە دنیای مۆدێرندا. ئەم بیرکردنەوەیە بە زمانێکی دیکە، کە زۆریش پێویستی بە لێکۆڵینەوە نییە، دەیەوێ بڵێ کە سەرکەوتنی ڕۆژاوا و نرخەکانی ڕۆژاوا بەسەر کۆنفوشیانیزم و ئیسلامدا سەرکەوتنی یەکجارەکییە و دەبێ ئەو شارستانەتییانە لە ڕەگەوە دەربهێنرێن و سەر بۆ ڕۆژاوا و نرخ و ڕوانین و بیرەکانی ڕۆژاوا شۆڕ بکەن.

بۆ بەدیهێنانی ئەم سەرکەوتنە خەیاڵییە، بە دڵنیابوونێکی لەسەر شۆڤینیزم هەڵچنراوەوە، کۆمەڵێ بیر و پێشنیازی تەکتیکی و ستراتێگی دەخاتە بەردەست و بەرچاوی بڕیاردەرانی ڕۆژاوا (بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) وەک ڕێنوێنییەک بۆ بردنەوەی شەڕەکە. ئەم پێشنیاز و بیرانە ڕاستییەکەی پەیامێکی ڕاستەوخۆیشن بۆ نەخشەکێشانی پێنتاگۆن و سی. ئای. ئەی (Pentagon, CIA) و سەرمایەدارانی پیشەسازیی جەنگ وچەک و تفاقی شەڕ و وێرانکاری، کە بێئومێد نەبن و دڵنیا بن کە دنیای ئەمڕۆیش، وەک سەردەمی شەڕی ساردی نێوان دوو زلهێزەکەی جاران، ئەوەندەی ناکۆکی تێدایە کە ئەوان بتوانن هەمیشە لە کاردا بن و پەکیان نەکەوێت.

تێزەکەی هەنتینگتۆن لە ناوەڕۆکدا دووبارەکردنەوەیەکی هەندێ باوەڕ و بۆچوونی پێشترە کە هەر هەموویان هەوڵی ئەوەیان داوە وێنەیەکی جیهانی دوای شەڕی سارد بکێشن و کۆڵەکەیەک بۆ ئیدیۆلۆگی و سیاسەتی ئیمپەریالیستانەی ئەمەریکا دابمەزرێنن: تێزی (کۆتاییی مێژوو The End of History)ی فرانسیس فوکویاما (Francis Fukuyama)، ڕێکخستنی نوێی جیهان (New World Order)ی جۆرج بوشی باوک. کرۆکی ئەم بیرکردنەوانە ئەوە بووە کە لە لایێکەوە ڕەواییپێدانێک بێت و لە لایێکی دیکەیشەوە کەرەستەیەک بێت بۆ پەروەردەکردنی هەزاران و ملیۆنان مرۆڤی ئەم سەردەمە کە خۆیان توانستی لێکۆڵینەوە وردبوونەوەیان نییە و ناچارن کاڵای ئامادەی فکری و سیاسی بە کار ببەن. ئەم زنجیرە یەک لە دوای یەک و نەبڕاوەی بازاڕی ئیدیۆلۆگیی ڕۆژاوا، لە بازنەی زەمانیی تێزەکەی هەنتینگتۆندا ڕانەوەستا و هیی دیکەیشی بە دوادا هاتن؛ میحوەری خراپەی جۆرج بوشی کوڕ و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە (The Larger Middle-East)ی ئەمڕۆی بوش هەندێکن لەم تێز و بۆچوونە سیاسییانە.

دەستەواژەی (بەیەکدادانی شارستانەتییەکان) داهێنانی هەنتینگتۆن خۆی نییە، بەڵکە پێشتر لە نووسینێکی بێرنارد لیویس (Bernard Lewis)دا هاتووە، کە ساڵی ١٩٩٠ لە گۆڤارێکدا پەخش کراوە. ئەم لیویسەیش یەکێکە لە دوژمنە سەرسەختەکانی عەرەب و ئیسلام و ڕۆژهەڵات. ئەو خۆی لە بنەڕەتدا بە ڕۆژهەڵاتناس ناوی دەرکردووە و بواری لێکۆڵینەوەکانی ئیسلام و تورکیایە و تورکناس و تورکیزانێکی ناسراوە. لیویس لە کتێبە تازەکەیدا (قەیرانەکانی ئیسلام: شەڕی پیرۆز و تێرۆری ناپیرۆز The Crisis of Islam; Holy War and Unholy Terror)، کە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوی کردەوە، جەختکردنی دوو بۆچوونی بە لاوە گرنگە: ئەم ناکۆکی و قەیرانەی لە دنیای ئەمڕۆدا هەیە ناکۆکییەکی مێژوویی و مێژووکردە لە نێوان ئیسلام لە لایەک و دنیای شارستانەتیی جوولەکە و مەسیحییەت لە لایەکی دیکەوە و دووەمیش ئەو شەڕەی ئەمەریکا لە باتیی ڕۆژاوا و

شارستانەتییەکەی (و مرۆڤایەتییش!) دەیکات، شەڕێک نییە دژی عەرەب یا ئیسلام، بەڵکە شەڕێکە دژی تێرۆریزم و دەبێ گەلانی عەرەب و موسوڵمانیش بدەنە پاڵ (ئەوان).
هەنتینگتۆن نەک تەنیا دەستەواژە و تێرمەکانی لە لیویسەوە وەردەگرێت، بگرە چەمکە بنەڕەتییەکانیشی هاوشێوەی سیستێمی بیر و لێکدانەوەکانی ئەون. لای هەنتینگتۆن، وەک لیویس، شارستانەتییەکان مۆنۆلیتیک (Monolithic) و هاوچەشنن، ئەو هەروەها ئەو بیرە بنەڕەتییەیش دووبارە دەکاتەوە کە دەیەوێ هەموو دیاردە و ڕاستییەکان وەک دووبەرەیی و دوولایەنەیەکی نەگۆڕی (ئێمە) و (ئەوان) پێشان بدات. ئەم بیرە شەڕخوازانەیە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی زۆر ترسناک لە دەستگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژاواوە بانگەشەی بۆ دەکرێت و هەوڵی چەسپاندنی وەک ڕاستییەکی مەنتیقی دەدرێت. هەوڵێکی وەها لە پرۆسەی مێشکشۆردنەوەی ملیۆنان خەڵکدا بێگومان کارکردێکی ڕووخێنەرانەی دەبێت و بەشێک لە ئامانجە سیاسی و ئیدیۆلۆگییەکانی دەستەڵاتدارانی ڕۆژاوا بە دی دەهێنێت. سیاسەتی پاوانخوازی و داگیرکردن و شەڕهەڵگیرسێنەرانەی ئیمپەریالیزمی ئەمەریکی، بەتایبەت لە سەردەمی جۆرج و. بوشدا، ڕەنگدانەوەیەکی، یا وێنەیەکی، ئەو جۆرە بیر و بۆچوونانەیە کە لە سەرەتای قۆناغی دوای شەڕی ساردەوە بانگەشەیان بۆ دەکرێت و کۆڵەکەی گرنگی ئیدیۆلۆگیی ئەو بەڕێوەبەراتییەیە.
سەردەمی دوای شەڕی سارد و جیهانێک کە هاوکێشەی دووقوتبیی تێدا نەماوە، ژینگەیەکی لەبارە بۆ سەرهەڵدانی ئەو جۆرە بیرکردنەوە و تیۆری و تەنانەت پێشبینییانەیش کە دەیەوێ نەخشەیەکی دنیای داهاتوو بکێشێت و شتێک لەبارەی ناوەڕۆک و پێکهاتەکەیەوە بڵێت. نوختەی دەرچوونی ئەم بۆچوونانە، بێگومان، ئیدیۆلۆگی و جیهانبینیی ئەو کەسەیە کە دایدەڕێژێت. ئەو لە ڕوانگەی سیاسی و فەلسەفیی خۆیەوە ئەو پاشەڕۆژە دەبینێت و هەر بەو پێیەیش دەرئەنجامەکانی دیاری دەکات، یا هەر نەبێ هیوادارە کە بەو شێوەیە بن کە ئەو چاوەڕوانی دەکات.
هەر ئەو ژینگە سیاسی و ئابووری و عەسکەرییە تازەیەی جیهان خەڵکێکی زۆر ناچار دەکات کە بیر لە پاشەڕۆژ بکەنەوە و خوازیاری ئەوە بن وێنەیەکی ڕوونیان دەست بکەوێت، بۆ ئەوەی بۆچوون و دیتنی خۆیانی لەسەر هەڵچنن. ئەم خواستە لە خۆیدا هاندەرێکە کە ڕووناکبیران، بەتایبەت ڕووناکبیرانی سیاسی و ئیدیۆلۆگی، تێزەکانی خۆیان پێشکەش بکەن و بە جۆرێک نەخشەی ئەو داهاتووە



## ساموئیل پ. هەنتینگتۆن


بکێشن کە هەندێ جار تەنانەت لە پێشبینی و پەرجووی پەیامبەرانی دینەوە نزیکترە تا بیرێکی سیاسی و فکریی ئەم سەردەمەی مێژوو.
ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کەمجار وا ڕوو دەدات بیریاران و ڕووناکبیران خۆیان خەرمانەیەکی پیرۆز و دینئاسا بە دەوری تێزەکانیاندا بکێشن. ئەمە خوێنەر و گوێگر و گوتارنووسانن کە دێن ئەم بیرانە بەرز دەکەنەوە و دەیانگەیێننە پلەیەکی وای پیرۆزی کە کەس نەوێرێ بەئاسانی توخنیان بکەوێت یا گومانێکیان لەبارەوە دەرببڕێت. پەراوێزنووسە دیماگۆگەکانی دەستگاکانی ڕاگەیاندن لەم بوارەدا ڕۆڵێکی چەواشەکارانە و بێڕەوشتانە دەبینن. ئەوە ئەمانن کە دێن تێزێک یا بیرێکی یەکتوێژە بە جۆرێک شی دەکەنەوە و لێک دەدەنەوە کە دەیان توێژی دیکەی دەخەنە سەر و تەفسیرێکی وای دەکەن لەگەڵ بنچینەی بیرەکەدا یەک نەگرێتەوە.
هەنتینگتۆن سەرتاپێی تێزەکەی لەسەر بیرێک هەڵچنیوە کە وای دادەنێت شارستانەتی و فەرهەنگەکان کۆمەڵێ یەکەی چەسپیو و نەگۆڕ و یەکشێوە و هاوئاهەنگن. هەر لەبەر ئەوەیش هیچ ڕێگەیەک ناهێڵێتەوە بۆ بینینی جیاوازییەکانی ناوخۆ یا لەیەکچوون و پێوەندیی نێوان فەرهەنگی جۆربەجۆر لە دنیای ئەمڕۆدا . ئەم بۆچوونە هەر وەک بۆ ئەمڕۆ پەیامی دوورکەوتنەوە و دڕدۆنگیی پێیە، بۆ ڕابوردوویش لێکدانەوەیەکی پێیە کە دەیەوێ مێژوویش ببێتە کەرەستەیەک بۆ خزمەتکردنی ئامانجی شەڕخوازانە و ڕەگەزپەرستی.
بۆ پەرچدانەوەی تێزەکەی هەنتینگتۆن، ئیدوارد سەعید دوو بیری بنەڕەتی دەکاتە ڕێپێشاندەر و وەک زانایەکی ڕاستەقینە و بیریارێکی وردبین، دوای ڕانانی بەشێکی باوەڕەکانی هەنتینگتۆن، هەردوو لایەنی ناوەکی و دەرەکیی شارستانەتی و فەرهەنگ لە ڕووی پێکهاتەی مێژوویی و لە ڕووی دینامیزمی گەشەکردن و

کارکردیانەوە شی دەکاتەوە. دواتریش بێ ئەوەی خۆی بە وردەکارییەکانی دیکەی تێزەکەوە خەریک بکات ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پەیامی هەنتینگتۆن دژی ئەو پرۆسێسەیە کە ئەمڕۆ لە زۆر جێگەی جیهاندا بە دی دەکرێت بۆ نزیکبوونەوە و هاوکاری لەنێو کۆمەڵگا و فەرهەنگ و شارستانەتییە جۆربەجۆرەکاندا؛ پەیامێکە بۆ توندبوونی ناکۆکییەکان و بەهێزکردنی شۆڤینیزم، کە مرۆڤایەتی پێویستی بەوانە نییە.
فەرهەنگ و شارستانەتییەکان ڕەنگە بە ڕوواڵەت وەک قەوارەیەکی یەکڕەنگ و یەکگرتوو دیار بن، بەڵام کاتێ کە ئاشنایەتییان لەگەڵ پەیدا دەکەیت و لەنزیکەوە لێیان ورد دەبیتەوە، دەبینی لە ناوەڕۆکدا وا نین. کۆمەڵێ هۆی چینایەتی و سیاسی و جیۆگرافی بوونەتە هۆی ئەوەی لە سنووری یەک فەرهەنگ و یەک شارستانەتیدا ڕەنگی جیاواز و دەنگی جیاواز هەبن. ئیسلام، بۆ نموونە، شارستانەتییەکە لە ماوەی ١٤٠٠ ساڵی ڕابوردوودا بەشێکی گەورەی دنیای گرتۆتەوە و بووەتە یەکێک لە کۆڵەکەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. هەر ئەو دینەی کە ئەمڕۆ بووەتە ڕەنگرێژ و ناسنامەی فەرهەنگیی لە ملیاردێک زیاتر مرۆڤ، ئەوەندە گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردا هاتووە کە ناتوانین وەک باوەڕێک و فەرهەنگێکی یەکگرتوو باسی بکەین. ئەم جیاوازییە هەموو لایەنەکانی دینەکەی گرتووەتەوە؛ لە تەفسیر و لێکدانەوەی تێکستە بنەڕەتییەکانەوە (قورئان و فەرموودەکانی پەیامبەر ـ دروودی خوای لێ بێت ـ) تا دەگاتە پۆشاک و خۆراک و بیناسازی و هونەر و داهێنان و تەنانەت ڕێوشوێنی خواپەرستی و نوێژ و ڕۆژوو. ناکرێ ئیسلامی ئیندۆنیسیا و ئیسلامی ئێران و ئیسلامی میسر یا مەغریب وەک یەک فەرهەنگی هاوشێوە تەماشا بکەین. ئەم پێناسەکردنەی ئیسلام کە ئەمڕۆ لە ڕۆژاوا دەیبیستین و دەیخوێنینەوە، بەشێکە لە ئاخاوتەی (ڕۆژهەڵاتناسی) کە دەیەوێ خەڵک بێنێتە جۆش و هەستی دوژمنایەتی و ناحەزییان لا دروست بکات دژی بەشێکی ئەم دنیایە کە وەها ڕێک کەوتووە بایەخێکی ستراتێگیی هەبێت، چونکە نەوتی هەیە و لە ڕووی جیۆگرافییەوە نزیکییەکی هەڕەشەئامێزی لە دنیای مەسیحییەوە هەیە و چونکە مێژوویەکی سەختی پێشبڕکێی لەگەڵ ڕۆژاوادا هەبووە. هەر لە جیهانی ئیسلامی خۆیدا بەربەرەکانێیەکی سەختی زۆربەی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی دەکرێت و بەشێکی فراوانی زانا و ڕووناکبیر و لێکۆڵەران لەگەڵیاندا نە هاوڕان و نە هاوبیر.
هەنتینگتۆن لەو ڕاستییە هەڵدێت کە

فەرهەنگ و شارستانەتییەکان، چ لە ڕابوردوودا و چ ئێستا، هەمیشە پێوەندییان لەنێو خۆیاندا دامەزراندووە و کارکردیان لەسەر یەکدی هەبووە. ئێمە کە باسی شارستانەتییەک یا فەرهەنگێک دەکەین، دەزانین کە مەبەستمان تۆپەڵێکی چەقبەستووی وشکهەڵاتوو نییە، بەڵکە مەبەستمان کۆمەڵێ نەتەوە و زمان و مرۆڤ و دەوڵەت و ناوچەیە کە لەژێر ناوێکی فەرهەنگیی تایبەتدا کۆیان دەکەینەوە. ئەم یەکە جیاوازانە هەمیشە لە بزووتنەوە و گۆڕان و هاتوچۆ و گەشەکردن و پێوەندیدان لەناو خۆیاندا و لەگەڵ یەکەی دیکەدا کە لەژێر چەتری ناوێکی فەرهەنگیی دیکەدا کۆ کراونەتەوە. ئەم پێوەندی و هاتوچۆیە دەکرێ لە ڕێگەی فەرهەنگی، سیاسی، سەربازی، ئابووری، دینی، کۆمەڵایەتی یا هەر شێوەیەکی دیکەوە ڕوو بدات. پێوەندییەکان هەرگیز لە سنووری دەوڵەتێک، زمانێک، یا دینێکدا قەتیس نەماون، بەڵکە ڕایەڵێکیان پێک هێناوە لە سەرتاسەری دنیادا. تەنیا ئەگەر لە هەندێ لایەنی فەرهەنگی و زمانەوانی ورد ببینەوە دەبینین چۆن نەتەوە و فەرهەنگ و شارستانەتییەکان کاریان کردووەتە سەر یەکتر و دەیان و سەدان بەشی پێکهاتەیان لە یەکدی وەرگرتووە و ڕەگوڕیشەیان دەچێتەوە سەر یەکدی. مۆسیقای میللەتان بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە چۆن ئاواز و ئامێرەکان لە هاتوچۆدا بوونە و جێگۆڕکێیان کردووە. هەروەهایش ئەدەب و زمان. بەرهەمەکانی گارسیا مارکێز یا کینزابورۆ ئۆیێ تەنیا گەلانی سپانیزمان یا ژاپۆنییەکان نایانخوێننەوە، بەڵکە گەنجینەیەکن بۆ هەموو مرۆڤایەتی. پاولۆ کۆیلۆی برازیلی کە ڕۆمانی (کیمیاگەر) دەنووسێت، لە ماوەیەکی کورتدا تەرجەمەی پەنجاودوو زمان دەکرێت و بیستوشەش ملیۆن دانەی لێ چاپ دەکرێت.

ئەم تێکەڵاوی و کارتێکردنە ئەمڕۆ لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکادا زۆر ڕوونتر بەرچاو دەکەوێت. شەپۆلی نەبڕاوەی پەنابەر و هەڵهاتووان لەگەڵ خۆیشیاندا دەیان و سەدان نەریت و فەرهەنگ و باوەڕ دەهێننە ناو وڵات و نیشتمانە تازەکانیانەوە و لە ماوەی چەند دەیەیەکدا دەبنە بەشێک لە فەرهەنگی ئەو وڵاتانە. خەڵکانی سەرووی ئافریقا لە فرانسا، خەڵکانی هیندی و کاریبی و ئەفریقایی لە بریتانیا و کۆمەڵگاکانی ئاسیایی و ئەفریقایی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نموونەی ئەم هاوپێوەندی و تێکەڵاوییەن.

تەنانەت ئەوەی کە پێی دەڵێین نەریت (Tradition) شتێکی پیرۆز نییە کە ڕەگوڕیشەی چەسپ و بتەوی لە چەند




سەدەی ڕابوردوو گیر کردبێت، بەڵکە زۆرجار شتێکی داهێنراو و تازەکوورەن و بۆ سەرگەرمکردنی خەڵک هێنراونەتەوە ئاراوە. کاتێ لەو نەریتانە ورد دەبینەوە، دەبینین تەنانەت لەناو خۆیشیاندا ناکۆکی و دژبێژییەکی تەواو هەیە و لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ یەکدی ناگونجێن، کەچی خەڵکی وا دەستیان پێوە دەگرن وەک بڵێی بەبێ ئەم نەریتانە ئیتر کۆڵەکەی ژیان و مانەوەیان هەرەس دەهێنێت.

فەرهەنگی ڕەسمی فەرهەنگی پیاوانی دینی، ئەکادێمیکاران و دەوڵەتە. ئەم فەرهەنگەیە کە پێناسە بۆ نیشتمانپەروەری، دڵسۆزی و سنووری شتەکان دادەنێت. فەرهەنگی ڕەسمییە کە بە ناوی هەموانەوە دەدوێت، هەوڵ دەدات ویستی گشتی، ڕەوشت و بیری گشتی (ئێتۆس) دەرببڕێت، کە ڕابوردووی ڕەسمی، باوک و تێکستە دامەزرێنەرەکان، ئارامگای پاڵەوانان و تاوانباران دەگرێتەوە و دیاری دەکات و هەرچییەکی ڕابوردوویش کە بێگانە و جیاواز و نەویستراوە وە دەر دەنێت و دوور دەخاتەوە. هەر ئەم فەرهەنگەیە کە پێناسە دادەنێت بۆ ئەوەی دەکرێ و ئەوەی ناکرێ بگوترێت، ئەو قەدەغە و ئەو ڕاسپێرییانەی کە پێویستن بۆ ئەوەی فەرهەنگێک دەستەڵاتی هەبێت.


بەڵام بێجگە لەو فەرهەنگە باو و ڕەسمی و پیرۆزە، فەرهەنگی ناپیرۆز و زەندیقی سەرپێچ یا ئاڵتەرناتیڤیش هەن کە کۆمەڵە هێزێکیان تێدان لەگەڵ فەرهەنگی ڕەسمیدا بەربەرەکانێ دەکەن. دەکرێ بەمانە بگوترێ فەرهەنگی دژ و ئەو هەڵسوکەوتانە دەگرێتەوە کە بە هەڵسوکەوتی جۆری جیاوازی کەسانی دەرەکی ناو دەبرێن: هەژاران، پەنابەران، بۆهیمیانی هونەرپەروەر، کرێکاران، یاخیبووان و هونەرمەندان. فەرهەنگی دژە کە ڕەخنە لە دەستەڵات دەگرێت و هێرش دەباتە سەر ئەوەی ڕەسمی و پیرۆزە. پێوەندیی نێوان ئەم دوو فەرهەنگە پێوەندییەکی کرژ و دیالێکتیکییە. ئێمە ناتوانین لە هیچ فەرهەنگێک بگەین بەبێ هەستکردن بەم سەرچاوە هەمیشە ئامادەیە، کە سەرپێچیکردنێکی داهێنەرانەیە لەلایەن نارەسمییەوە بەرانبەر ڕەسمی. ئەگەر ئەم هەستی بزۆزییە لە بەرچاو نەگیرێت و وا دابنرێت کە فەرهەنگ و ناسنامە تەواو هاوچەشن و هاوئاهەنگن، ئەمە دەبێتە هۆی نەخوێندنەوەی لایەنێکی ژیاندار و بەبڕشت.

سەعید نموونەیەکی دیکە لە کتێبی (ئەسینای ڕەش ـ ی مارتین بێرنال Martin Bernal: Black Athena) دەهێنێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی پێناسەکان چەند بەهەڵە و چەواشەکارانە بە کار دەبرێن. تۆ کە ئەمڕۆ سەرچاوەکانی ڕۆژاوا سەبارەت فەرهەنگ و شارستانەتیی کۆنی یۆنان دەخوێنیتەوە، بە شێوەیەکی وەها وێنای دەکەن وەک بڵێی هەمیشە بەشێکی دانەبڕاو بووبێت لە فەرهەنگی ڕۆژاوا. ئەمە هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنی شارستانەتییەک بە شێوەیەکی ڕابوردووبینانە (Retrospectively) و هێشتنەوەی وەک پێناسەیەکی سەهۆڵگرتوو (بەستوو)، بۆ ئەوەی ماوەیەکی دوورودرێژ کەڵکی لێ وەربگیرێت وەک بەڵگەیەکی تێکەڵاویی یۆنان و ئەوروپایش. سەرچاوەکانی ئەمڕۆی ڕۆژاوا وێنەیەکی خەیاڵکردی کۆمەڵگەی ئەسینای کۆن دروست دەکەن: فەیلەسووفانی ڕۆژاواشێوەی وەک ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەرسی ژیری و حیکمەت بە خەڵک دەڵێنەوە لەو جێگایەدا کە دێمۆکراسی لە دایک بووە و شێوەژیانێکی ئەوروپایی و ڕۆژاوایی لە هەموو شوێنێک دەبینرێت، دوور لە فەرهەنگ و شێوەژیانی ئاسیایی و ئەفریقایی. بێرنال، کە پشت بە نووسەرانی ئەو سەردەمەی یۆنان دەبەستێت، زۆر بەوردی و بە نموونە ئەوە دەچەسپێنێت کە ئەسینای ئەو دەمە زۆر تێکەڵاویی لەگەڵ فەرهەنگی ئەفریقا و گەلانی سامی، عەرەب و جوولەکە، هەبووە. تەنانەت یۆنان کۆڵۆنیی میسر بووە. بازرگان و مامۆستایانی فینیقی و جوولەکە کاریان کردووەتە سەر شەکڵپێدانی فەرهەنگ و شارستانەتیی ئەسینای کۆن.

ڕەخنەی ئیدوارد سەعید لە تێزەکەی هەنتینگتۆن تەنیا ناوەڕۆکەکەی ناگرێتەوە، بەڵکە پەل ڕادەکێشێت بۆ مێتۆدی نووسینەکە و شێوەی داڕشتنیشی. هەنتینگتۆن بێ ئەوەی خۆی بەوەوە ماندوو

بکات کە تێزەکەی لەسەر تیۆری و لێکۆڵینەوەی زانستی بنیات بنێت، هەندێ سەرچاوەی دەستی دووەم و سێیەمی ڕۆژنامەگەریی دیماگۆگییانەی بە کار بردووە، کە هەموویشیان، بۆ نموونە وتارەکەی بێرنارد لیویس، هەر پێشەکی پشتگیریی تێزی ناکۆکیی نێوان دوو جیهان و دوو شارستانەتی دەکەن. ئەم شێوە هەڵبژاردنەی سەرچاوە خۆی هەڵوێستگرییەکە نیازی نووسینەکە دەردەخات. لیویس زۆر بەئاسانی لەبارەی لە ملیاردێ زیاتر موسڵمانەوە دەڵێ: ڕقیان لە مۆدێرنیتیی ڕۆژاوایە، وەک بڵێی ملیاردێ مرۆڤ تاکەکەسێک بن و شارستانەتیی ڕۆژاوایش، بە هەموو ئاڵۆزییەکانیەوە، ڕستەیەکی سادە بێت. ئەو کە پێناسەکانی خۆی بەو جۆرە دادەڕێژێ، ئەم هۆیانە دەکاتە بەڵگە: <> ئیسلام هەرگیز تازە (مۆدێرن) نەبووەتەوە؛ <> هەرگیز مزگەوت و دەوڵەتی لە یەکتر جیا نەکردووەتەوە؛ <> توانستی ئەوەی نەبووە لە شارستانەتییەکانی دیکە بگات. هەنتینگتۆن تەنانەت گوێ بەو بەڵگانەی لیویسیش نادات. لای ئەم ئیسلام و کۆنفوشیانیزم و پێنج شەش شارستانەتییەکانی تر (هیندوو، جاپانی، سلاڤی ـ ئۆرتۆدۆکسی، ئەمەریکای لاتینی و ئەفریقا) لە یەک دابڕاون و لەگەڵ یەکدی ناکۆکن و دەبێ ئەو ناکۆکییە بە کار بهێنرێت، نەک چارەسەر بکرێت. ئەو کە دەنووسێت، مودیر (بەڕێوەبەر)ی قەیرانەکانە نەک خوێندکاری شارستانەتی و ئاشتکەرەوەیان. هەنتینگتۆن نەخشەیەکی سادە و ساکاری دنیا دەکێشێت و دەیداتە دەست سوپاسالار و قانووندانەرانەوە، بۆ ئەوەی دەستبەکار بن، بۆ درێژەپێدان و قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان.

بە بۆچوونی هەنتینگتۆن شەڕی سارد ئەمڕۆیش و سبەینێیش بەردەوام دەبێت، بەڵام لە گەوهەردا شەڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی نابێت، بەڵکە شەڕی ئیدیۆلۆگی دەبێت. شەڕێک دەبێت لە چەند بەرەیەکدا و دژی کۆمەڵێ سیستێمی جددی و بنەڕەتیی نرخ و ئامانج (وەک ئیسلام و کۆنفوشیانیزم) کە بۆ ئەوە خەبات دەکەن بەسەر ڕۆژاوادا سەردەست و زاڵ بن. لەبەر ئەوە هیچ سەیریش نییە کە ئەنجامگریی نووسینەکەی هەنتینگتۆن دەبێتە کورتەباسێکی ئەوەی کە ڕۆژاوا دەبێ چی بکات بۆ ئەوەی خۆی بە بەهێزی بمێنێتەوە و دوژمنە دیارەکانی بە بێهێزی و پارچەپارچەیی بهێڵێتەوە: (دەبێ «سوود لە جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتانی کۆنفوشی و ئیسلامی وەربگرێت؛ ... پشتگریی گرۆی دیکەی شارستانەتی بکات، ئەوانەی کە لایەنگری نرخ و بەرژەوەندەکانی ڕۆژاوان؛ ... ئەو



## ئیدوارد سەعید

دەستگا نێونەتەوەییانەی کە ڕەنگدانەوەی نرخ و بەرژەوەندەکانی ڕۆژاوان و ڕەوایەتییان پێ دەدەن بەهێز بکات و... هانی دەوڵەتانی ناڕۆژاوا بدات کە لەو دەستگایانەدا بەشداری بکەن»).

زمان و لۆگیک لە کردار و ئیدیۆلۆگیی کۆڵۆنیالیستان و داگیرکەراندا نەخشێکی گرنگ و بنەڕەتانەی هەیە؛ لە ڕابوردوودا وەها بووە و ئەمڕۆیش هەر وایە. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە و تا کۆتاییی ئەو سەدەیە، لە شەڕی داگیرکردنی ناوچە چۆڵەکانی ئەفریقادا، فرانسا، بریتانیا، ئەڵمانیا و بەلژیکا نەک تەنیا هێز بەڵکە زمانیش بە کار دەبەن و پەنا دەبەنە بەر تیۆری و ڕەوانبێژی بۆ پاساودانی تالان و داگیرکاری. لە هەمووی سەیرتر چەمکی (پەیامی شارستاناندن Civilizing mission) ـە کە فرانسییەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد. بڕوایەکی بنەڕەتیی ئەم چەمکە ئەو بیرەیە کە دەڵێ: هەندێ ڕەگەز و فەرهەنگ ئامانجی بەرزتریان لە هەندێکی تر هەیە، ئەمەیش، لەبەر ئەوە، ماف دەداتە ئەوانەی زۆرتر بەهێز و زۆرتر شارستانی و زۆرتر گەشەکردوون کە ئەوانی دی داگیر بکەن، نەک بە ناوی هێزی فیزیکی یا تاڵانی ئاشکراوە، کە هەردوویشیان بە کار هێنراون، بەڵکە بە ناوی ئامانجێکی پاک و شەریفانەوە.

پێناسەکردنی دیاردە و چەمک و بیروباوەڕ و پێکهاتە جۆربەجۆرەکان سەرەتایەکە بۆ دیاریکردنی هەڵوێست لە بارەیانەوە و ڕێنوێنێکیشە بۆ نەخشەکێشانی بیرێک یا تێزێک. ئیدوارد سەعید زۆر پێشتریش ڕەخنەیەکی توندی لە ڕووناکبیران و ئەکادێمیکارانی ڕۆژاوا گرتووە کە زۆر بەئاسانی وشەی ئیسلام دەکەنە ئامانجێک بۆ تیرە سیاسی و ئیدیۆلۆگییەکانیان. لە زنجیرە وتارێکدا لەسەر «وێنەکانی ڕووناکبیر» کە ساڵی ١٩٩٣ لە ڕادیۆی (BBC) ـەوە پێشکەشی کرد، سەعید باسی ئەوە دەکات کە چەند بەساکاری لە ئاخاوتەی گشتیدا دەگوترێت «ئینگلیز، عەرەبەکان، ئەفریقایی، ئەمەریکییەکان». هەر بەو پێیەیش باسی جیهانی ئیسلامی دەکرێت ــ یەک میلیارد مرۆڤ و دەرزەنێک کۆمەڵگەی جیاواز و نیودەرزەن زمانی سەرەکی کە بە هەموویانەوە بە سێیەکی گۆی زەویدا بڵاو بوونەتەوە ــ، کەچی ئەکادێمیک و ڕووناکبیرانی ئەمەریکی و بریتانی، سووکبینانە و نابەرپرسیارانە باسی شتێک دەکەن کە ناوی «ئیسلام» ـە. بە بەکارهێنانی ئەم تاکەوشەیە، سەعید دەڵێت، وا دیارە ئیسلام بە بابەتێکی ئاسان و سادە دادەنێن کە دەکرێ لەبارەیەوە گشتاندنی گەورەی وا بکرێت کە هەزاروپێنجسەد ساڵ مێژووی موسڵمانەتی بگرێتەوە، هەروەهایش دەکرێ بێشەرمانە داوەری پێشکەش بکرێت سەبارەت پێکەوە گونجانی ئیسلام و دێمۆکراسی، ئیسلام و مافی مرۆڤ و ئیسلام و پێشکەوتن. ئیدوارد سەعید هەر لەو وتارەیدا، کە پاشان ساڵی ١٩٩٤ وەک کتێب بڵاوی کردۆتەوە، ناوی کۆمەڵێ نووسینی خۆی دەبات، لەوانیشدا پێشتر ئەو باوەڕەی خۆی پێشکەش کردووە، کە ڕەنگە ناودارترینیان (ڕۆژهەڵاتناسی Orientalism ) و (ناساندنی/پێشکەشکردنی ئیسلام Covering Islam) بن.

ئەگەر ئێمە بە دوای تیشک و ڕەنگدانەوەی بیر و تێز و بۆچوون و ئیدیۆلۆگییەکانی دنیادا لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بگەڕێین، زۆرجار بە دەستی چۆڵ و هۆڵەوە دەگەڕێینەوە. هۆکار زۆرن، ئەگەر بمانەوێ پاساو بۆ ئەو حاڵەتی مەیین و لەجووڵەکەوتنەی بیر و فەلسەفە بدۆزینەوە. تەنانەت ئەو کەمە هاوپرسەکییانەیش کە ڕەنگە جاروبارێ لە ڕاگەیاندنی تێروتەسەل بەڵام پووچ و بێکاکڵی کوردستاندا دەورووژێنرێن، بە پلەی یەکەم خۆیان بە زاراوە گشتییەکان و ناکۆکییە ئیدیۆلۆگییە سیاسییەکانەوە، بەپێی پێناسەی باو و قەبووڵکراوی دەستەڵات، خەریک دەکەن.

دەستگاکانی ڕاگەیاندن لە کوردستانی ئەم پانزدە ساڵەی ڕابوردوودا لە ڕووی سیاسەتی فەرهەنگی و پەروەردەی فکری و دەستەبەرکردنی ئازادیی بیر و دەربڕینەوە، هەر بەردەوامییەکی ئاوساو و خۆخەملاندووی ڕاگەیاندنی سەردەمی بزووتنەوەی چەکداری و خەباتی شاخن. ئەو دوو جەمسەرییەی لە شاخ هەبوو، بە هەموو ڕەنگدانەوە سیاسی و ئیدیۆلۆگی و فەرهەنگییەکانیەوە، ئەمڕۆیش وەک خۆی

ماوەتەوە، لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە کارکردی خراپ و زیانبەخشی ئەمڕۆی لە هیی ئەو سەردەمە زۆر زیاتر و قووڵترە. جاران، کە هێزە سیاسییە چەکدارەکان لە شاخ بوون، ڕووبەری کارکردیان لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە زۆر سنووردار بوو. بەڵام ئەمڕۆ، بە هۆی پێشکەوتنی یەکجار خێرای تەکنیکی زانیارییەوە، زۆر بەئاسانی دەستیان و دەنگیان دەگاتە ملیۆنان مرۆڤی کورد. هۆکارێکی بەهێزتری ئەو کارکردە ئەوەیە کە ئەمڕۆ هێزە سیاسییەکان دەستەڵاتی سیاسی و ئابووری و کارگێڕی و دیپلۆماسیی کوردستانیان بە دەستەوەیە. تەفسیرێکی سادەی ئەم دەستەڵاتەیش ئەوەیە کە کلیلی ژیان و گوزەرانی گەل بەوانە. هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئیدوارد سەعید لەبارەی فەرهەنگی ڕەسمییەوە باسیان دەکات، نموونەی هاوێنە و هاوشێوەیان لە کوردستاندا ڕوون و ئاشکرا دیارە. ئەگەر فەرهەنگی نارەسمی، دژەفەرهەنگ، لە ڕۆژاوادا بوارێکی پەراوێزشێوەی بۆ خۆڕانان و خۆدەربڕین دەست کەوتبێت، ئەو پەراوێزە لە کوردستاندا هێندە تەسک و باریک کراوەتەوە کە دەبێ زۆر وریایانە بە دوایدا بگەڕێی تا شۆپێکیت لێ وە گیر بکەوێت.

گۆڕانە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردستان، وەک زۆر جێگەی دیکەی دنیا، هێندە خێرا و بەپەلە ڕوو دەدەن کە زۆر ئاسان نییە دوویان بکەویت و لە چوارچێوەی مێژووکردی خۆیاندا دایانبنێیت. ئەوەی پانزدە ساڵ لەمەوبەر بە خەونیش بیرمان لێ نەدەکردەوە، ئێستا کاری کردۆتە سەر تەنانەت ناوچە هەرە دواکەوتووەکانی کوردستان. لە ڕووی تەکنیکییەوە دەتوانین ئەمە ئاسان بە دی بکەین و سەرنج بدەین، بەڵام بە لێوردبوونەوەیەکی ڕاستگۆیانە تۆ دەزانی ئەمە دیاردەیەکی ڕووکەش و دەستکردە، هیچ پێوەندیی بە پێشکەوتنی هۆش و ئاوەزی مرۆڤی کوردەوە نییە و نەبووەتە هۆی فراوانبوونی ڕووبەری ئازادییەکانی کۆمەڵ و تاکەکەس. گەشەکردنێکی سروشتی و مێژووکرد دەیتوانی دوو لایەنی گرنگ لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی کوردستاندا بچەسپێنێت: سیستێمێکی سیاسیی دێمۆکرات و فەرهەنگێکی ئازاد (لەم ڕووەوە ڕاگەیاندنێکی ئازاد و بەرنامەیەکی نیشتمانپەروەرانە و زانستییانەی پەروەردە دەیانتوانی گۆڕانی قووڵ لەو کۆمەڵگەیەدا بە دی بهێنن). شتێک کە مایەی پرسیار و ڕامانە ئەوەیە کە بۆچی دەستەڵات و تاکەکەسەکانیش دەتوانن هەر زۆر خێرا لەگەڵ تازەترین ئامێر و کەرەستەکانی تەکنیک ڕابێن و فێری بەکارهێنانیان بن، ئەی چۆنە کە ناتوانن فێری بنەماکانی دێمۆکراسی و ئازادیی دەربڕین و بیرکردنەوەی لیبرال بن و لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بیانخەنە گەڕ؟

لە چوارچێوەی ئەم گۆڕانە خێرا و کاریگەرەدا، گۆڕانێکی گەورە لە شێوەی پێشکەشکردن و داڕشتنی پێناسەکاندا ڕووی داوە. ئەگەرچی دەکرێ بڵێین نزیکەی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەبارەی بەشی هەرەزۆری پێناسەکانەوە کۆکن، بەڵام ئاشکرایە کە ئەم یەکبیرییە بەرهەمی لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی سیاسی و عەقڵی و فکری نییە و لە ئەنجامی گوتوبێژێکی ڕووناکبیرانەی ئاشکرا و ئازاددا نەهاتووەتە ئاراوە، بەڵکە هەڵوێستێکی هەلپەرستانەیە کە ناکرێ تەنانەت بە پراگماتیسمیش ناودێر بکرێت. سەرتاسەری پێناسە سیاسی و ئیدیۆلۆگییەکان ئەوانەن کە کۆلکە نووسەر و ڕۆژنامەوان و ڕووناکبیر و کۆلکە سیاسەتمەدار لە بازاڕی ئیدیۆلۆگیی ڕەسمیی ڕۆژاواوە وەریاندەگرن، بەڵام بەزۆری لە ڕێگەی دەستی دووەم و سێیەمەوە. قاموسی پێناسەکان تەنیا بۆ تێگەیشتنی مەسەلەکانی ئەمڕۆ بە کار نابرێت، بەڵکە دەکرێتە سەرچاوەیەک بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوەی ڕابوردوویش، واتە داڕشتنەوەی مێژوو، یا پێداچوونەوەی مێژوو. هەندێ پێناسەیش هەن کە بەرهەمی خۆماڵین و پێویستیی بازاڕی سیاسیی ناوخۆ بەرهەمی هێناون. ئەمانەیش، وەک پێناسە هاوردەکان، ڕەنگدانەوەی هەڵوێستێکی هەلپەرستانەن، لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە ئەم بەشە تەنیا خەڵکانی بازاڕی ڕەسمیی سیاسی و فەرهەنگیی کورد بە کاری دەهێنن و مەرج نییە لە دەرەوەی کوردستان کەس بایەخی پێ بدات یا بە هێندی وەربگرێت.

پێناسەکان بە شێوەی جیاواز هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت. بەشێکیان ئەوانەن کە وەردەگیرێن و قەبووڵ دەکرێن بێ ئەوەی گومانێکیان لێ بکرێت یا هەر نەبێ بخرێنە ژێر پرسیارەوە: تێرۆریزم، عەولەمە، پرۆژەی دێمۆکراتاندنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، فوندامێنتالیزم. بەشێکیش ئەوانەن یا جێگۆڕکێیان پێ کراوە؛ بۆ نموونە کۆنەپەرستی و پێشکەوتنخوازی، یا هەر بە جارێک لە کار خراون و چیی دی لە چوارچێوەی باسە ئیدیۆلۆگی و سیاسییەکاندا جێگەیان پێ نادرێت؛ بۆ نموونە ئیمپەریالیزم یا ناکۆکیی چینایەتی.

سێکولاریزم یەکێکە لەو پێناسانەی کە تا ڕادەی ئەتککردن سووکایەتیی پێ دەکرێت، نەک هەر لە کوردستاندا، بگرە لە بەشێکی یەکجار فراوانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا. ئەم زاراوەیە، ئەم پێناسەیە تەنیا یەکلایەنە تەفسیر دەکرێت، بە واتای دژایەتیکردن و تەنانەت قەدەغەکردن و لەناوبردنی دین، کە بە ڕادەی یەکەم مەبەست ئیسلامە نەک دینەکانی تر. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هەر ئەم زاراوەیە لە ڕۆژاوا مەعنایەکی دیکەی جیاوازی هەیە و بەو پێیەیش لە پراکتیکدا دەرئەنجامی جیاوازی هەیە. بەڵام بە هۆی دەستەڵاتی سیاسی و فەرهەنگیی ڕۆژاواوە (بەتایبەت ئەمەریکا) لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بەو شێوە یەکلایەنەی باس کرا، دەخرێتە گەڕ.

ئەو گوتوبێژە گەرمانەی لە ڕۆژاوا دەکرێن لەسەر بابەت و ڕووداوە فکری و سیاسییەکان، بە هیچ جۆرێک لە میدیای کوردیدا، تەنانەت بە شێوەیەکی تەماوییش بە دی ناکرێن. ئەگەر جاروبار باسێکیان بهێنرێتە ئاراوە ئەوا تەنیا بۆچوون و بینینی لایەنی هەرە کۆنسێرڤاتیڤە کە پێشکەش دەکرێت و بە خوێنەری کورد دەناسێنرێت؛ بۆ نموونە دەستەڵاتدارانی ئەمەریکا. دەنا کامە ڕاگەیاندنی کوردی تەنانەت نیو لاپەڕەیش بە بیریارانی وەک نوام چۆمسکی یا ئیدوارد سەعید ڕەوا دەبینێت...؟


بابەتێکی وەک تێزەکەی هەنتینگتۆن و وەرامەکەی سەعید شتێک نییە کە ڕۆژنامەی کوردی بیەوێ بیخاتە بەر دەستی خوێنەرانی، چونکە ئەمە لەگەڵ بەرژەوەندی دەستەڵاتدارانی کوردستاندا ڕێک ناکەوێت. من دڵنیام ئەمەریکییەکان هەرگیز بە دەستەڵاتدارانی کوردیان نەوتووە ئەو جۆرە باوەڕ و دەنگانە دەمکوت بکەن و نەخەڵەتێن بهێڵن باسی ئێمە بە خراپە بکرێت. ئەوە ئەوان خۆیانن هێندە دڵسۆزی ڕۆژاوان، لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان، بیری پەرچدانەوەی تیۆریستەکانی ئیمپەریالیزمی ئەمەریکی نەک هەر بە نووکی قەڵەم یا زمانی خەڵکدا نابێ بێت، ناکرێ بە دڵی کەسیشدا ڕاببوورێت.

ڕەنگدانەوەیەکی باوەڕەکانی کەسانی وەک هەنتینگتۆن و بێرنارد لیویس و فەرید زەکەرییا بە شێوەیەکی زۆر کاڵەوەبوو، وەک نوێترین و ڕاستترین بەرهەمی فکریی ڕۆژاوا لە ڕاگەیاندنی کوردستاندا پێشکەش دەکرێن، بێ ئەوەی بوار بدرێ خوێنەر بیر و تێزە دژەکانیش بناسێت و بیانخوێنێتەوە. چەمک و بۆچوونەکانی ئەو نووسەرە کۆنسێرڤاتیڤانە تەنانەت بێ ناسینی بناغە تیۆری و ئیدیۆلۆگییەکانیان دەبنە ڕێنوێنی دەیان وتاری بێپێز و بێناوەڕۆک لە چاپەمەنیی کوردستاندا. ڕۆژنامەنووس و نووسەری مووچەخۆری دامەزراو لە هەوڵی ئەوەدایە برەو بەو ئاخاوتەیە بدات کە لەگەڵ سیاسەتی باو و سەردەستی دەستەڵاتی کوردی و دەستەڵاتی ئەمەریکادا دەگونجێت. ئەم ئاخاوتەیە هەموو ڕاستی و نرخە چاکەکان لە کرداری دەستەڵاتی ئەمەریکاییدا دەبینێت و پێی وایە دژایەتیکردنیشی دەبێتە هاوواتای تێرۆریزم.

ئەوەی دژی ئەمەریکا ڕاوەستێت مەرج نییە تێرۆریست بێت و ناکرێ هەروا بە ئاسانی مۆری تێرۆریسمی پێوە بنرێت. لە بەرەی دژی ئیمپەریالیزمی ئەمەریکیدا هەزاران تێکۆشەری پاک و بێگەرد و ئازادیخواز و ملیۆنان خەڵکی چەوساوە و ستەمدیتوو هەن. بێگومان لەناو کەسانی دژ بە ئەمەریکادا کەسانی تێرۆریستیش هەن کە بە مەبەستێکی نامرۆڤانە دژی ڕاوەستاون، بەڵام تەنیا دژایەتیکردنی ئەمەریکا نابێتە بەڵگەی تێرۆریستی. ئەوجا کێ ئەم بەڵگەی بێگەردی و فریشتەسرشتییەی داوە بە ئەمەریکا؟ مێژووی سیاسی و عەسکەریی ئەمەریکا لە دوای جەنگی گێتیگری دووەمەوە مێژووی خوێنڕێژی و تێرۆریزم و تالان و داگیرکردنە (ڤێتنام، کەمبۆچیا، ئەمەریکای لاتین، ئێرانی موسەددەق و مەهاباد، تورکیای جەنەراڵەکان و هتد) پێش ئەوەیش مێژوویەکە بە خوێنی ملیۆنان سوورپێستی دانیشتووی ڕەسەنی ئەو سەرزەوییە و بە خوێنی سەدان هەزار کۆیلەی ڕەشی ئەفریقایی و هەزاران زەردپێستی ژاپانی و کۆریایی سوورە.

ڕاگەیاندنی کوردی تەنانەت تاوانەکانی ئەمەریکایش دەشارێتەوە لە ترسی ئەوەی نەوەک سەرۆک بوش دڵی لە هاوپەیمانە کوردەکانی بڕەنجێت. ئەم ڕاگەیاندنە کە دەنگوباسیش دەگێڕێتەوە ڕێک ئەو گێڕانەوەیە پێشکەش دەکات کە لاساییکردنەوەیەکی ساویلکەی ئاخاوتەی ئەمەریکای ڕەسمییە. سەربازێکی ئەمەریکی و کچەکەی هاوڕێی (لیندی ئینگلاند) زۆر دڕندانە و بێشەرمانە کۆمەڵێ زیندانیی عیراقی ڕووت دەکەنەوە، ئەشکەنجەیان دەدەن و هەموو سووکایەتییەکی نامرۆڤانەیان پێ دەکەن و وێنەکانیان بڵاو دەکەنەوە. ئەم دەنگوباسە لە ئەمەریکا دەبێتە کەتنێکی وا کە خۆیشیان ناتوانن بیشارنەوە. ڕید برۆدی، ڕۆژنامەوان، ئەو کردارە نامرۆڤانەیە مەحکووم دەکات. سەیموور هیرش ئاشکرا و ڕیسوای دەکات و ئەوە جەخت دەکات کە ئەمە ڕووداوێکی تاک و تەنیا نییە، بەڵکە بەپێی ڕێنوێنیی فەرماندەرانی سەرووتر ئەنجام دراوە. بەڵام ڕاگەیاندنی کوردی یەک وشەی ڕاستی لەم بارەیەوە نادرکێنێت.

جولیانا سگرینا، ڕۆژنامەنووسێکی خەڵکی ئیتالیایە و تێرۆریستان لە عیراق گرتوویانە. دوای دانوستاندنێکی ژێربەژێر ڕۆژی ٤ی مارتی ٢٠٠٥ ئازاد دەکرێت. لەو کاتەدا کە بەرەو ناوشاری بەغدا دەچن، سەربازانی ئەمەریکی دەستڕێژیان لێ دەکەن؛ پاسەوانەکەی ئەو خانمە، نێوی



## ئیدوارد سەعید

نیکۆلا کالیپاری بوو، دەکوژرێت. ڕاگەیاندنی کوردستان دیسان یەک وشەی ڕاست چییە دەرنابڕێت. سەیر ئەوەیە کاتێ سگرینا گەیشتەوە ئیتالیا و بە برینداری و لاوازی لە فڕۆکەکە دابەزی، ڕۆژنامەکانی کوردستان وێنەکەیان وا بڵاو کردەوە کە بە سەلامەتی و خۆشی گەیشتەوە وڵاتی خۆی، بێ ئەوەی پاشخانی چیرۆکەکەی باس بکەن. ئەم هەڵوێستە ترسنۆک و هەلپەرستانە و دوورلەڕەوشتەی ڕاگەیاندنی کوردی لە مەسەلەی هەڵخلیسکان و کەوتنی فیدل کاسترۆ و نەخۆشکەوتن و کۆچکردنی یاسر عەرەفاتیشدا دووبارە دەبێتەوە.

ئەم بیرکردنەوەیە و ئەم بۆچوونە ئاخاوتە (دیسکۆرس)یەکی هەلپەرستە کە خۆی بە دروشمی ڕۆژانەی بازاڕیدا هەڵدەواسێت و تەنیا ئەوەی بەلاوە مەبەستە چۆن لە بازاڕی ڕۆژدا خۆی بباتە پێشەوە، لەسەر حیسابی نرخەکانی ڕەوشت و پاکی و ڕاستگۆیی و داد و مرۆڤایەتی. ئەنجامی ئەم سیاسەتی ڕاگەیاندنە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی داخراو و لەرزۆک و ڕاستینەناسی وەک یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و هەموو ڕێژیمە تۆتالیتارەکانە.

پەتای دژایەتیکردنی عەرەب و ئیسلام تا ئەو ڕادەیە تەشەنەی کردووە کە دەبێ بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە، واتە ڕەگەزپەرستی، ناودێر بکرێ. ئەم باوەڕە نامۆ و نامرۆڤانەیە کاردانەوەی ئەو زۆرداری و چەوساندنەوەیە نییە کە لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی عیراقەوە بە شێوەیەکی سیستێماتیک پیادە دەکرێت، چونکە لە سەردەمی کارەساتە گەورەکاندا هیچ کاتێک باوەڕی وەها پەیدا نەبوون، بەڵام ئێستا کە پانزدە ساڵیشە ئێمە پێوەندییەکمان بەو ڕێژیمەوە نەماوە و دەستەڵاتێکی لە کوردستاندا نەبووە،

باوەڕی ڕەشی وا سەر هەڵدەدات. سەرنجڕاکێش ئەوەیە هەڵگرانی ئەم باوەڕانە هەر بەوەوە ناوەستێن کە ڕێژیمی ڕەگەزپەرست و فاشیستی بەعس تاوانبار بکەن، بەڵکە هەڵوێست و هەڵسەنگاندنەکانیان بە شێوەیەکی (ڕێترۆئاکتیڤ) دەبەنە دواوە بۆ تاوانبارکردنی هەموو مێژووی ئیسلام، بێگومان مەبەستی یەکەم و بنەڕەتیشیان هەر ئەمەیە. لەناو هەر ئەم نووسەرانە خۆیاندا کەسانێک هەن کە تا دە دوانزدە ساڵ لەمەوپێش دڵگەرمترین دەهۆڵکوتی برایەتیی گەلان و بیری کۆسمۆپۆلیتانەی نێونەتەوەیی بوون، کە بەشی کورد تێیدا تەنیا خزمەتکاری و نۆکەری و چاولەدەستی بوو. ترکزەی ئەم باوەڕانە هەر ئەوە نییە کە ئەمڕۆ مێشکی نەوەیەکی تازەپێگەیشتوو و ناشارەزای فەرهەنگی کوردەواری و ڕۆژهەڵاتی تێک دەدەن و بەم باوەڕە بۆگەن و دژەمرۆڤانەیە دەیئاخنن، بەڵکە ئەو کارکردە خەتەرناکەیە کە لە لایێکەوە هەوڵ دەدات ڕابوردوو بشێوێنێت و بەپێی بۆچوونی ڕەگەزپەرستانەی خۆی بینووسێتەوە و وێنای بکات، هەروەها دەیەوێ ڕێگەی دواڕۆژیش بەم شێوەیە خۆش بکات بۆ ئەوەی ئەو دواڕۆژەیش بەم ڕەشاوە ڕەنگڕێژ بکرێت. ئەم باوەڕانە ئەگەر هەروا بەردەوام بن، بێگومان دەبنە گەرای پرۆگرامێکی سیاسیی دڕندە و ڕەگەزپەرستانەی کوردستانی، کە هەر کاتێ دەستەڵاتی بکەوێتە دەست سیستێمێکی فاشیستی بە هەموو دەستگا سەربازی و فەرهەنگی و ئابوورییەکانیەوە دادەمەزرێنێت. ئێمە لەم ڕووەوە نموونەیەکی زۆر ئاشکرامان لە پێش چاودایە کە دەبێ زۆر لەوە بترسین نەوەک لە کوردستانیشدا دووبارە ببێتەوە و کۆپی بکرێت؛ مەبەستم نموونەی فاشیزمی تورکیایە. لەوێیش دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی، ڕێک وەک ئەمڕۆی کوردستان، بیروباوەڕی ئەنتیعەرەبیزم و ئەنتیئیسلامیزم، گەڕانەوە بۆ ڕابوردوویەکی درۆینە و دەستهەڵبەست (Fabricated)، لەپاڵ خۆهەڵواسین بە هەموو فەرهەنگ و سیاسەت و شارستانیی ڕۆژاوادا، بوو بە گەرای ئەو فاشیزمەی کە هەشتا ساڵە وەک سەرەتانێک لە ناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵتۆقیوە. فاشیزمی تورکی نەک هەر بوو بە دەستکەلایەک بە دەست ئیمپەریالیزمی ئەمەریکی و ناتۆ و سەرمایەداریی ئەوروپاوە، بەڵکە کرایە پۆلیسێکی خوێنڕێژ و بەر درایە گیانی گەلانی تورکیا و لەپێش هەموویشیانەوە

گەلی کورد. کرایە پاسەوانی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوا بەرانبەر بلۆکی سۆڤیەت و پەیمانی وارشۆ و بەرەی سۆسیالیست و کۆمونیست و دواتریش دژی ئیسلام و سەرهەڵدانی بیروباوەڕی بووژاندنەوەی ئیسلامی. هەر وەک چۆن لە تورکیای دوای داتەپینی دەوڵەتی عوسمانیدا هێزی دەرەکی ڕۆڵێکی یەکجار بنەڕەتی و کاریگەریان هەبوو لە دامەزرانی تورکیای تازەی مۆدێرندا و لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی فاشیزمی تورکیدا و لە ڕەنگڕێژکردنی سەرلەبەری ئیدیۆلۆگی و فەرهەنگ و دەستگا جۆربەجۆرەکانی دەوڵەتی تورکیای تازەدا، ئەمڕۆیش لە کوردستاندا هەر ئەو ڕۆژاوایەیە کە لە هەموو بوارە فکری و فەرهەنگی و سیاسی و دیپلۆماسییەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت. ئەم پرۆژە ئیمپەریالیستییە ڕەگەزپەرستانەیە ئەگەر سەر بکەوێت، ئەنجامەکەی ڕێک ئەوە دەبێت کە بەسەر نەتەوەی تورکدا هات. کوردستانیش دەبێتە داردەستێکی بێنرخی ڕۆژاوا و دەبێتە پێگەیەک بۆ هێزە سەربازی و فەرهەنگی و ئابوورییەکانی ڕۆژاوا، بێ ئەوەی کورد خۆی هیچی بەر بکەوێت یا ڕێگەی بدرێت پرۆژە و پرۆگرامەکانی بەپێی بەرژەوەندی نەتەوایەتیی خۆی دابڕێژێت و جێبەجێ بکات. فەرهەنگی هەزاران ساڵەی کورد لەناو دەبرێت و کورد دەبێتە نەتەوەیەکی بێفەرهەنگی بێناسنامەی وەک ئەمڕۆی خەڵکی تورکیا؛ نە ئەوەیە وەک نەتەوەیەکی ڕۆژهەڵاتی بمێنێتەوە، نە ئەوەیشە ببێتە ئەوروپایی. کوردیش، وەک تورک، دەبێتە ئەو مەلەی ویستی لاسایی ڕەوتی کەو بکاتەوە، بەڵام ئەوەیان فێر نەبوو و ڕەوتەکەی خۆیشی لە بیر چووەوە. کە دەڵێم بێفەرهەنگ و بێناسنامە، مەبەستم ئەوە نییە لەو وڵاتەدا فەرهەنگ نییە. هەیە، بەڵام ئەو فەرهەنگە ڕەسمییە فەرهەنگێک نییە هیی خۆی بێت و بە شێوەیەکی سروشتی گەشەی کردبێت و گەیشتبێتە ئەو پلەیە و ڕەگوڕیشەی لە قووڵایی مێژووی نەتەوەدا ڕۆچووبێت و گرانی و پتەویی خۆی لە نرخە ڕۆحی و مرۆڤایەتییەکانی ئەو نەتەوەیەوە هەڵێنجێنێت. فەرهەنگێکی ساختە و دەستکرد و دروستکراوە. تورکی ئەمڕۆ، گەلانی تورکیا بە گشتی، وەک ئەو ئەکتەرەوان کە لە فیلمێکدا یا شانۆگەرییەکدا ڕۆڵێک دەبینێت، دەبێتە پادشا، دەبێتە وەزیر و گزیر، دەبێتە سواڵکەر، دەبێتە جەنگاوەر یا هەر شتێکی دیکە. بەڵام ئەگەر بیری لێ بکەیتەوە دەزانیت ئەوەی دەیبینی مرۆڤە ڕاستەقینەکە خۆی نییە، ئەوەی دەیکات و دەیڵێت کەسایەتیی ڕاستەقینەی ئەو نییە. کابرای ئەکتەر دوای تەواوبوونی فیلمەکە یا شانۆگەرییەکە دەچێتەوە سەر دۆخ و بارەکەی خۆی و کەسایەتییەکەی خۆی وەردەگرێتەوە، بەڵام نەتەوەی تورک و تا ڕادەیەکی زۆریش هەموو گەلانی ناو سنووری تورکیا، دیارە بە کوردیشەوە، واز لەو ڕۆڵەی دراوە پێیان، ناهێنن. کێشەکە ئەوەیە کە ئەوان ئەو نەخشەی لە فیلم و شانۆگەریی ڕۆژاواییدا سپێردراوە پێیان لایان بووە بە ڕاستی و وازی لێ ناهێنن و تازەیش ناتوانن ببنەوە مرۆڤەکەی جاران، ناتوانن کەسایەتیی جارانی خۆیان وەربگرنەوە.

لای زۆربەی مرۆڤی سادەی کورد و تەنانەت خوێنەر و ڕووناکبیرانیش، دەزووە باریکەکانی ئەم داوە شەیتانکردە پێچپێچە دیار نین و بە چاو نابینرێن. مرۆڤی کورد کە سەدان ساڵە تووشی دڕندەترین چەوسانەوە و زوڵم و زۆر هاتووە و وڵاتەکەی تاڵان و خاپوور کراوە، تاکە تروسکەیەکی ڕووناکیی بەرچاو بکەوێت شاگەشکە دەبێت و پێی وایە فریشتەی چرابەدەستە و هاتووە ڕزگاری بکات، تەنانەت ئەگەر ئەمە دزی چرابەدەست بێت و هاتبێت بۆ تاڵانکردنی ماڵەکەی و ئەتککردنی خۆی و هەرچییەکی هەیە.

ئایا هەلومەجی دنیای ئەمڕۆیش هەر وەک سەرەتای سەدەی ڕابوردووە؟ جێگای دڵخۆشییە کە ڕۆژاوا ئەو قەوارە بەهێز و یەکگرتووە نییە، گەلانی ڕۆژهەڵاتیش لە جاران هۆشیارترن، ئەگەرچی لە ڕووی سیاسی و ڕێکخستنەوە لە ئەوپەڕی داهێزران و پەرتەوازەییدان. ئیمپەریالیزم ئەگەرچی بە ڕوواڵەت لە لووتکەی هێز و دەستڕۆیشتندایە، بەڵام هاوکات نیشانەی داتەپین و ڕووخانیشی لێرە و لەوێ دەردەکەوێت. جاران بە هۆی سیستێمێکی زۆردار و سەرکوتکەر و پاوانخوازی وەک یەکێتیی سۆڤیێتەوە زۆر لە عەیبەکانی ڕۆژاوا داپۆشرابوون، بەڵام ئەمڕۆ ناوەڕۆکی ڕەش و نامرۆڤانەی سەرمایەداری و ئیمپەریالیزم زیاتر دەکەوێتە بەرچاو.

کاتێ مرۆڤ لە ئاخاوتەی سیاسی و فەرهەنگیی کورد، لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە، ورد دەبێتەوە وا هەست دەکات کوردستان بەشێکە لە فەرهەنگ و شارستانەتیی ڕۆژاوا و ئەندامێکی گەورەی ناتۆیە. ئەم خۆساغکردنەوەیەی کورد، دیارە هەر بە خەیاڵ، ئەگەرنا هیچ پێگەیەکی فکری و ئابووری و سیاسیی نییە، بە لایەکەی دیکەیشیدا کە دژایەتیکردنی هەموو فەرهەنگ و شارستانەتییەکانی دیکەیە، یا هەر نەبێ بە شێوەی خۆتێنەگەیاندن، هەر ئاشکرایە. ئاخاوتەی کوردی، وەک ئاخاوتەی ئەمەریکایی، بە چاوێکی سووکەوە دەڕوانێتە فەرهەنگ و شارستانەتییەکانی ڕۆژهەڵات و ئافریقا. لەناو سەدان هەزار لاپەڕەی چاپەمەنی و سەدان هەزار سەعاتی پەخشکردنی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی کوردیدا، دوو لاپەڕەت بەرچاو ناکەوێت و دوو سەعاتت بەر گوێ ناکەوێت کە بۆ شارستانەتی و فەرهەنگی چین و ژاپان، عەرەب و هیندستان یا ئێران و ئافریقا (و ڕەنگە ئەمەریکای لاتینیش) تەرخان کرابێت، بەڵام تازەترین دەنگوباسی ڕۆژاوا، نەک تەنیا سیاسی و فەرهەنگی، بگرە شەخسی و تایبەتیش (پێوەندیی جۆرج و لاورا بوش، یا شووکردنی ژنێکی ئێرانی بە یۆشکا فیشەر) دەچێتە ناو هەموو ماڵەکانی کوردستانەوە.

ئێمە لە کاتێکدا هەڵوێست بەرانبەر سیاسەتی هێرشبەرانەی ئەمەریکا و ڕۆژاوا وەردەگرین زۆر گرنگە دوو ڕاستی جەخت بکرێن و بۆ مرۆڤی کورد و بەتایبەت بۆ ڕووناکبیران و خەڵکانی دەستگاکانی ڕاگەیاندن ڕوون بکرێنەوە: <> دژایەتیی سیاسەتی ڕۆژاوا هەرگیز نابێ وەک دژایەتیی گەلانی ڕۆژاوا یا ڕەدکردنەوەی سەرلەبەری فەرهەنگ و شارستانەتیی ڕۆژاوا لێک بدرێتەوە چونکە هەم دانیشتووانی ڕۆژاوا و هەم شارستانەتی وفەرهەنگەکەیشی جۆرێ تێکەڵاوی و مۆزاییکن و ناکرێ وەک یەکەیەکی هاوچەشن تەماشا بکرێن و دووەمیش <> هەڵوێستی تێگەیشتن و هاودەردی لەگەڵ شارستانەتی و فەرهەنگەکانی دیکەی دنیا نابێ بە هیچ جۆرێک وەک پشتیوانیی دەستەڵاتە سیاسی و سەربازییە دیکتاتۆر و ڕەگەزپەرست و گەندەڵەکان، یا وەک قەبووڵکردنی بەشە بۆگەن و نائینسانی و شۆڤینیست و دواکەوتووەکانی ئەو شارستانەتی و فەرهەنگانە لێک بدرێتەوە. ئەم هەڵاواردن و ڕوونییە بنەڕەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی ئاخاوتەی کوردی ببێتە بەشێک لە ئاخاوتەیەکی سەرتاسەری و گێتیگری وا کە نرخ و دەستکەوتە مێژوویی و فەرهەنگی و هونەری و ئەخلاقییەکانی مرۆڤایەتی بکاتە پرۆژە و ڕێنوێنی خۆی و بۆ ئەوەی نەبێتە ئاخاوتەیەکی تەسکبیرانە و ڕەگەزپەرستانە و دواکەوتوو.

# چەند سەرنجێك لەسەر ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ئەحمەد ئەسکەندەری

هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ڕاپەڕینی شارەکانی کوردستانەوە تایبەتمەندییەک دەرکەوت کە وەبیرهێنەرەوەی ڕۆژەکانی ڕاپەڕینی گەورەی ١٩٧٨–١٩٧٩ بوو لە دژی ڕژێمی شا لە ئێران. خۆپێشاندانی جەماوەری، کۆڕ و کۆبوونەوە، شیعر و وتارخوێندنەوە، ڕێپێوان و سەفەری بە کۆمەڵ لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر بۆ دەربڕینی هاوخەمی و هاوخەباتی لەگەڵ کەسوکار و بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان. ئەمانەن بیرەوەرییەکانی ئێمە لەو ڕۆژە مێژووییانە.

سەرنجڕاکێشترین بەشی ئەم سەرهەڵدانە، هاودەنگی و بە پشتیوانی یەکترەوەهاتنی یەک لە دوای یەکی شارەکانی کوردستانە بە شێوەیەکی زۆر دیار و بەرچاو. لوتکەی ئەم خەباتە مانگرتنی سەرتاسەری ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژ ٢٠٠٥/٨/٧ بوو کە لە هەموو جیهاندا دەنگی دایەوە و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشانی دا کە بەباشی دەزانن کەڵک لە شێوەی هێمنانەی خەبات و نافەرمانیی مەدەنی وەربگرن. سەرەڕای توندوتیژیی ڕژێم بەرانبەر بە لاوان و تێکۆشەرانی شارەکان و کوژرانی ژمارەیەک لە ڕۆڵەکانیان، خەڵکی کوردستان سەلماندیان لەکاتێکدا کە نایانەوێت شەڕ و توندوتیژی بگرنە پێش، تەسلیمی داگیرکەران و کۆنەپەرستانیش نابن.

دیاردەی هاوخەباتیی شارەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتر وەبیرهێنەرەوەی ڕۆژەکانی سەختی خەباتی دژ بە ڕژێمی پاشایەتییە کە هەرکات شارێک شەهیدی دەدا، بە هەزاران کەس لە شارەکانی دیکەوە دەچوون بۆ بەشداریی ڕێوڕەسمی ناشتن و هەروەها دەربڕینی هاوسەنگەری و هاوخەباتیی خۆیان. یەکەم کۆبوونەوەی لەم چەشنە بەهاری ساڵی ١٩٧٨ لە مەهاباد و لە کاتی ناشتنی تەرمی عەزیزی یوسفی خەباتکاری لە مێژینە و زیندانی سیاسیی چەندین ساڵە بوو، کە بەداخەوە چەند ڕۆژ پاش ئازادبوونی و لە ئەنجامی نەخۆشی و دژواریی زیندان گیانی لە دەست دابوو. وتاری هەردەم لەبیرماوی بەڕێز مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی و کەشوهەوای شۆڕشگێڕانە و هاودەنگیی جەماوەری بەشدار لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە تایبەتمەندی ئەم یەکەم کۆبوونەوەی گەورەی سەرەتای دەستپێکردنی ڕاپەڕینی دژ بە ڕژێمی شا بوو لە کوردستان.

## کوژران و سووکایەتیکردن بە شەهید شوانە

وەک هەمووان ئاگاداری سەرهەڵدانەکەی ئەمجارە بەوە دەست پێکرد کە ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/٩ شوانەی سەید قادر لە مەهاباد کوژرا و تەرمەکەی سووکایەتی پێکرا. خەڵکی شارەکانی کوردستان دەستیاندایە خەباتێکی هێمنانە بۆ پشتگیری لە خواستە ڕەواکەیان و بۆ بەرجەستەکردنی بارودۆخی کوردستان و ئەو ستەمەی کە بەرانبەر گەلی کورد دەکرێت.

نە کوشتنی لاوانی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دیاردەیەکی نوێیە، نە سووکایەتیکردن بە تەرمی شەهیدانی کوردستان، بەڵام چەند لایەنێکی ئەو ڕووداوە تایبەتمەندییەکەمان بۆ دەردەخات؛ ئەو توندوتیژییەی هێزە چەکدارەکان لە بەرانبەر شوانە و پاشان خۆپێشاندەرانی شاری مەهاباد و سەرجەم شارەکاندا نواندیان بە شێوەیەکی بەرچاو و دڕندانە دژی ئینسانی بوو. تەنانەت لە هێندێک لە شارەکان، بۆ نموونە لە شاری سەقز، بەئاشکرا دەستوپێوەندەکانی ڕژێم کاری وایانکرد کە زەمینەی هێرشی توند بۆ سەر خۆپێشاندەران و تەقەکردن خۆش بکات. (سووتاندنی مزگەوتی حوسەینییەی شیعەکان) سووکایەتیکردن بە تەرمی شوانە، نەک هەر تاوانکارییەک بوو بەرانبەر بە گەلی کورد، بەڵکو وەبیرهێنەرەوەی کاری لەو چەشنە بووە کە پێشتریش زۆرجاران لەلایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە کرابوو. دیکتاتۆرەکان لە زۆر شوێنی دونیا بە تەرمی پیرۆزی شۆڕشگێڕان و خەباتکارانێک کە خۆشەویستی خەڵک بوون سووکایەتییان کردووە و بەم چەشنە جگە لەوەی کە ڕواڵەتی دژی ئینسانی خۆیانیان زیاتر دەرخستووە، ڕق و تووڕەیی کۆمەڵانی خەڵکیشیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە.

## بارودۆخ و زەمینەی ڕووداوەکان

لە سەروبەندی ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییەدا ناوچەکە هێندێک گۆڕانکاری بە خۆوە دیبوو و هەروەهاش ئاڵوگۆڕەکانی پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام کەشوهەوایەکی تازەیان هێنابووە ئاراوە. بە هۆی نزیکی و هاتوچۆی زۆر و لە ڕێگای دەستگاکانی ڕەگەیاندنەوە باری سەقامگیری باشووری کوردستان کاردانەوەیەکی زۆری لەسەر کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو، هێوربوونەوەی بارگرژی نێوان هێزە سیاسییە سەرەکییەکان، گەشەی ئابووری و سەرکەوتنی سیاسی، چالاکی و خەباتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی بزووتنەوەی ژنان، هەموو ئەمانە کاردانەوەی خۆیان لەسەر گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان هەبوو.

لە ئاستی ئێراندا بەرەی ناسراو بە ڕێفۆرمخواز تووشی شکست بووبوو و کۆنسێرڤاتیڤەکان بەسەر هەموو ناوەندە گرنگەکاندا زاڵ بووبوون و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا تەریک کەوتبووەوە. بەتایبەت سەبارەت بە وزەی ئەتۆمی و پیتاندنی ئورانیۆم فشارێکی زۆر کەوتبووە سەر دەسەڵاتدارانی تاران کە هێشتاش هەر بەردەوامە.

لە ئاکامی هەڵبژاردنەوەکەی ئەحمەدی نەژاد سەرەککۆماری نوێدا لە لایەکەوە بەرەی کۆنخواز هەموو سەرچاوەکانی هێز و دەسەڵاتی خۆی خستە گەڕ بۆ شکستهێنان بە لایەنی ڕێفۆرمخواز و تەنانەت بە کەسێکی ناودار و بە دەسەڵاتی وەکو هاشمی ڕەفسەنجانیش، لە لایەکی دیکەشەوە کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی

هەڵبژاردنەکەدا بەرەی کۆنخوازی توندڕەو ئەو دروشمانەیان هێنایە گۆڕ کە لە سەرەتای دامەزراندنی ڕژێمدا گوترابوو! واتە بەڵێن و وادەی بەشداریی «مستضعفین» لە دەسەڵاتدا و باشکردنی باری ژیانی بێبەشان و هەژاران. پاش ٢٦ ساڵ دەسەڵاتدارانی ئەم دروشمە چییە زیاتر لە ڕاگەیاندنی شکستێک بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرانبەر خەڵکدا؟

لەوەها بارودۆخێکدا بوو کە خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو لە کاتی هەڵبژاردنەکەدا بە کۆماری ئیسلامییان گوت: "نەء!"

بەپێی ئاماری ڕەسمی وەزارەتی ناوخۆی ئێران لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا (بەهاری ٢٠٠٥) ڕێژی بەشداری بەم شێوەیە بوو:

ئوستانی کوردستان ٢٤،٩٦٪، ئازربایجانی ڕۆژئاوا ٣٧،١٥٪، کرماشان ٥١،٢٠٪، ئیلام ٦٦،٧٦٪، هەروەها ئاکامی هەڵبژاردن لە چەند شارێک بەم شێوەیە بوو:

بۆکان ١١،٨٧٪، مەهاباد ١٥،١١٪، سەقز ١٥،٩٠٪، مەریوان ١٧،٩٨٪، سنە ٢٠،٢٨٪، ورمێ ٤١٪، کرماشان ٤٥،٥٤٪، با ئەوەش بزانین کە بەشێکی زۆری دەنگدەرانی ئەم شارانە کەسانی سەر بە دامودەستگاکانی ڕژێمن کە لە دەرەوەی کوردستانەوە هاتوون و یان داردەستەی خودی کۆماری ئیسلامین.

ئاشکرایە کە نەک هەر ئەحمەدی نەژاد، بەڵکو هیچ کام لە دەسەڵاتدارانی ئێران ناتوانن لەم ڕاستییە خۆ لا بدەن کە خەڵکی کوردستان ئەوانیان ڕەت کردووەتەوە. نە سەرەککۆمار بە هی خۆیان دەزانن نە هیچ کام لە کاربەدەستانی دیکە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش کە بۆچی ئەو هەموو توندوتیژییە بە کار هێنرا لەکاتێکدا کە لە لایەن خەڵکەوە جگە لە خۆپێشاندان و دەربڕینی هێمنانەی داواکارییەکان هیچ کارێکی دیکە نەکرابوو. خودی داواکارییەکانیش ئاساییترین داوای شارۆمەندان و هاووڵاتییان بوو کە تەنانەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا هێنانەمەیدانی ئەو خواستانە نابنە هۆی ئەو ڕێژەیە لە زەبروزەنگ و توندوتیژی:

ــ ئازادکردنی گیراوەکان،

ــ دادگاییکردنی بکوژانی شوانە و خۆپێشاندەرانی شارەکانی دیکە و هەروەها ئەو کەسانەی فەرمانی تەقەکردنیان دابوو،

ــ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شارەکانی کوردستان،

ــ ڕێزگرتن لە مافەکانی گەلی کورد.

ئەمە بوون خواستەکان و دروشمەکانی جەماوەری شارەکانی کوردستان، بەبێ ئەوەی پێشمەرگەیەک لەنێو خۆپێشاندەراندا بووبێت، بەبێ ئەوەی تەقەیەک کرابێت. لە بەرانبەر ئەمەدا بەپێی ئاماری ڕەسمی لەلایەن بەرپرسی دەستەی لێکۆڵینەوەی مەجلیسی شورای ئیسلامییەوە کە بۆ توێژینەوە نێردرابوونە مەهاباد و سنە، لە ئاکامی ئەو ڕووداوانەدا نزیکەی ٥٠٠ کەس گیران. ژمارەی کوژراوەکانیش لە ١٠ کەس تێپەڕ بوون.




**خۆپێشاندان لە بەرانبەر باڵیۆزخانەی ئێران لە لەندەن**

## کاربەدەستان چییان بە دەستەوەیە؟

بە لێکدانەوەی وتەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژەکانی پاش ئەم سەرهەڵدانانە و هەروەها بە بەراوردکردنی ئەوەی کە سەرەککۆماری تازە ئەزموونی ڕاستەوخۆی هەیە لە سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستاندا (ئەو کاتەی کە لە قەرارگای ڕەمەزان بەرپرس بوو، یان ئەو ماوەیەی کە ڕاوێژکاری ئوستاندار [پارێزگار] بوو لە شاری سنە)، بۆمان دەردەکەوێت کە خەریکی پلانێکن بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داواکارییەکانی گەلی کورد.

پەیتا پەیتا لەلایەن بەرپرسانەوە باس لە جیاوازیخوازی کوردەکان و لەتلەتکردنی وڵات کراوە. ئەحمەدی نەژاد تەنانەت بە چەند کوردێکی لایەنگری خۆیان لە مەجلیسی ئێرانی گوتبوو کە پێویست ناکات ئاڵوگۆڕەکانی کوردستانی عێراق و بوونە سەرەککۆماری جەلال تاڵەبانی بدەنەوە بە چاوی مندا! بەرپرسێکی دادگای باڵا لە ئازربایجانی ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی بێ وێنە ڕایگەیاند کە ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ڕژێم کوژراو و بریندار بوون. ئەمە لە کاتێکدا کە لە خۆپێشاندانەکانی شارەکاندا لەلایەن خەڵکەوە تەقە لە هیچ کەس نەکراوە. ئەگەر مەبەستیش تێکهەڵچوون لەگەڵ پێشمەرگە بوو بێت ئەوا لە سەرجەمی تەقە و پێکدادان لە ناوچەکانی سەر سنوور لە چەند مانگی ڕابردوودا تەنها سێ کەس کوژراون.

هاوکات دوو تێکۆشەری کورد ئیسماعیل محەمەدی و محەمەد پێنجوێنی لە سەرەتای مانگی سێپتامبردا لە زیندانی ورمێ لە کاتێکدا ئیعدام کران کە زیاتر لە دوو ساڵ بوو لە زینداندا بوون.

ئا لەم هەلومەرجەدا بەم هەڵوێست و بۆچوونەوە و بەو هەموو تاوانەوە کە لە کوردستان کردوویانە، لە تاران هاوکات خەریکی کۆبوونەوەن بۆ ئەوەی بزانن بە یارمەتی "پسپۆڕانی کورد" بە واتای خۆیان "چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد بدۆزنەوە"! ئەمە سەیر نییە لە کاتێکدا هێشتا ژمارەیەکی زۆر خۆپێشاندەرانی شارەکانی کوردستان لە زیندان دان و هێشتاش کاربەدەستان تەنانەت ئاکامی سەفەر و لێکۆڵینەوەی نوێنەرانی خۆیان بۆ کوردستان بڵاو نەکردۆتەوە بۆ ئەوەی بزانن شوانە لەسەر چی کوژرا و ڕەوتی ڕووداوەکان بۆ بەو ئاراستەوە چوو، کەسانێک زۆر بە خۆشییەوە و وەک ئەوەی " نە بای هاتبێت و نا باران" بۆ خۆیان و لە ژێر چاوەدێری هەمان ئەو کەسانەدا کە فەرمانی کوشتوبڕی خەڵکی کوردستانیان دەرکردووە، کۆبوونەوە دەکەن و بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەگەڕێن. ئەی شوانە و ئەو کەسانەی لە خۆپێشاندانەکاندا بە بێ هیچ تاوانێک کوژران، ئەی ئەوانەی ئیعدام کران، ئەی ئەو هەموو زیندانییانە، ئایا کورد گوتەنی هەمووی وەک بەفرەکەی پارەکە بڕۆن؟

ڕاستە ئێستا بەداخەوە بەرەیەک، ناوەندێک یان نوێنەرایەتییەکی یەکگرتوو بۆ بەرەوپێشبردنی خواستەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئارادا نییە و بە داخەوە هێزە سیاسییەکان نەیانتوانیوە لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەش کۆ ببنەوە، بەڵام هێشتا بەو حاڵەش ئەگەر کەسانێک هەر بە هۆی نیشتەجێبوون لە تاران و نزیکبوون لە دەسەڵات بکەونە ئەو چەشنە جموجووڵانە ئەوا ناتوانن زۆر بڕۆن. هیچ چارەسەرێک بە بێ پێداگرتن لەسەر مافە ڕەواکانی گەلی



بەشێك لە خۆپێشاندەران لە بەرانبەر باڵیۆزخانەی ئێران لە لەندەن / فۆتۆ: مەڵبەند

کورد و لانیکەم لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە لەم مانگانەی دواییدا کراون گونجاو نییە.
کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوا بیستوشەش ساڵە خەڵکی کوردستان تەفرە ئەدات. پاش بەڕێوەچوونی یەکەم خولی وتووێژی ڕەسمی لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەت لە ساڵی ١٩٨٠ دا و پاش خۆگرتنەوەی ئەرتەش و سپا لە کوردستان، گوتیان ئێمە بە مەبەستی گەمارۆدان ناردوومانە بۆ گفتوگۆ، خۆ هەموو دونیایش ئاگادارە کە چۆن بە ناوی "چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستان" داویان دانا بۆ دوکتۆر قاسملو و هاوڕێکانی لە ڤییەننا و لەسەر مێزی گفتوگۆ کوشتنیان. بەپێی زانیاری بەنی سەدر، یەکەم سەرەککۆماری ئێران کە ئێستا لە پاریس نیشتەجێیە، سەرەککۆماری تازەی کۆماری ئیسلامی واتە ئەحمەدی نەژاد لە ناو ئەو تۆڕەدا بووە کە ساڵی ١٩٨٩ گەڵاڵەی تێرۆری دوکتۆر قاسملوی داناوە.

## شێوەی تازەی خەبات و هاتنە مەیدانی خەڵك

لە ئاکامی گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا خەڵک هەوڵیان داوە لە هەموو شێوەکانی خەبات کەڵک وەر بگرن و لە هەمان کاتیشدا لە خواستە بنچینەییەکانی خۆیان پاشگەز نەبنەوە. پاش کوژران و سوکایەتیکردن بە شوانە، خەڵک هاتنە مایدان و نەیان هێشت ئەو کارە دزێوەی هێزی داگیرکار کە لە ڕاستیدا سووکایەتیکردن بوو نەک هەر بە تەرمێک و بە بنەماڵەیەک بەڵکو بە میللەتێک، هەروا بە ئاسانی تێپەڕ ببێت. ڕێکخراوی مەدەنی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ، مافی ژنان، مافی کرێکاران و مافی منداڵان بە شێوەیەکی زۆر بەرجەستە بوونە ناوەندێک بۆ کۆبوونەوەی خەڵک و دەربڕینی ئاشکرای نارەزاییەکان.
بەهۆی چالاکبوونی ئەم ڕێکخراوانەوە پێشتر کۆڕ و کۆبوونەوە بە بۆنەی یادکردنەوەی جاڕنامەی مافی مرۆڤ، ڕۆژی یەکی ئایار، ڕۆژی ژنان، ڕۆژی جیهانی منداڵ ( کە هەفتەی ڕابردوو لە شاری سنە بە شێوەی ڕێپێوان، وتارخوێندنەوە و خۆپیشاندان بەڕێوەچوو) و هتد بەڕێوە چووە و جەماوەرێکی زۆریان لە دەوری خۆیان کۆ کردۆتەوە. نافەرمانی مەدەنی لە کوردستان – کە چەندین ساڵ پێشتر وەکو ڕەوتێکی خەباتی کۆمەڵایەتی کەڵکی لێ وەرگیرابوو – دیسانەوە بووەتە بەرنامەی ڕۆژی جەماوەر.
لە بەرەی سیاسیدا لە ناوخۆی ئێران، چەند ساڵێک بوو کە لایەنگرانی کوردی خاتەمی و ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی ئێران دەیانەویست بە خەڵک بسەلمێنن کە گوایە ڕەوتی چاکسازیخواز لایەنگری بەڕەسمی ناسینی مافەکانی گەلی کوردە و هەر بۆیە نەک هەر لەو هەشت ساڵەی دەسەڵاتی خاتەمی بەڵکو تەنانەت لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی سەرەککۆماریشدا زۆریان هەوڵدا بۆ ڕاکێشانی دەنگدەرانی کورد بۆ سەر سندووقەکان. وەڵامی دەنگدەران زۆر ڕوون بوو: هیچ کام لە باڵەکانی کۆماری ئیسلامی وەڵامدەرەوەی خواستە ڕەواکانی گەلی کورد نین و لە کاتی سەرکوتکردنی خەڵکدا هەردوو باڵەکە هاودەنگ بوون!
لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا باڵی ڕیفۆرمخواز و خودی خاتەمی قەت خۆی لە خواستەکانی خەڵکی کورد نزیک نەکردەوە و بگرە لە هەموو بۆنەیەکدا جەختی کردووە لە سەر ڕەوابوونی قانوونی ئەساسی و سیاسەتەکانی ڕژێم لە کوردستان.
خەڵک باش دەزانن کە لە ماوەی زیاد لە دە ساڵی ڕابردوودا ئیعدامی تێکۆشەرانی سیاسی تەنها لە کوردستان بەڕێوە چووە و لە دەرەوەی کوردستان ئەگەر حوکمی ئیعدامیش دەرچوو بێت بۆ زیندانیانی سیاسی، ئەوا حوکمەکە بەڕێوە نەچووە. ئایا خەڵکی کوردستان ناتوانن بڵێن کە ئەم شێوەیە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەباتگێڕانی کورد و بەو چەشنە تەقەکردن لە جەماوەری خۆپیشاندەر کە هێمنانە لە شارەکان خەریکی ڕێپێوان بوون، تەنها لە ڕژێمێکی داگیرکەر دەوەشێتەوە؟ ئایا ئەوەی کە نەرمترین داخوازی و هێمنانەترین شێوەی خەبات واتە ڕێپێوان و مانگرتنی گشتی بە توندترین شێوە وەڵامی دەدرێتەوە خۆی بەڵگەیەک نییە بۆ ئەم بۆچوونە؟
کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەیانەوێت چاو بەسەر ئەو ڕاستییانەدا بقووچێنن کە لە پەنای ئەوانەوە و لە باشووری کوردستان بارودۆخەکە ڕەوتێکی دیکەی گرتووە کە کاردانەوەی زۆریان لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان هەبووە و دەبێت: هەروەک نموونەیەک، لەوێ زمانی کوردی بووەتە زمانی ڕەسمی وڵات و لێرەش هێشتا هەر لەسەر مادەی پازدەی قانوون ئەساسی دەڕۆن کە هیچ مافێک بۆ گەلی کورد ناسەلمێنێت تەنها ئەوە نەبێت کە "کەڵک لە زمانە محەللی و قەومییەکان وەربگیرێت" کە ئەوەتا پاش ٢٦ ساڵ هێشتا هەر "کەڵکی" لێ وەرنەگیراوە!
هەرچەند کە هێندێک لایەنی سەر بە بەرەی ڕیفۆرمخوازەکان لە ئێران زۆریان هەوڵدا داخوازییەکانی خەڵکی کورد لە چوارچێوەی قانوون ئەساسی ئێراندا بهێڵنەوە، بەڵام بەخۆشییەوە و بە تایبەت لەم ساڵ و مانگانەی دواییدا خەڵک نیشانیاندا کە ڕادەی داواکارییەکانیان وا نزم ناکەنەوە و ڕازی نابن بە قانوون ئەساسییەک کە تەنانەت لەناو خودی ڕژێمی ئێرانیشەوە دەنگی نارەزایی و داوای ئاڵوگۆڕکردن تێیدا بەرز بووەتەوە.

## ڕۆڵی هێزە سیاسییەکان و ڕەوەندی کوردی لە تاراوگە

زۆربەی هەڵسووڕاوانی سیاسی دەیسەلمێنن کە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە ڕووداوی خۆهەڵقوڵاو لەناو جەرگەی خەڵکەوە بوو. واتە بە پلان و بەرنامەی هیچکام لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان نەهاتە ئاراوە. چالاکانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی ناوەوەی وڵات – کە بێگومان ژمارەیەکیان لایەنگران و بگرە کەسانی نزیکی ئەم یان ئەو ڕێکخراوی سیاسی بوون – لە بەرامبەر ڕەوتی ڕووداوەکاندا توانیان بەباشی هەڵوێست بگرن و سەرهەڵدانەکان بەرەو ئاڕاستەیەک

ببەن کە زۆرترین دەسکەوت و کەمترین زەرەر و زیانی هەبێت بۆ خەڵک. گومان لەوەدا نییە کە ئەوانیش چاوەڕوانی ئەو وەڵامە توندە و ئەو شێوە نامرۆڤانەیان نەدەکرد لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە و لەوانەیە پێیان وا نەبووبێت کە بەو چەشنە تەقە لە خۆپیشاندانی هێمنانە بکرێت. بەڵام دیارە کۆماری ئیسلامی پلانێکی دیکەی هەبوو.
هەڵوێستی هێزە سیاسییەکان پاش دەستپێکردنی ڕاپەڕینەکە بریتی بوو لە ڕاگەیاندنی پەیتاپەیتا و ورد لە سەر ڕەوتی خۆپیشاندانەکان لە شارەکان. ئەوەی کە جێگای پرسیار بوو بڵاوکردنەوەی دەنگوباسەکان بوو بە ئیمزای هاوبەشی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدک)، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵەی ش.ز) لەگەڵ دوو لایەنی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە نە کەسیان لە کوردستان هەیە کە لانیکەم یەکێکیان ڕابردووی دۆستایەتییان لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا نەبووە و بەڵکو بە پێچەوانە پشتگیرییان لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە. خۆ ئەگەر ئیمزای ئەم چوار لایەنە لە سەر هەڵوێستێکی سیاسیی دیاریکراو بایە، ئەوا تێگەیشتن لە مەبەستەکە ئاسان دەبوو. بەڵام بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی هاوبەش لەلایەن دوو هێزی سیاسییەوە کە لە کوردستان خاوەنی ڕێکخستن و کەسانی هەڵسووڕاون و بنکەی دیاریکراوی کۆمەڵایەتییان هەیە لەگەڵ دوو هێز کە هیچکام لەوانەیان نییە هێندێک جێگای پرسیار بوو. گەلۆ داخوا دەبێت پێویستبوونی ئەو شێوە هاوکارییە لە چییەوە سەرچاوە بگرێت!
لە لایەکی دیکەوە بۆ نموونە یەک لەم ڕێکخراوانە واتە "چریکهای فدایی اکثریت" هاوکات کە ئەو بڵاوکراوە هاوبەشەیان لە سەر سایتەکەیان دادەنا، لەپەنای ئەوەدا هەڵوێستی ڕەسمی خۆیان لە سەر بزووتنەوەی کوردستان و داواکارییەکانی دەنووسی کە لانیکەم زۆر نزیکایەتییەکی زۆری نەبوو لەگەڵ حدک و کۆمەڵەی ش.ز.
کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش (کۆمەڵە حکا) لە لای خۆیەوە گەنگوباسەکانی بڵاو دەکردەوە و زۆری پێ نەچوو داوای مانگرتنی گشتی هێنایە گۆڕ لە سەرانسەری کوردستان. ئەم بانگەوازە کە بۆ ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژ واتە ٧ی مانگی هەشتی ٢٠٠٥ ڕاگەیەندرا بوو بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە پێشوازی لێ کرا و ئەم ڕۆژە چووە ناو مێژووی خەباتی جەماوەری کوردستانەوە. حدک لە سەر ئەم مانگرتنە بە تەواوی بێدەنگییەکی پرسیارهێنەری گرتە پێش. لە لایەن حیزبێکەوە کە خۆی بە گەورەترین ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێت، ئەمە جێگای پرسیار بوو کە چۆن بێدەنگە لە سەر پرسێک کە گەلی کورد بە شێوەیەکی سەرانسەری پشتگیری لێ کرد و جگە لەوەش کاردانەوەیەکی زۆری هەبوو بۆ دەرەوەی کوردستان. کۆمەڵەی ش.ز لە بڵاوکراوەیەکی زۆر چاوەڕواننەکراودا ئەوەی ڕەتکردەوە کە بە ناوی کۆمەڵەوە داوای مانگرتن کرابێت، بەڵام ئێوارەی ١٦ی گەلاوێژ ڕێکخراوی مەهابادیان سەرکەوتووبوونی مانگرتنەکەی ڕاگەیاند! پژاک و چەندین لایەنێکی دیکە پشتگیری خۆیان لە مانگرتنەکە ڕاگەیاند. لەم نێوەدا یەک دوو ڕێکخراوی چەپی ئێرانی پشتگیرییان کرد لە مانگرتنەکە؛ بەڵام سەیر ئەوەیە کە ئەوانە نەک هەر بزووتنەوەی کوردستان بە کۆنەپەرست و دواکەوتوو دادەنێن بەڵکو هیچ دیاردەیەکی کوردستانیان قبووڵ نییە و بە دەستکردی ناسیۆنالیستی پاشکەوتووی کوردی دەزانن. خەڵکی کوردستان لەو بەناو پشتگیریکردنە زۆریش بێزارن لەبەرئەوەی مەبەست پروپاگەندەی حیزبی بوو تا پشتگیریکردن لە بزووتنەوەیەکی دیاریکراو.
ڕەوەندی کوردی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر بە گەرموگوڕی بەشداری خۆپیشاندانەکانیان دەکرد، جگە لە یەک دوو خۆپیشاندانی هاوئاهەنگ نەیانتوانی بە شێوەیەکی یەکدەنگ و یەکگرتوو لە وڵاتانی دەرەوە چالاک بن. بە داخەوە ئەو یەکپارچەییەی خەباتی خەڵکی کوردستان نەیتوانی لە دەرەوە هاوتایەکی هەبێت و هێز و تواناکان بە پرژوبڵاوی مانەوە و کاردانەوەیەکی زۆریان نەبوو. دیارە حیزبەکان هەر کامە و بە پێی توانای خۆی هەوڵی دا دەنگوباسەکان بڵاوبکاتەوە و بەڵام بە تایبەت بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی باشووری کوردستان چاوەڕوانییەکی زۆر هەبوو کە یەکگرتوویی لانیکەم لە دەرەوەی وڵات بگونجێت.
لەنێو لایەنگرانی هێزە سیاسییەکاندا هەر چەشنە هاوکارییەک گرێ دراوە بە هەڵوێست و ڕێککەوتنی حیزبەکەیان لە وڵات. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا نەدەکرا - ئایا ناکرێت - ناوەندێک یان ڕێکخراوێک یان بەرەیەک لە تێکۆشەرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵات پێک بێت بۆ هاوکاریکردن لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا و بۆ ئامانجێکی دیاریکراو؟ بە بڕوای من ئەوە دەگونجاو ئێستاش هەر دەکرێت چەند خاڵێکی سەرەکی دیاری بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە چوارچێوەیەک کە هەموو ئەو کەسانە لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە کە ئەو خاڵانەیان لا پەسەندە.


## لە کۆتاییشدا گلەییەك

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوەڕوانی پشتیوانی و پشتگیری بوون هەم لە لایەن ئازادیخوازانی ئێرانی و هەمیش... لە لایەن هەموو گەلی کوردەوە لە سەرانسەری کوردستان.
لە ئاستی ئێراندا بەرەی ڕاست داوامان لێ دەکەن سوێند بخۆین بە تەواوەتی خاکی ئێران و بەوەی کە جیاوازیخواز نین. بە لای ئەوانەوە ئەمە فیتی بێگانەیە دەنا ئەو ستەمە کە لە مەهاباد و سەقز و سنە دەچێت هەر هەمان ستەمیش لە شارەکانی دیکەی ئێرانیش دەچێت! بەرەی چەپ و ناوەڕاستیش، یەک دوو ڕیزپەڕی لێ دەرچێت، دڵیان خۆشە بەم بزووتنەوەیە لەبەرئەوەی سەرەتایەک بێت بۆ شۆڕش لە هەموو ئێران و بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی .
هەڵبەت هەر سەرهەڵدانێک کە بتوانێت هەنگاوێک کۆماری ئیسلامی لە ڕووخان نزیک بکاتەوە، زۆر باشە و پێویستە پشتگیری تەواوی لێ بکرێت. بەڵام ڕژێمی ئێران لە کوردستانەوە ناڕووخێندرێت و پێویستی بە ڕاپەڕینی جەماوەری لە تاران و ناوەندە گرنگە ئابووری، پیشەسازی و سیاسییەکان هەیە.
لەم بزووتنەوە جەماوەرییە گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جێگای پشتیوانی گەرموگوڕی کۆمەڵانی بەشەکانی دیکەی کوردستان زۆر خاڵی بووە.
هەر بەڕاستی لە خۆمان دەپرسین بۆ لە شارە گەورەکانی کوردستان، هەر لە سلێمانی و هەولێر و دهۆکەوە بگرە هەتا قامیشلی و دیاربەکر، بە هەزاران کەس نەهاتنە سەر شەقام بۆ ناڕەزاییدەربڕین بەرامبەر بە ڕژێمی ئێران و هاوخەباتی بۆ ئەم بەشەی کوردستان. نووسەران، شاعیران و هونەرمەندان زۆر کەم دەنگیان هەبوو. خوێندکاران، مامۆستایان، کرێکاران و باقی توێژەکان چالاک نەبوون. چاوەڕێ بووین نووسەران و تێکۆشەرانی بواری یەکسانیخوازی و بزووتنەوەی ژنان کە هاوکات خەباتکاری ئازادی و دیموکراسیشن، زۆر زیاتر لەوە بێنە پێشەوە.
لە بواری بەرژەوەندی میللەتی کورددا هێندێک پرەنسیپ و سەرەتا هەن کە پێویست بوو هێزە سیاسییەکان و هەروەها هەردوو ئیدارەی حکوومەتی هەرێم ڕەچاوی بکەن و بە هیچ بیانوویەکی دیپلۆماتیک و بەبێ هیچ پارێزەیەک نەدەبوو بخرێنە ژێر پێ.
پشتگیرکردن لەم بزووتنەوەیە هەم ئەرکی سەرشانی هەموو تێکۆشەرانی کوردستان و هەم یارمەتیدان بە دۆزی کورد بەگشتی و پێشخستنی بیری ئازادیخوازی. پێشکەوتنی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات ڕاستەوخۆ یاریدەدەرە بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا لە باشووری کوردستانیش و هەروەها لە بەشەکانی دیکەش. زۆر بەداخەوە لە خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانە لە دەرەوەی وڵات ژمارەی بەشداربووانی بەشەکانی دیکەی کوردستان زۆر کەم بوو.
بە ڕەچاوکردنی ڕۆڵی هاوخەباتی و هێزوەرگرتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە یەکتر، گومان لەوەدا نییە کە هەبوونی پشتیوانێکی بەهێز، لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، دەبێتە فشارێک لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران و بارودۆخەکە بۆ بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئاسانتر دەکات.

پاییزی ٢٠٠٥

# دیپلۆماسیەت و پەیوەندییەکانی تورکیا، لە ناتۆوە تا کۆتایی سەدەی بیستەم

## بەشی یەکەم



سەریەست کەرکووکی

### سەرەتایەك:

لەپاش دووەم شەڕی جیهان و پاکسازیکردنی هەموو ئەوروپا لە هێزی نازییەکان و پاشماوەی فاشیەکان، هێڵێکی دووروودرێژی جوگرافیی و ئایدیۆلۆژیی، سەرەتا ئەوروپا و پاشانیش هەر هەموو ناوچەکانی دونیای دابەش کردە سەر دوو ئۆردووگا.

ئەو دابەشکردنە، کە بە ناوی ئایدیۆلۆژیا و بنەماکانی ئازادیی مرۆڤ و دیموکراتیی کۆمەڵگانەوە ناوزەد کرا و سەرتۆپی هۆشی ڕۆشنبیرانی دونیای گرتبوو، لەڕاستیدا لە دابەشکردنی دەسەڵاتی ئابووری - ئیستعماری زیاتر هیچی تر نەبوو.

ئەم دابەشکردنە، دوو ئۆردووگای زلهێزی چاوسووری بۆ مرۆڤایەتی دروست کرد. دوو ئۆردووگا؛ ئەمیان خۆی بە سپی و ئەوی تری بە ڕەش دەزانی، لایەنەکەی تریش خۆی بە خۆر دەچوواند و ئەوی تری بە شەوی تاریک و نوتەک وەسف دەکرد.

مەبەستی من لەم نووسینەدا ئەوە نییە کە شی بکەمەوە و بزانم کامیان کامە و کامیان بۆ من مەرامە، بەڵام دەبێت ئەوەندە بڵێم، ئەو پێشبڕکێ فراوانە، بێپایانە، نالۆژیکییەی، ئەو دوو زلهێزە بۆ جیهانیان نایەوە، جگە لەوەی بووە هۆی لەناوچوونی ملیۆنان سڤیلی بێتاوان، وێرانکردنی سەدان شارۆچکە و گوند، جگە لەوەی نزیکەی نیوسەدە دوو ئەژدیهای حەوتسەریان لەسەر کانی و سەرچاوەی ئاوی ژیانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و ئاشتی و ئاسوودەیی گەلان دانابوو، تۆوی هەژاری و نەخۆشی و برسێتیی لە سەرتاسەری قوڕنە و گۆشەکانی دنیا داچاندبوو و ڕەوڕەوی پێشکەوتنی یەکسانیی مرۆڤایەتیشی بۆ نیوسەدە دواخستبوو.

شەڕی ڕەمزیی قۆچقۆچێنی ئەم دوو زلهێزە، ئەمریکا و سۆڤیەت، گەیشتە ئەو ڕادە و سنوورەی کە بۆ بچووککردنەوە و ملکەچکردن و تۆقاندنی گەلانی بێ دەسەڵات، سەرزەوی بە بچووک بزانن و پێشبڕکێی چەک و موشەک و دەسەڵاتی سەربازی و وێرانکردن بگەیێننە ئاسمان و ئەستێرەکان. لە هەموو ئەو پرۆسە درێژانەشدا، لە هەر قووژبنێکی دنیادا، هەردوو زلهێزەکە، ئیتر چ بە پارە و چ بە ناوی ئایدیۆلۆژیاوە بووبێت، نۆکەر و دەلاڵ و گزیر و شەڕکەری خۆیان هەبووە. بۆیە دەکرێت بڵێین کە شەڕی ئەو دوو زلهێزە، بە هەوڵ و تەقەلای ئەو نۆکەر و دەلاڵانە لە هەر گوند و لە هەر شارێکدا ئامادەیی خۆیان هەبووە! لە هەموو ئەو شوێنانەشدا جێپەنجەی ڕووخانی مادیی و کاولکاریی ڕۆحیی خۆیان بە جێهێشتووە.

خۆشبەختانە، لە دواسالانی جەنگی سارددا، هەندێک مرۆڤی حەکیمی وەکو گەرباچۆف حەقیقەتی بێواتایی ئەم جەنگەیان بینی، بەڕاشکاوی بۆیان دەرکەوت کە ئەم پێشبڕکێیە تا بەرز و فراوانتر بێتەوە، ئاکام و بەرئەنجامەکانی بچووک و بچووکتر و سفر دەبێتەوە، بۆیان دەرکەوت کە ئەو جەنگە ساردە، هەویرێکە نەک هەر هەموو خوێنی دونیای دەوێت و بەس، بەڵکو دنیا بەرەو قڕوقاتیی مادی و دواکەوتنی ڕۆحی و سووکایەتیکردن بەنرخی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەبات.

بۆیە سەرەتای خاوبوونەوە و تێفکرین، سەرەتای پاشگەزبوونەوەی حەکیمانە، لە گەرباچۆفەوە دەستی پێکرد. گەرباچۆف بوو وڵاتەکەی خۆی و ئەمریکاشی هێنایە سەر ئەو بەئاگاهێنانەوەیە، کە ئایا ئەم پێشبڕکێیە لە پای چییە؟ ئایا خوللەکانی ئەم پێشبڕکێی بێکۆتاییە، تا کەیە و کەی تەواو دەبێت؟ ئایا لەم جوغز و وێرانەیەدا، گەلانی هەژار و نەداری وەکو نامیبیا، ئەنگۆلا، ئەفغانسان و...هتد تاوانیان چییە و بۆچی و تا کەی دەبێت هەر ببنە سووتووی تێرنەخۆریی ئەم فڕنە خوێناوییە؟

بۆیە هەر لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشووەوە، چ وەکو هەوڵی مرۆڤانەی گەرباچۆڤ و چ وەکو کاریگەریی داسەپاوی ئەم فاکتەرە گەورانەی خوارەوە، دوو سوپەرهێز هێواش هێواش پاشگەزبوونەوە و وردە وردە کاژی گرژییان فڕێ دا و بە خشکەخشک بڕیاری ئەوەیان دا کە کێشەکان، بەتایبەتی کێشە خوێناوییەکانی گەلانی «دونیای سێیەم»، بە ڕێگەی گفتوگۆ و بە شێوازی ئاشتی، نەک بە لێکدان و شەڕ و کوشتار چارەسەر بکەن.

کارەسات و چەڵەمە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ناوەوە و دەرەوەی هەر دوو سوپەرهێزەکە، یەکێک بوون لەو فاکتەر گەورانە، ئەم خاڵانە هەر خۆبەخۆ هەوێنی مەجبوورکەری پاشەکشەکردنی سیاسەتی دەرەوەیان بوو، لەمەڕ چۆنێتیی چارەسەرکردنی کێشە و چەڵەمە نەتەوەیی و ناوچەییەکانی جیهان.

لەو سالانەدا کاریگەریی [یاسای مێژووی ئاسنین -THE LAW OF IRONIC HISTORY] کە لە داهێنانی سەناتۆرێکی ئەمریکایی بوو بە ناوی سەناتۆر موهینان (MOHINAN)، پاشای شەترەنجی سیاسەت و دیپلۆماسییەتی دونیا بوو.

بەپێی ئەم یاسایە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و بە سوپەرهێز بوون، حەتمیەتێکی مێژووییە کە لە دۆشداماویی

دەوڵەتی قەرزارەوە دەگوێزرێتەوە بۆ سەر مێزی دەوڵەتی قەرزدەر. واتە بە حیسابێکی تر، ئیتر باوی ئەوە نەماوە و مێژوویش بوار نادات کە ئاژاوەنانەوە لەم وڵات و لەو وڵاتدا بە ئەندازەی کاریگەریی هێزی ئابووری بتوانێت دەوڵەتی بەهێز و سوپەر دروست بکات.

بۆیە لە ساڵانی کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا سۆڤیەتی داشکاوی ئابووری، بەئاشکرا و ئەمریکاش بە خەجاڵەتەوە، وردە وردە خۆیان کێشایەوە



## کەمال ئەتاتورک

لەو شوێنانەی وەکو ئەفغانستان، نامیبیا، ئەنگۆلا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا. حەقیقەت ئەوە بوو کە لە سەرەتاکانی ساڵانی نەوەتەکاندا، نەک هەر سۆڤیەت کە باری ئابووری خۆی و هاوپەیمانەکانی، بە قوڕدا چووبوو و چارەسەرکردنی مەحاڵ بوو، بەڵکو ئەمریکاش چەڵەمە ئابوورییەکانی جوغزی هاوپەیوەندی و توانای دیپلۆماسیەتی بچووک کردبۆوە.

لە سەرەتای نەوەتەکاندا، ئەمریکا وەکو ڕاپۆرتە ئابوورییەکانی ئەو ساڵانە ئاشکرایان دەکرد، بە لایەنی کەمەوە، بەرەو ڕووی چارەسەرکردنی ئەم کێشە ئابوورییانە بووبووەوە:

١ـ نزیکەی ٣ ملیۆن کارمەندی لە بازاڕی بێکاریدا چاوەڕوانی دۆزینەوەی کار بوون!

٢ـ ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانەی خوارەوە پێویستی بەم بودجە خەیاڵیە هەبوو:


ئا. بۆ ئەوەی ئاستی پاشەکەوتی سندووقی زیانلێکەوتووان بەرز بکاتەوە، پێویستی بە ١٦٥ ملیار دۆلار هەبوو.

ب. بۆ ئەوەی لاری و کەمیی بودجەی بازرگانیی ساڵانە هاوسەنگ بکاتەوە، پێویستی بە ١٦٠ ملیار دۆلار هەبوو!

پ. بۆ ئەوەی پلانی چاککردنەوەی خانووە گەلییەکانی ولایەتەکانی ئەمریکا بخاتە گەڕ، پێویستی بە ١٧٠ ملیار دۆلار هەبوو!

ت. بۆ ئەوەی ئێستگە ئەتۆمییەکانی سەرتارسەری ئەمریکا چاک و نوێ بکاتەوە، پێویستی بە ٢٠٠ ملیار دۆلار هەبوو!

ح. بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی ئەیدز ١٥ ملیار، بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبان ١٥ ملیار و هەروەها بۆ ڕێگەگرتن لە باند و گرووپەکانی حەشیش و هێرۆیین، پێویستی بە ١٥ ملیار دۆلار هەبوو!




## سەناتۆر موهینان

بۆیە «جەیمس بەیکەر» وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمریکا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیی جیهانی ڕۆژنامەنووساندا گوتبووی: "لەڕاستیدا چەڵەمە ئابوورییەکانی وڵات، ڕێگە لەوە دەگرن کە جموجووڵێکی دیپلۆماسیی پڕ جووڵەمان هەبێت، بۆیە هەر دەتوانین داوای ئەوە بکەین کە وڵاتانی دونیا، سیستەمێکی لیبریالییانە بگرنە بەر و هەنگاوی بەرەو دیموکراتی هەڵبنێن..."

نموونەیەکی تر، هەر لەو کاتانەدا کە «لیخ ڤالیسا»ی پۆڵۆنی لە سەردانەکەی واشنتندا لە سەرۆکی ئەمریکی «جۆرج بوش»ی باوک، داوای ١٠ ملیار دۆلار کۆمەکی کردبوو بۆ دامەزراندنی سیسەتەمی نوێی دەوڵەتی پۆڵۆنیا، لە پاش ڕەزامەندیی کۆنگرێسی ئەمریکا، توانیبووی تەنیا ١٦٩ ملیۆن دۆلار بە پۆڵۆنیا ببەخشێت!

بە بۆچوونی زۆربەی لێکۆڵەرەوە ناسراوەکانی جیهانیی ڕۆژئاوا، ئەمریکا لەو ساڵانەدا: "زۆر هیلاکی پێشبڕکێی سەربازیی بووە لەگەڵ سۆڤیەتدا، ئەمریکای هیلاکی ئەو چەڵەمە ئابوورییانە" مەجبوور بووبوو: "لە چارەسەرکردنی کێشە ناوچەییەکانی جیهاندا وەکیل بۆ خۆی پەیدا بکات." بۆ ئەو وەکیلانە دەگەڕا کە دۆست یان هاوپەیمان یان گوێڕایەڵی بوون، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین؛ حوسنی موبارەک، بۆ کێشەی لوبنان؛ جامیعەی عەرەبی، بۆ ئەنگۆلا؛ مۆبۆتۆ، بۆ نیکاراگوا؛ ئەمریکای ناوەڕاست، ڕێکخراوەی دەوڵەتانی ئەمریکایی و، بۆ وڵاتانی قۆچی ئەفریقایی کەسی نادەوڵەتی و شارەزای وەکو «کارتەر» و بۆ ناوچەکانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست؛ دەوڵەتی تورکیای کردە موختار و وەکیلی خۆی!

بۆ شرۆڤەکردنی ئەو وەکالەتە، بۆ تێگەیشتن



## گەرباچۆڤ

لە حەقیقەتی نوێنەرانی تورکیا، هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی دیپلۆماسییانەی تورکیا لەو ناوچانەدا، بۆ چوونە ناو وردەکاری و هێڵەکانی پەیوەندی و چالاکییە دیپلۆماسییەکانی تورکیا، بۆ تێگەیشتن لەو گەمەیەی کە تورکیا لە چوارچێوەی گەمەی جەنگی سارددا بۆ بەرژەوەندیی خۆی یاری دەکرد. بۆ ئاشکراکردنی هەندێ لە شاراوە ئاشکراکانی بۆچوونەکانی تورکیا بەرانبەر بە کورد و ویستی کورد بەگشتی، چ لە پێش جەنگی سارد و چ لە پاش ئەویش، تا ساڵانی کۆتایی سەدەی ڕابوردوو بێ زەرەر نابێ، ئەم لێکۆڵینەوەیەتان پێشکەش بکەم:

### سەرنجێکی گشتی:

لە ساڵانی جەنگی سارددا، بەتایبەتیش لە پاش ساڵی ١٩٥٢ـەوە، سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و پەیوەندییەکانی دەوڵەتی کەمالیزم، چ وەکو ئەندامێکی ناتۆ و چ وەکو میراتگری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و چاو لە دووی ویستی دامەزراندنی دەوڵەتی تۆران، لەسەر ئەم بناغە سەرەکییانە دەمەزرێنرا بوون:

١ـ پەیوەندی پتەو و بەردەوام لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە ڕێگەی کەناڵی دامودەستگاکانی ناتۆوە.

٢ـ تێگەیشتنی ویست و ستراتیژەکانی سۆڤیەت لە:

ـ سیاسەتی دەستتێوەردانی کێشە ناوخۆییەکانی سۆڤیەت و تورکیا.

ـ بەرژەوەندییە ئابووری و ستراتیژییە سەربازییەکانی سۆڤیەت لە کۆمارە ئۆتۆنۆمەکانی ئاسیای ناوەڕاست.

ـ دەستنەخستنە ناو کێشەکانی ناو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپای سەر بە ئۆردووگای مۆسکۆ.

٣ـ سیاسەتێکی جیاواز لە سیاسەتی ناتۆ، لە مەسەلەی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی، ئەم پەیوەندییانە، ئەم فاکتەرانە هەوێنی دروستکردنیان بوون:

ئا. ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە سیاسی و پاشان ئابوورییەکانی تورکیا، زیاتر لە مەسەلەی گوێدانە پرنسیپەکانی هاوپەیمانێتیی تورکیا لە ناتۆدا.

ب. دەستتێوەرنەدان و بێلایەنییەکی هاوسەنگ لە کێشە و بابەتەکانی ناوچەکە، وەکو کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین.

پ. هەڵوێستوەرگرتن لە هەر دەوڵەتێکی ناوچەکە، ئەگەر ئەو دەوڵەتە بە هەر شێوەیەک پشتیوانیی لە کێشەی کورد بەگشتی و کێشەی کوردی تورکیا بەتایبەتی، کردبێ.

ت. بێلایەنی و دەستتێوەرنەدانی تورکیا لە هەر کێشەیەکی ناوخۆیی دەوڵەتانی ناوچەکە، بەڵام نەک ئەو کێشانەی کە تورکمان یان ئازەری بەش و لایەنێکی بن، یان هەتا ئەو کێشانەی ڕەچاوی ئەوەیان لێ دەکرێت کە لە بەرژەوەندیی کوردی ئەو وڵاتانە تەواو بێت!

لەڕاستیدا، لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی لە پاش نەمانی سۆڤیەت لە جیهاندا دروست بوون، بەتایبەتی دروستبوونی دەیان دەوڵەتی نوێی سەربەخۆ لە ئاسیای ناوەڕاست و ناوچەکانی بەڵکان، تورکیا تا ڕادەیەکی زۆر بەردەوام بوو لە پێڕەوکردنی سیاسەتەکانی دەرەوەی خۆی بەپێی ئەو بناغە و بنەمایانەی لە دێرەکانی سەرەوەدا، ئاماژەمان بۆ کردن.

بەڵام وەکو لێکۆڵەرەوەکان بۆی چوون، تورکیا زیاتر هەوڵی داوە کە زۆرتر لەسەر دوو تەوەر، ستراتیژی پەیوەندییەکانی خۆی هەڵبسوورێنێت:

ئا. هێشتنەوە و پاراستن و بەهێزکردنی هەمان ڕۆڵی جارانی خۆی لە پێوەندی و هاوپەیوەندییەکانیدا، کە دەکرێت بە کەڵکەبوونی پەیوەندییەکانی قۆناغی جەنگی سارد حیساب بکرێن.

ب. دروستکردن و بەهێزکردنی هاوپەیوەندیی خۆی لەگەڵ دەوڵەتانی تازە دروستبووی ئاسیای ناوەڕاست لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی ئابووری و خزمەتگوزاریی کولتووری تورکیا لەو وڵاتە تازانەدا.

## پەیوەندی تورکیا لە کاتی جەنگی ساردا:

دەبێت ئەوە ڕوون بکەینەوە کە شوێنی جیۆپۆلەتیکی و ستراتیژی تورکیا، نەک عیلمانیەت و شێوازی حوکمڕانییەکانی، لە سەرەتادا بوونە هۆی گرنگدان بە تورکیا و هەوڵی ڕاکێشانی بەرەو هاوپەیوەندی بە ڕۆژئاوا و پاشانیش بەرەو پەیمانی ناتۆ.



تورگوت ئۆزال، هۆشیار زێباری، مەسعود بارزانی

شوێنی جیۆستراتیژی تورکیای ئەو وەختانە و خەسڵەتی جیۆپۆلەتیکیی ناوچەکەش، بەم شێوانە بوون:

١ـ لە باکووری تورکیا و لە ڕۆژئاواو و لە ڕۆژهەڵاتیدا سنوور و وڵاتانی پەیمانی سەربازیی (وارشۆ)ی بلۆکی سۆشیالیستی هەبوون.

٢ـ لە خوارووی سنوورەکانی باشووری تورکیا، زۆربەی ئەو حکومەتانەی لە عیراق، سوریا و میسردا بوون، حکومەتی ڕادیکاڵی، توندڕەوی، نەتەوەپەرست بوون و زیاتر نزیکییان لەگەڵ سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا هەبوو.

٣ـ تورکیا و خاکی تورکیا لە خاڵێکی گرنگی دونیادا هەڵکەوتووە، کە بە ستوونی زەویدا کۆنترۆڵی دوو تەنگەبەری «پسفۆر» و «دەردەنێل»ی کردووە و بە ئاسۆییش خاڵی بەستنەوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە.

٤ـ لەوانەش زیاتر سۆڤیەتی ئەو ساتەی جەنگی سارد، گرنگییەکی زۆری دابوو بە دامەزراندنی ئێستگەکانی بەرەنگاریکردنی سوپایی لە سنوورەکانی باشووری خۆیدا، کە دەکەنە باکووری تورکیا، بەتایبەتی لە ناوچەکانی قەوقازدا (ئەرمینیا، جۆرجیا و ئازەربایجان).

بۆیە بلۆکی ناتۆی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا، لەپاش دامەزراندنی دەوڵەتە حکومەتەکانی ئەو ساڵانەی تورکیا، ئەم ڕاستییەیان لەلا ڕوون بوو، بۆیە ئەمانیش لەلای خۆیانەوە کەوتنە یارکردن لەسەر دوو تەوەر:

ئا. تەوەری، ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێزەکانی هەردوو بلۆک و هێشتنەوەیان لە حاڵەتی نە ئاشتی و نە شەڕ، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەورووبەریدا.

ب. هەوڵدان بۆ زەقکردنەوە و زێدەڕۆیی بە گرنگیی ستراتیژیی خاکی تورکیا، بەرانبەر بە هەر هەموو ستراتیژێکی تری دونیا، چ لە دەستنیشانکردنی بەردەوامیی هاوپەیوەندیی ئاسایی دەوڵەتان و چ لە بەکارهێنانی ئەو زەقکردنەوە و زێدەڕۆییە بۆ مسۆگەرکردنی پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی، لەشکریی و ئابووریی بۆ دەوڵەتی تورکیا.

## سەرەتاکانی پەیوەندی تورکیا بە ناتۆوە:

فاکتەری بوونی تورکیا بە ئەندامی ناتۆ لە ١٩٥٢دا، لەڕاستیدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی بینی لە ڕێگەگرتن لەو پلانانەی کە سۆڤیەت دەیویست لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە وڵاتانی سەر کەنداو و دەریای عەرەبییەکان (الاقطار العربیة) و خۆکێشانەوەی یەک لە دوای یەکی هێزەکانی ئیستیعماری بریتانیی باڵادەستی ناوچەکە، ئەمریکا بە هەموو ویستییەوە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بوارەی دا و لە چوارچێوەی ئەو هەوڵەیدا، لەبەر ئەو هۆیانەی لەپێشدا ئاماژەمان بۆ کردن، بەپەلە کەوتە کاری گرنگیدان بە تورکیا و خاکی تورکیا.

عەرەبیدا، بەرپایان بکات؛ بۆ کۆنترۆڵکردنی هێڵی سەرەکیی دەریایی ڕێگای بازرگانیی جیهانی.
هەروەها ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی لە دواڕۆژی نزیکدا ناتۆ دەیان بنکەی ئاسمانی و موشەکی خۆی لە ناوچەکەدا دابمەزرێنێت. واتە جێپێیەکی پتەوی بۆ هێزی ئامادەی خۆی لە ناوچەکدا هەبێت، کە بنکەی (INCIRLIK)ی ناوچەی ئەدەنە گەورەترینیانە.
لە ساڵانی نیوەی دووەمی پەنجاکانی سەدەی پێشووەوە، بلۆکی سەرمایەداری هەوڵی دا سیاسەتی دامرکاندنەوەی جموجووڵە سەربازییەکانی سۆڤیەت بە شێوەیەکی تازەباو، یا بڵێین ناکلاسیک، بینا بکات و پێڕەو بکات، کە ئەوەش زیاتر خۆی لە شێوازی سیاسەتی لێدوان و گفتوگۆدا دەنواند.
ئەم سیاسەتە کاریگەریی زۆری هەبوو بەسەر وەستاندنی کاری نوێکردن و پەرەپێدانی بنکە سەربازییەکان، شێوازی فراوانبوونی پەیوەندی دوو لایەنەی سۆڤیەت و ئەمریکا و هەروەها سەر بەرزکردنەوەی نوێنەرایەتیی و بابەتەکانی گفتوگۆکان، بەرەو ئاستی بەرز و باڵاتر و بابەتی پرمەترسی تر.
لەمەشدا سوودبینەر تورکیا بوو، دەرگای بۆ لەسەر پشت خرا، کە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سۆڤیەت فراوان بکات و پەیوەندی دوو لایەنەی خۆی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامی جۆراوجۆر و فراوانتر بکات!
بەڵام تورکیای ساحە و مەیدانی ئەم پەیوەندییانە، بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا، بەرەو ڕووی سێ ڕووداو بوو، کە هەرسێکیان چ بە هۆی بە حەزەربوونی ڕۆژئاوا و چ بە هۆی ئاگادارکردنەوەی تورکیا لە مەترسی و ئاکامەکانی ئەو ڕووداوانە، تورکیا لەو مەیدانەدا، لە پرۆسەی فراوانبوونی پەیوەندییەکانیدا، سێ تاوێری زەبەلاح پرۆسەکەیان پێ وەستاند:
ئا. شۆڕشی عبدالناصر ساڵی ١٩٥٢ و خولقاندنی هەستی وروژاوی و هوتافی سیاسی دژ بە ئەمریکا و ڕۆژئاوا و هەر لایەن و دیاردەیەکی هاوپەیوەندە بە ئەمریکاوە.
ب. شەڕی کەنداوی سوێس ١٩٥٦ و هاتنەئارا و فراوانبوونی بلۆکێکی گەورەی نەتەوەپەرستی دژ بە ڕۆژئاوا لە وڵاتانی عەرەبیدا.
پ. هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە عیراقدا و لەناوبردنی هەموو خەون و پلانەکانی فراوانکردنی پەیمانی «بەغدا»ی سەر بە ڕۆژئاوا لەناوچەکەدا.
لەسەر ئاستی گرنگیی تورکیا بۆ پێشبڕکێیەکانی «ناتۆ»یش، کاتێک ئەمریکا و ڕووسیا [سۆڤیەت] گەیشتنە قۆناغی چارەسەرکردنی کێشەی موشەکەکانی ڕووسیا لە کوبادا «ساڵی ١٩٦٢» و بە



**جیمی کارتەر**

تەواوەتی لابردنیان لە سەرجەمی خاکی کوبای خوارووی ئەمریکادا.
لە هەمانکاتدا لەچەکەوەکردنی گیروگرفت و بەرپاکردنی کێشەکانی دوورگەی قوبرس، ١٩٦٣ و ١٩٦٤، کە ڕۆژئاوا دەستی تورکیای تێدا دەبینی. ئەم دوو خاڵەی سەرەوە بوونە هۆی:
ئا. لابردنی موشەکەکانی ئەمریکا لەسەر خاکی تورکیا.
ب. گرنگینەدان بە بیروبۆچوون، ڕەزامەندی یان نارەزامەندیی تورکیا، واتە پشتگوێخستنی تورکیا لەلایەن ئەمریکاوە، بۆ چارەسەرکردنی چەند بابەتێک کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سیادەت و دەسەڵات و سەربەخۆیی بڕیاری تورکیاوە هەبوو، کە یەکێکیان لابردنی موشەکەکان بوو بەبێ ئاگاداریی حکوومەتی تورکیا!

## کێشەی قوبرس و پەیوەندییەکانی تورکیا:

لە کێشەی «قوبرس»، لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٦٣دا، کاتێ قەشە «مەکاریۆس» لەلای خۆیەوە بڕیاری سەربەخۆیی تەواوەتی قوبرسی بڵاو کردەوە، بەڕاشکاوی داوای لە تورکیا کرد کە بە هیچ شێوەیەک دەخڵی نەبێت بە کێشەکانی ناوخۆی «قوبرس»ەوە. خوێندنەوەی تورکیا بۆ ئەو بڕیارەی سەرۆک قەشە مەکاریۆس ئەوە بوو، کە یۆنانییەکانی قوربرس بەم بڕیارە دەیانەوێت مافی کەمەنەتەوە تورکەکانی قوبرس پێشێل بکەن، قوبرس بەرەو یۆنان ببەن و لە هەموو ئەو کارانەدا گوێ نەدەنە ئەو ڕاستییەی کە دامەزراندنی دەوڵەتی قوبرس بە ڕێکەوتنێکی سێقۆڵیی (بریتانیا، یۆنان و تورکیا) لە ساڵی ١٩٦٠دا دروست بووە و بەپێی ئەو ڕێککەوتنە تورکیا مافی ئەوەی هەیە کە دەخاڵەت بکات و مافی کەمە

نەتەوەی تورکی قوبرس بپارێزێت. هەڵبەتە هەڵوێستی ڕۆژئاوا و ناتۆ لەم مەسەلەیەدا بە ویستی تورکیا نەبوو. نووسەر «قەرەعوسمان ئۆغلو» لە کتێبی [سیاسەتی ئەمنیەتی تورکیا] دەڵێت: "بەرانبەر بەو کاردانەوەیەی تورکیا، سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا «جۆنسۆن» نامەیەکی ناردووە بۆ «عیسمەت ئینۆنۆ»ی تورکیا، تێیدا بەئاشکرا گوتوویەتی ئەم کارەی تورکیا هەڵەیە و ئەگەر ببێتە هۆی وروژان و جووڵانی سۆڤیەت و دابەزینی لەشکری سوور بەرەو تورکیا، ناتۆ لەوەدا نییە کە مەجبوور بێت داکۆکی لە تورکیا و بەرەنگاری لە خاکی تورکیا بکات."
ئەم ڕووداوە و ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا، بوون بە هۆی ئەوەی تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا هەندێک ئۆقرە بگرێت و بە خۆدا بچێتەوە و تێفکرینی خۆناسین و حەقیقەتی توانای وڵاتەکەی بە ئەندازەی خۆی وەربگرێت!
بۆیە دیسان گەڕانەوەیەک لە سیاسەتیدا ڕووی دا و دەستی جموجووڵە دیپلۆماسییەکانی بەرەو دوو ئاست بزواند:
١ـ ڕاگرتنی هاوسەنگیی سوودگەیێنەر بە تورکیا لە پەیوەندییە ڕۆژئاواییەکانیدا.
٢ـ زیاتر قووڵبوونەوە بەرەو دروستکردنی هاوپەیوەندیی تازە و ڕاگرتنی پەیوەندییە کۆنەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات بەگشتی.
لە حەفتاکانیشدا، بەتایبەتی لەپاش کودەتاکەی ساڵی ١٩٧٤ی نیقۆسیا، کە بە هاوکاری عەسکەرتاریای یۆنان کرا و یۆنان ویستی قوبرس بگەڕێنێتەوە و بیکاتەوە بە پارچەیەک لە وڵاتەکەی، بەرانبەر بەم ڕووداوە و بەرانبەر بە بێدەنگیی ڕۆژئاوا، تورکیا گەورەترین لەشکر و هێزی دەریای خۆی ڕەوانەی دوورگەکە کرد و بەشی سەرووی دوورگەکەی داگیرکرد.
بەرانبەر بەم هەڵوێستە شێلگیرەی تورکیاش، هاوپەیمانی سەرەکی تورکیا، واتە ئەمریکا، بڕیاری قەدەغەکردنی فرۆشتن و ناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ تورکیا دەرکرد و داواشی لە دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ کرد کە بە هیچ شێوەیەک چەک بۆ تورکیا نەنێرن.
تورکیا لە وەڵامی ئەو کارەی ئەمریکادا، هەموو بنکە و وێستگە لەشکرییەکانی ئەمریکای لەسەر خاکی تورکیا داخست و بڕیاری بێبرەویی پەیمانی (DEFENCE COOPERATION)ی ساڵی ١٩٦٩ی نێوان تورکیا و ئەمریکای بڵاو کردەوە.
جارێکی تریش تورکیا بایدایەوە و ڕووی پەیوەندی و دیپلۆماسیی خۆی بەرەو وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەت لیبیا و عیراق و سعودیە کردەوە.
ئەو وڵاتانەش هەرچەندە لە توانایاندا نەبوو کۆمەکی تورکیا بکەن، بەڵام پرۆسەکە خۆی لە خۆیدا بۆ جارێکی تر بووە هۆی بەهێزبوونەوەی هاوپەیوەندیی تورکیا و

وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەر لەم ئانوساتانەدا تورکیا زیاتر هەستی بە گرنگی و گەرمی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت کرد. پەیوەندییەکانی گەیشتە ڕادەی پەیوەندیی سەربازی. سۆڤیەت ئامادەیی خۆی پێشان دا کە یارمەتیی لەشکریی بۆ تورکیا ڕەوانە بکات.

تا لە کۆتایی ١٩٧٨دا تورکیا و سۆڤیەت گەیشتنە ئەوەی چەندین ڕێککەوتننامەی [دەخاڵەتنەکردن لە کێشە ناوخۆییەکان] و [هاوپەیمانی] و [هاوپەیوەندیی چاکی هاوسێتی] مۆر بکەن.

ئەم ڕێککەوتنانە ڕەتدانەوەیەکی گەورەیان هەبوو لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بۆیە ئیدارەی ئەمریکی هەر چۆنێک بێت لە هەمان ساڵدا گۆنگرێسی مەجبوور کرد کە بڕیاری قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەک لەسەر تورکیا هەڵبگرێت و بە ناردنی هەندێک کۆمەک و یارمەتیی سەربازی، تورکیا خۆشە بکاتەوە.

## کودەتای ئەیلوولی ١٩٨٠ و دیپلۆماسیەتی تورکی:

لەپاش کودەتای جۆنتای عەسکەریی تورکی لە ئەیلوولی ١٩٨٠ و قەدەغەکردنی حاڵەتی بەناو دیموکراتی و پێشلێکردنی مافی مرۆڤ، دیپلۆماسیەتی تورکی کەوتەوە قەیرانێکی تر لەگەڵ ڕۆژئاوا و بەتایبەتی لەگەڵ ئەندامانی ناتۆدا. ڕەتدانەوەی کارە ئینقلابییە عەسکەرییەکەی تورکیا بووە هۆی دروستکردنی شەپۆلێکی ناڕەزایی و ڕەخنەگرتنی توند لە سیستەمی حوکمڕانیی تورکیا، بەتایبەت لەناو کۆبوونەوەکانی (EUROPIAN COUNSIL) و دەستە و لیژنە تایبەتەکانیدا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە «کەنعان ئیڤرن»ی ژەنراڵی سەربازیی تورکیا، بڕیار بدات کە نوێنەرانی تورکیا دەمودەست لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی ئەوروپایی خۆیان بکێشنەوە. بۆ جارێکی تریش تورکیا ڕووی عەرەبانەی دیپلۆماسی و پەیوەندییەکان خۆی وەستاند و بەرەو ڕێگەی وڵاتانی عەرەبی و سۆڤێتی کردەوە.

لەو دوو ساڵەدا بوو کە بۆریی نەوتی کەرکووک ـ جەیحان [یومورتالێک] تەواو بوو و کەوتە کار. هەر لەو ساڵانەشدا بوو کە تورکیا خشکەخشکەی زیاتر بوو بەرەو سۆڤیەت و تا «کەنعان ئیڤرن» توانی پەیوەندی تورکیا و سۆڤیەت بگەیەنێتە چڵەپۆپەیەک، کە ئەمریکا هەڵوێستەیەکی نوێی بۆ بکاتەوە، تا ڕادەیەک پاشگەز ببێتەوە و چڵەو شل بکاتەوە بۆ تورکیا.

ئەوە بوو لە پێش هەڵبژاردنەکانی ئەنقەرە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣دا، ژەنراڵ ئیڤرن و سەرلەشکرەکانی توانیان لەگەڵ ئەمریکادا ڕێککەوتننامەی هاوکاریی ئابووری و بەرەنگاری (DEFENCE & ECONOMIC COOPERATION) تازە بکەنەوە.



حسنی مبارەك

## ئۆزاڵ و تایبەتمەندییەکانی دیپلۆماسیەتی تورکیا:

لەپاش هەڵبژاردنی ١٩٨٣/١١/١٥، حیزبی (ANA WATAN PARTISI)ی تۆرگوت ئۆزال (TURGUT ÖZAL) توانی زۆرترین دەنگ و کورسی پەرلەمان بە دەست بهێنت و بەڕێوەبردنی حکوومەتی تورکیا بگەێنێتە دەست سەرۆکەکەی.

ساڵانی حوکمداری و دەسەڵاتی ئۆزال و حیزبەکەی، چ لە ماوەی سەرۆکوەزیری و چ پاشان لە سەرۆکایەتیی تورکیادا، دەکرێت بکرێتە دوو بەشی تا ڕادەیەک جیاواز چ لە ستراتیژ و چ لە تاکتیکدا. واتە سیاسەتی ئۆزال لە پێش ساڵی ١٩٩١دا و سیاسەتی ئۆزال لەپاش ئەو مێژووەوە.

لە ماوەی یەکەمدا حکوومەتی ئۆزال هاوپەیوەندی و دۆستایەتی و نزیکبوونەوەکانی تورکیای بەرەو ئەو ئاستانە دەبرد کە هەڵگری ئەم خەسڵەتانە بوون:

١ــ لە پێناوی نزیکبوونەوەی زیاتر لە ئەوروپا بە مەبەستی بوونە ئەندامی (EU)، تورکیا بە شێوەی [دراماتیکی] گەڕایەوە بەرەو ڕێڕەوە کۆنەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت لەگەڵ ناتۆدا. هەڵبەتە ئیدارەی ئەمریکایش چاوەڕوانی بەگەڕخستنەوەی دۆستایەتیی جارانی بوو، هەروەها لۆبی تورکیش چ لەناو کۆنگرێس و چ لەناو ئیدارەی ئەمریکادا هەوڵ و هێزێکی زۆری بە کار دەهێنا بۆ خستنەگەڕی پەیوەندیی ئاسایی نێوان تورکیا و ئەمریکا. بۆیە دەبینین لەگەڵ ئەوەی تورکیا داگیرکەری باکووری قوبرس بوو، یارمەتیی «دەنگتاش»ی دا بۆ دامەزراندنی کۆماری تورکی لە باکووری قوبرسدا و بەڕەسمیش دانی پێدا نا. کەچی لە ساڵی ١٩٨٤دا کۆنگرێسی ئەمریکی بڕیاری بەردەوامی ناردنی کۆمەک و یارمەتیی ساڵانەی بۆ تورکیا دا!

لەپاش ئەو بڕیارەش و لە پێناوی مەبەستی سەرەکیی خۆی کە چوونە ناو بازاڕی ئەوروپی بوو، ئۆزال بە خەستی هەوڵی دەدا کە پەیوەندیی باش و ئاسایی لەگەڵ یۆناندا دروست بکاتەوە. چونکە یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی قبوولنەکردنی تورکیا لە (EU)، هەڵوێستی ساردی بوو بەرانبەر بە یۆنان. هەڵبەتە سەرتۆپی ئەو هەوڵانەی ئۆزال گەیشتە ئەوەی لە مانگی یەکی ١٩٨٨دا لە شاری (DAVOS)ی مێژوویی سویسرا، کۆبوونەوەیەکی بەرز لەگەڵ (PAPANDREUS)ی یۆنانستان بکات.

٢ــ هەر لەبەر ئەم بەڕۆژئاوابوونە، ئۆزال بە هەڵەداوان شێوازی ئابووریی وڵاتەکەی دروست بەرەو بازاڕی ئازاد برد، بە شێوەیەک کەوتە لیبرالیزمی بازاڕ، کە هیچ تاوێرێکی قانوونی و هیچ ڕێگرییەکی حکوومەتی لە ڕێگەی بازرگانیدا نەهێشت، بۆیە لەو ماوەیەدا:

ـ ڕێژەی هێنان و ناردنی شتومەک [واتە بازرگانی بەگشتی] زۆر بەپەلە سەرکەوت.

ـ سەرمایەداریی ئەوروپایی دەرگایان بەتەواوەتی بۆ لەسەر پشت خرا، بۆ ئەوەی سەرمایەی خۆیان لە هەموو کەرتێکی ئابووری و بازاڕی بازرگانیی تورکیادا بخەنەگەڕ.

ــ ڕێژەی نەشوونمای ئابووری لە شەستەکاندا لە ٢٠٠٪ بەرز بووەوە.

هەڵبەتە وەکو ڕاستییەکی ئابووری نابێت ئەو حەقیقەتەش ئاشکر نەکەین، کە ڕێژەی سوود (INTREST RATE)ی دراو هەر بەرەو بەرزبوونەوە ملی دەنا و ئەوەش بووە هۆی ئاوسانی ڕێژەی دراو (INFLATION RATE)، ئەوە بوو دراو ترسناکترین چەڵەمەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ تورکیا بەرپا کرد، کە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ لەژێر کاریگەریی ئەو نەخۆشییە ئابوورییەدا دەیناڵاند.

٣ــ لەم ماوەیەدا ئۆزال لەگەڵ ئەوەی لە ناوەوەی وڵاتدا تا پێی بکرایە هەوڵی فراوانکردنەوەی سیستەمی عیلمانی، بە واتا ڕۆژهەڵاتییەکەی، لە کەرتە ئابووری و ئیداری و تەکنۆلۆژیاییەکاندا دەدا، بەڵام لە بەشێکی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیدا هەوڵی دەدا ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی هەیەتی دانەبڕێت و تا بکرێت لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا هاوپەیوەندی هەبێت و لەسەر هەندێک بناغەی تایبەت کاری بۆ بکرێت و سەر بخرێت.

٤ــ لەم ماوەیەدا پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتانی ناوخۆی سۆڤیەت بە شێوەیەکی گشتی زیاتر لەسەر هاوپەیوەندیی ئابووری چەقی بەستبوو. لەم ماوەیەدا، بەتایبەتی لە ١٩٨٨ـەوە تا ١٩٩٠، ڕێژەی پەرەسەندنی کاروباری ئابووری تورکیا ٢٠٠٪دا زیادی کردبوو. هەروەها هەوڵە ئابوورییەکانی هەردوو وڵات گەیشتبوونە ئەم خاڵانە:

ئا. مۆرکردنی پرۆتۆکۆڵی پەیمانی ئابووری، تەکنۆلۆژیی و هاوکاریی زانستی بۆ ماوەی دە ساڵ، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤دا.

ب. تەواوکردنی هێڵی بۆریی گازی سۆڤیەت

ـ تورکیا لە دوایین مانگەکانی ساڵی ١٩٨٦دا.

پ. لە ساڵی ١٩٨٩دا پرۆتۆکۆڵی هاوکاریی بازرگانی و ئابووریی سۆڤیەت و تورکیا لە مۆسکۆ مۆرکرا، ئەمە بوو هەر لە کۆتایی ئەو ساڵەدا بەهای بازرگانیی تورکیا لەگەڵ سۆڤیەت گەیشتە ١,٣ بلیۆن دۆلار.

ت. حکوومەتی ئۆزال هەوڵی ئەوەیشی دا کە لەگەڵ وردە وردە خاوبوونەوەی گرژی نێوان دوو بلۆکی زلهێزدا، تا بکرێت سوود لەو بوارە ببینێت و هاوپەیوەندیی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا زیاتر و هەمەجۆرتر بکات. هەروەها لە یەکەم ساڵی نەمانی بلۆکی شەرقیدا، لەپاش وەرگرتنی ڕاوێژی شارەزایانی ئەمریکا، ئۆزال چەندین بیرۆکەی نوێی هێنایە ئاراوە. کە لەڕاستیدا دەکرێت بە هەنگاوی یەکەمی سەرەتایی قۆناغی دووەمی هاوپەیوەندییەکانی تورکیای ئۆزال حیساب بکرێت. وەک: لە مانگی ١٢ی ١٩٩٠دا بەستی کۆنفرانستی تایبەت بە وڵاتانی دەریای ڕەش (BLACK SEA ECONOMIC COOPERATION ZONE-B.E.C.Z.) لە یەکەم کۆبوونەوەدا جگە لە تورکیا خۆی، سۆڤیەت، بولگاریا و ڕۆمانیا بەشدار بوون.

لە کۆبوونەوەی دووەمدا، کە لە ئەنقەرە بەسترا، سۆڤیەت جگە لە نوێنەرانی ڕووسیا، نوێنەرانی شەش کۆماری سۆڤیەتی کۆنی سەر دەریاکەی هێنابوو بۆ کۆنفرانسەکە. هەڵبەتە ئامادەبوونی ئەو شەش نوێنەرە، مەبەستی سەرەکیی تورکیا بوو بۆ بەستنی کۆنفرانسی وڵاتانی سەر دەریای ڕەش و داهێنانی کۆبەندێکی هاوپەیوەندی.

لەو کاتەوەی کە ڕژێمی سەدام حوسەین کوێتی داگیر کرد و ئەمریکا و بریتانیا و سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتنە جموجووڵی دیپلۆماسییەوە بۆ پاشگەزکردنەوەی بەغدا و پاشان بۆ ئابڵوقەدانی ئابووری عیراق، تورکیا وەکو گەورەترین هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا و هەروەها لەبەرئەوەی تورکیا وەکو شوێنی جوگرافیایی گەورەترین و بەجموجووڵترین دەستگای بازرگانی عیراق بوو بەرەو ئەورووپا، یەکسەرە کەوتەسەر ئەو حاڵەتەی کە دەبێت بە زووترین کات هەڵوێستی خۆی، هەڵوێستی سیاسیی خۆی، سەبارەت بە عیراق وەربگرێت.

شایانی باسە کە ئەو داهاتەی لەپای خزمەتگوزاریی ترانسیت و بۆریی نەوتی کەرکووک ـ جەیحانەوە بۆ تورکیا دەهات، بەئاشکرا بووبووە هۆی بووژاندنەوەی کەرتی بازرگانی و داهاتی دەوڵەتی تورکیا.

بۆیە تورکیا لەلایەکەوە نەیدەویست و لەوە دەترسا کە ئەو داهاتە مەزنەی لە دەست بچێت، لە لایەکی تریشەوە دەیزانی کە ئەگەر لە دژی ڕەوتی گشتیی ئەمریکا، ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان بوەستێت، لەوانەیە ئەو بوارە زێڕینەی لە دەست بچێت کە بە ڕەزامەندی و بەکۆمەکی ئەمریکا چاوەڕوانی بوو، کە لە کۆمارە نوێیەکانی ناوەڕاستی ئاسیادا سەرپەرشتی بکات و پێشەنگی بێت!

بۆیە ئۆزال هەڵوێستی لایەنگریی ئەمریکا و ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکانی گرتەبەر، بەمەش قۆناغی دووەمی شێوازی کاری دیپلۆماسی و هاوپەیوەندیی سیاسیی ئۆزال دەستی پێکرد.

هەر لەم قۆناغەدا بوو ئۆزال شیعاری مەرکەزی، ئەو شیعارەی نیوەی ناوەوەی هەرگیزاوهەرگیز لە تورکیای کەمالیدا جێبەجێ نەدەکرا، واتە شیعاری [ئاشتی لە ناوەوە و ئاشتی لە دەرەوەدا]ی گۆڕی و کەوتە سەودای جێبەجێکردنی شیعاری لیبرالی خۆی کە لەسەر بنەمای [گۆڕانکاریی لیبرالی لە ناوەوەی وڵات و زۆرترین دینامیکیەتی سیاسی لە پەیوەندییەکانی دەرەوەدا] دامەزرێنرابوو. دینامیکیەتەکەش لە سیاسەتی دەرەوەدا، تورکیای ناچار دەکرد کە لە مەسەلەی پەیوەند بە کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست، هاوکاری دەوڵەتانی موسڵمان بێت و لە مەسەلەی عیراقیشدا دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی بێت. بۆ ئەوەی لەم وازییەدا تورکیا دۆڕاوی سیاسی نەبێت، ئۆزال لە ساڵی ١٩٩١دا کەوتە پروپاگەندەکردن بۆ گەڵاڵەی [تورکیا دەوڵەتێکی ئیسلامی و عیلمانییە، دەبێت ببێتە پردی پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا...]

ئۆزال لە هەردوو مەیداندا بە هەموو هێزی تورکیاوە، کەوتە ناو پرۆسەی بەتەواوەتی ڕازیکردنی ئەمریکا و ڕۆژئاوا! تورکیا ملی داو کەوتە ناوی چەقی جێبەجێکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی پرۆسەکە، وەکو بەکارهێنانی بنکەی [ئینجیرلک] لە لێدانی هێزەکانی سەدام حوسەین لە جەنگی کەنداودا و ڕزگارکردنی کوێت. لە بینینی ڕۆڵێکی سەربازیی بەرچاو لە بواردان بە بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی کاری ڕۆژانەی (OPERATION PROVIDE COMFORT)دا بۆ گێڕانەوەی کوردە ئاوارەکان بۆ شار و شارۆچکەکانی خۆیان، پاشانیش لە ساڵی ١٩٩١وە ڕۆڵی هەبوو لە سەرخستنی کاری (SAFE HAVEN) لە کوردستانی عیراقدا.

## بنەماکانی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێش ١٩٩٠دا:

بە حیسابی تورکیا تا کۆتایی ١٩٩٠ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا لەسەر ئەم بنەمایانە بوو:

١ـ دەستتێوەرنەدان لەسەر کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتانی عەرەبی، هەڵبەتە بەپێچەوانەی ئەم بنەمایە، کە مەسەلە هاتبێتە سەر کێشەی کورد، چ لە کوردستانی تورکیا و چ بە شێوەیەکی گشتیی مەسەلەی کورد، تورکیا لە پەیوەندی سیاسیی نێودەوڵەتییەوە گواستویەتیەوە بۆ مەسەلەی ستراتیژی ئەمنیی تورکیا، بۆیە هەردەم بواری بە خۆی داوە کە دەست تێ وەربدات و هاوکار بێت لە سەرکوتکردنی هەر بزێوی و ڕاپەڕین و پرۆسەیەکی سیاسی لە هەر ناوچەیەکی کوردستاندا.

تورکیا ڕۆڵی سیاسی و سەربازی هەبووە لە مەسەلەی لەناوبردن و خامۆشکردنی هەموو ئەم خاڵە مێژووییانەی خوارەوە:

ئا. دەستی هەبووە لە لەناوبردنی کۆماری کوردستان، ١٩٤٦، لە مەهاباد.

ب. دەستی هەبووە لە بەدواکەوتنی کاروانی خۆڕەدەربازکردنی شۆڕشگێڕانی بارزان، لەپاش نەمانی کۆماری کوردستان لە مەهابادا.

پ. ڕۆڵی سیاسیی گرنگی هەبووە لە سەرخستنی کار و پلانەکانی [حیلفی بەغدا] بۆ سەرکوتکردنی هەر کار و کردەوەیەکی شۆڕشگێڕی چ لە کوردستان و چ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ت. بە هەموو شێوەیەک ڕۆڵی بینیوە لە قەدەغەکردن و بوارنەدان بە هەر پەیوەندی و هاتوچۆیەکی نێوان سۆڤیەت و شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٩١ی کوردستانی عیراق.

ج. لەپاش کارەساتی ١٩٧٥ دەستی هەبووە لە جێبەجێکردنی پلانی بەتاڵکردنی سنووری عیراق و تورکیا بۆ قووڵایی ١٠کم بۆ بەرگرتن لە هەر هەوڵ و کردەوەیەکی بەرپاکردنەوەی بزووتنەوەی سیاسی و چەکداریی کورد لە کوردستانی عیراقدا.

چ. بەپێی ڕێککەوتنی نێوان عیراق و تورکیا، دیپلۆماسی و هەروەها عەسکەرتاریای تورکی ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە لاوازکردن و لەناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی عیراق لە ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٤دا.

ح. لە ساڵی ١٩٨٣ەوە تا گرتنی سەرۆکی پ.ک.ک؛ عەبدوڵڵا ئۆجەلان، دەستتێوەردانی عەسکەری و ئیستخباراتی و پاشانیش سیاسی و دیپلۆماسی هەبووە لەگەڵ سوریا بۆ لەناوبردن و نەهێشتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی تورکیا.

٢ـ هاوبەشینەکردن لە هەر کێشەیەک کە ڕووی دەدا لەنێوان وڵاتانی عەرەبیدا، کێشەی عیراق و سوریا، کێشەی سوریا و لوبنان و...

٣ـ لە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلدا هەمیشە وەرگرتنی هەڵوێستی مامناوەندی، ناگرژ، چ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل و چ لەگەڵ فەلەستینییەکاندا، سیاسەتی دیپلۆماسیەتی تورکیا بووە.

٤ـ هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ هەریەک لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست (لەگەڵ عیراق، لەگەڵ سوریا، لەگەڵ سعودیە و ئیسرائیل و...)

٥ـ جیاکردنەوەی پرنسیپەکانی پەیوەندییەکانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە هەر هەموو ئەو پرنسیپانەی کە تورکیایان کردبووە ئەندامی ناتۆ و گرنگیدان بە خودی بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە هەموو ئەو پەیوەندیانەدا، بەتایبەتی لە مەسەلەی ئاو لە کۆتاییەکانی سالانی ٩٠دا، مەسەلەی ئاو بەتایبەتی ئاوی فورات بابەتێکی زۆر گرنگ و پڕکاریگەری بووە لە هاوپەیوەندی نێوان تورکیا و سوریا، تورکیا و عیراق، تورکیا و وڵاتانی عەرەبی بەگشتی، مەسەلەکە، هەندێ جار گرژی و مەترسیی تێکدانی سەرجەمی پەیوەندیی سیاسی و دیپلۆماسی و مێژووییەکانی تورکیا و وڵاتانی عەرەبی گەیاندۆتە خاڵی ترسناک و پڕنائومێدی. لەم نووسینەدا لەبەرئەوەی پێویست ناکات کە بکەوینە ناو تەکنیکی کاری ئاو و بەنداوەکانی ئاوی فورات لە تورکیادا، لەبەرئەوە ئەم بابەتە، بابەتی ئاوی فورات و کاریگەریی ئاوی فورات لە هەڵبەز و دابەزی هاوپەیوەندیی تورکیا و سوریا و عیراق، فەرامۆش دەکەین.

بەڵام لەبەرئەوەی عیراقی سەدام حوسەین، دەوڵەوتی کوێتی داگیر کرد و هەموو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا هەڵوێستی دژ بە عیراقیان وەرگرت، تورکیا ناچار بوو بنەمایەکی تری گرنگی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی خۆی پشتگوێ بخات، ئەوە بوو ئۆزاڵ لە ڕۆژی ١٩٩٠/٨/٨دا دروست شەش ڕۆژ پاش داگیرکردنی کوێت، بڕیاری دا بۆری نەوتی کەرکووک ـ جەیحان بوەستێنرێت. لە خۆشبەختیی تورکیا ئەنجوومەنی ئاسایینی (UN) هەر لەو ڕۆژانەدا بوو کە دوو بڕیاری ٦٦٠، ٦٦١ی خۆی دژ بە عیراق دەکرد. بەپێی خاڵەکانی ئەو دوو بڕیارە، تورکیا شەرعیەتی دوەلی بۆ بڕیارەکەی خۆی مسۆگەر کرد. هەروەها لەپاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر پەرلەمانی تورکیا لە ١٩٩١/١/١٧دا تورکیای ئۆزاڵ بۆ یەکەمین جار قبووڵی کرد بنکەی ئاسمانی «ئینجیرلیک» بە کار بهێنرێت بۆ جەنگێک کە لە چوارچێوەی مەبەستە دێرینەکانی ناتۆدا نەبووە؟ مەبەست جەنگی ڕزگارکردنی «کوێت»ـە، کە بڕیاری ٦٧٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش ڕەوایی پێ دابوو.

شایانی باسە تورکیا نە لە جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧دا و نە لە جەنگی ١٩٧٣ و نە لە کێشە و جەنگی ناوخۆی لوبناندا هەرگیز بواری بە ناتۆ و ڕۆژئاوا نەداوە کە هیچ بنکەیەکی خۆیان، بەتایبەتی ئینجیرلیک، بە کار بهێنن بۆ هەر شەڕ و جەنگێکی دژ بە وڵاتانی عەرەبی.

لەم هەڵوێستوەرگرتنەدا، جگە لە پرۆژە و پلانی ئۆزاڵ بۆ گۆڕینی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی، فاکتەرە ناوەکییەکانی تورکیاش لە وەرگرتنی بڕیاردا گۆڕا و کەوتە خانەی بەرژەوەندیی پرۆژە و بۆچوونەکانی ئۆزاڵ خۆی.

بڕیار وەرگرتن بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی پەیوەندییەکان، لە دەست دەستەی سەرۆکایەتیی ژەنڕاڵەکانی سوپا سەندرایەوە و زیاتر وەکو پراکتیزەکردنی شێوازی کاری دیموکراتی، کرایە مافی ڕەوای ئەندامانی پەرلەمانی تورکی. لەمەدا لەبەرئەوەی حیزبەکەی ئۆزاڵ و لایەنگرانی حیزبەکەی زۆرینەی ناو پەرلەمان بوون، بۆیە هەمیشە ئەو گۆڕانی ئاڕاستە و بۆچوونانە و بڕیاروەرگرتن لەسەریان لە بەرژەوەندیی ئۆزاڵ بووە.

شایانی باسە لەبەر فاکتەری کاریزمای ئۆزاڵ، سەرۆک ئەرکانی سوپا ژەنڕاڵ «نەجیب تورمەتای» بۆ ناڕەزایی دەربڕین و وەستاندنی ئەم بۆچوونە نوێیانە، لەباتی ئەوەی وەکو عادەتی ئاسایی ژەنڕاڵەکانی تورک، سوپا بۆ کودەتا ئامادە بکات، بە سووک و ئاسانی خۆی دەستی لە کار کێشایەوە!

ئۆزاڵیش بەم هەڵوێستوەرگرتنەی، چاوی لەوە بوو کە لەپاش جەنگی ساردا، تا بکرێت زۆرترین و فراوانترین سوود و قازانج وەربگرێت. بەتایبەتی لە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا. لەڕاستیشدا کاری چاوەڕوانکراو هەروا هاتەوە، پەیوەندیی ئەو دوو وڵاتە گەیشتە ڕادەی هاوپەیوەندیی تایبەت (SPECIAL RELATIONSHIP). ئەمریکا لەگەڵ چەند وڵاتێکی وەکو بریتانیا، ئیسرائیل و کەنەدا هاوپەیوەندی تایبەتی هەیە. وەکو کاریگەریی ئەو پەیوەندییە تایبەتە بۆ یارمەتیدانی تورکیا، ئەمریکا بە چەندین شێوازی وەکو دێڕەکانی خوارەوە هەوڵی یارمەتیدانی تورکیای دا:

١ـ هەوڵدان بۆ پاکلەمەکردنی ڕێگەی تورکیا بۆ چوونە ناو (EU)، هەوڵی زۆرتر لەگەڵ یۆنانستان بۆ ئەوەی یارمەتیی تورکیا بدات، یان هەر هیچ نەبێت ڕێگر نەبێت لە پرۆسەی ئەوەی تورکیا ببێتە ئەندامی (EU).

٢ـ پێشکەشکردنی کۆمەک و یارمەتیی عەسکەری بە بەهای ٨٢ ملیۆن دۆلار بە تورکیا.

٣ـ ئیدارەی ئەمریکایی هەوڵی ئەوەیشی دا کە یارمەتی و کۆمەکی سالانەی تورکیا زیاد بکرێت و لە ساڵی ١٩٩٢دا بگەیەنرێت بە ٦٢٥ ملیۆن دۆلار، بەڵام ئەم پێشنیارە لەبەر ئەم هۆیانە لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە ڕەت کرایەوە:

ئا. گوایە بودجەی ئەمریکا بۆ ساڵی ١٩٩٢ بواری ئەو جۆرە گۆڕانە نادات.

ب. چونکە لوبی یۆنانی لەناو کۆنگرێسدا چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە هەمان زیادکردن یۆنانیستانیش بگرێتەوە.

پ. هەڵوێستی نامرۆڤانەی سوپای تورکیا بەرانبەر بە خەڵکی بێدەرەتانی کوردی عیراق، ئاوارەبووانی کۆڕەو، کە بەئاشکرا لە میدیای جیهانیدا لەو ساتانەدا پێشان دەدران و دەبینران.

حکوومەتی ئۆزاڵ، چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کە داوای زیادکردنی کۆمەکی لەلایەن کۆشکی سپییەوە ڕەت بکرێتەوە، چونکە تورکیا لای وابوو کە بە هۆی جەنگی ئازادکردنی کوێت و تێکدانی پەیوەندی خۆی لەگەڵ عیراقدا، ٩ بلیۆن دۆلاری زەرەر کردوە. هەروەها بۆ ئاوارەکانی کۆڕەوی ١٩٩١یش نزیکەی ٢,٥ بلیۆن دۆلاری خەرج کردووە!

ـ حکوومەتی تورکیا لە ساڵی ١٩٩١ـەوە، هەر جارە و ژمارەیەک ئیعلان دەکات بۆ ئەو زەرەر و زیانانەی لە ئاکامی جەنگی کەنداوی دووەمەوە لێی کەوتووە. لە ساڵی ١٩٩٢ ژمارە ٩ بلیۆن، ساڵی ١٩٩٣ ژمارە ٣ بلیۆن، ساڵی ١٩٩٤ ژمارە ٧ بلیۆن و هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٢دا ژمارەی ٣٨ بلیۆنی بەیان کردووە بۆ ئەو زەرەر و زیانانەی گوایە لێی کەوتووە.

هەروەها لەو باوەڕەدا بوو، کە هاوکارییە دیپلۆماسی و سەربازییەکانی تورکیا بۆ هاوپەیمانان بەگشتی و بۆ ئەمریکا بەتایبەتی، دەبوو ببێتە هۆی جێبەجێکردنی دوو داوا و ویستی تورکیا:

ئا. بەکورتی و بەڕاشکاوی تورکیا ئارخەیان بکرێت لەوەی بەجیدی یارمەتی بدرێت بۆ چوونە ناو (EU)ـەوەوە.

ب. بوار بدرێت بە تورکیا و دەستی سەربازی تورکی والا بکرێت کە وەکو [قۆڕچی] مامەڵە بکات لەگەڵ حیزبەکانی کوردستانی باشوور و بە کاریان بهێنێت بۆ لەناوبردنی هێزەکانی پ.ک.ک.

# نەوشیروان مستەفا:


## "بەداخەوە تا ئێستا سیستەمی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا لاساییکردنەوەی سیستەمی ڕاگەیاندنی بەعس و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتە!"

مەڵبەند ـ سلێمانی

دوای وەستانێکی کتوپڕ لە نووسینەوەی مێژووی شۆڕشی تازەی گەلەکەمان کە بە زنجیرەیەک کتێبی دانسقەوە دەستی پێکرد (لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، پەنجەکان یەکتر دەشکێنن، خولانەوە لەناو بازنەدا) ئەمجا دابڕانێکی تری چوار ساڵە لە دونیای دەرەوە، کاک نەوشیروان مستەفا بە چوار کتێبی تازەی لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردی هاتەوە مەیدانی نووسین و چاپەمەنییەوە، کە بۆشاییەکی زۆر گەورەی لە سەرچاوە مێژووییەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا پڕ کردەوە. هێشتا لە هەمان بواردا زۆری تریشی لە هەگبەدایە بینووسێتەوە. هەمووشمان ئاگادار بووین کە کاک نەوشیروان لە شەڕی نووسینەوەی دەستووری نوێی عیراقدا سەری دەرکردەوە، کە پێمانوایە بوونی ئەو لەتەک سەرکردەکانی تری کورددا زۆر پێویست بوو بۆ جێگیرکردنی داوا ڕەواکانی میللەتەکەمان لە دەستووری عیراقدا کە تاکە زەمانەتی داهاتووی کوردە لە عیراقدا، ئەگینا ئەو هێشتا چەندین پرۆژەی تری لە پێشە کە ئێستا و دوای پشوودانێکی کورت خەریکە دەگەڕێتەوە سەریان بۆ نووسینەوەیان.


«مەڵبەند» لە ماڵەکەی خۆیدا لە شاری سلێمانی دیدارێکی لەگەڵدا سازکرد. دیدارەکەمان زیاتر تایبەت بوو بە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی، هەربۆیە نەچووینە ناو مەسەلە هەڵایساوەکانی تری دونیای سیاسەتەوە کە ئەمڕۆ هەموومانی سەرقاڵ کردووە.

*سەرەتا لێمان پرسی: دوای چوار ساڵی دابڕان، چوار کتێب لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردیت پێشکەش بە خوێنەران کرد، لەکاتێکدا و لەڕاستیدا زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی تەواوکردنی زنجیرە کتێبە سیاسییەکانت بووین تا وەکو شایەدحاڵێک ڕووداوە گرنگەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانت بۆ بگێڕاینەتەوە، بەتایبەت کە جەنابت زۆر ڕاشکاوانە و بێ ترس لە بەشە بەراییەکانی ئەو کتێبانەدا باستان لە ڕووداوەکان کردووە، کە پێمان وایە تا ئاستێک نەوەی ئێمە ئاشنای ئەو جۆرە زمانە نەبوون؟*



نەوشیروان مستەفا

وەڵام: وەختی خۆی هەوڵم دا ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق لە ساڵی ١٩٧٥ تا سەردەمی ڕاپەڕین لە باری سەرنجی خۆمەوە بگێڕمەوە، ئەوەی تا ئێستا بڵاوم کردۆتەوە تا ساڵی ١٩٨٨ە، دوای ئەو ساڵەش دوو بەرگی ترم نووسیوەتەوە و ئامادەم کردوون بۆ چاپ، بەڵام لەڕاستیدا لەبەرئەوەی ناوی زۆر کەسی تێدایە کە ئێستاش هەندێکیان لە سەرکردایەتیی حیزبەکاندان، چ لە یەکێتی و پارتی و چ لە حزبەکانی تر، کە ڕەنگە ناوهێنانیان کێشە و گیرگرفت دروست بکاتەوە، بۆیە ئێستا چاپکردنیانم ڕاگرتووە، ڕەنگە زروفێکی لەبارتر بێتە پێش بتوانم بڵاویان بکەمەوە؛ کە پێم وایە هێشتا نەهاتووە. بۆ نموونە (خولانەوە لەناو بازنەدا) بە قەوارە دوو ئەوەندە دەبوو کە بڵاوم کردۆتەوە، بەڵام کە ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی بەسەردا هات، هەندێ بەشم لێ دەرهێنا بۆ ئەوەی کتێبەکەی من نەبێتە هۆیەک بۆ ئەوەی جارێکی تر کێشە لەنێوان یەکێتی و پارتیدا دروست بێتەوە. من خۆم پێم خۆشە لە کوردستاندا ئاشتی و تەبایی هەبێت، من ئەو کتێبانەی کە نووسیویشمن هەر بەو نەفەسەوە نووسیومن، هەرچەندە هەندێ لایەن زۆریان پێ ناخۆش بوو، بەڵام مەبەستی من ئەوە بوو کە کورد فێری ئەوە بن لەگەڵ یەک بژین و قسە لە یەکتر قبووڵ بکەن. لە لایەکی ترەوە پێمویایە تا ئەمڕۆ کەسێک نەبووە مێژووی سەرلەبەری ڕۆژنامەگەریی کوردی لەسەرەتاوە نووسیبێتەوە، بۆیە هەوڵم دا کارێکی وا لە ئەستۆ بگرم کە لە سەرەتای ڕۆژنامەوانی کوردییەوە تا دەگاتە سەردەمی ڕاپەڕین هەموو لایەنەکانی ڕۆژنامەوانی کوردی بگرێتەوە وەک ڕۆژنامەوانی قانونی و نهێنی یان ئەوانەی کاتی خۆی دەوڵەتە زلهێزەکان دەریانکردوون. تا ئێستا توانیومە لە ساڵی ١٩٣٨ تا ١٩٥٨ بهێنم هەرچەندە هەر ئەو قۆناغەی ڕۆژنامەوانی کوردی دوو بەرگی تری ماوە جارێ تەواوم نەکردوون، کە ئەوانیش تەرخان کراون بۆ دوو لایەنی ڕۆژنامەوانیی کوردی لە چلەکان و پەنجاکان، کە یەکێکیان ڕۆژنامە ئەهلییەکانە، کە ژمارەیەک ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانی کورد دەریانکردووە، ئەوی تریشیان ئەو ڕۆژنامانەن کە وەکو پڕوپاگەندە لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا وڵاتانی هاوپەیمان دژی وڵاتانی میحوەر دەریانکردووە، بەتایبەتیش (دەنگی گێتی تازە). پاشان کە شەڕیش تەواو بووە، شەڕی سارد دەستی پێکردووە، ئەمریکا هەندێ بڵاوکراوەیان بە زمانی کوردی لە بەغدا دەرکردووە، ئەویش بەشێکە لەو پڕوپاگەندانەی نێوان ئەو دوو بلۆکەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات. ئومێدم وایە هەندێ سەرم سووک بێت، ئەو دوو بەشەش تەواو بکەم. ئەوەی زیاتریش هانی دام ئەو زنجیرە کتێبانە لە بواری ڕۆژنامەوانییەوە بنووسم ئەوە بوو کە لە سلێمانیدا



پەیمانگای تەکنیک بەشێکیان بۆ ڕۆژنامەوانی کوردی کردەوە، لە زانکۆی سلێمانیش بەشێکی تر بۆ ڕاگەیاندن، ئەو کاتە مامۆستایان کەم بوو، داوایان لە من کرد هاوکارییان بکەم و هەندێ لەو بابەتانەی نووسیومن بیانکەم بە موحازرە بۆ ئەو دوو بەشە. من زۆرم بە لاوە گرنگە کورد تا ئەندازەیەکی باش پشت بەو ڕۆژنامانە ببەستێت و وەکو سەرچاوەیەک بۆ نووسینەوەی مێژوو بە کاریان بهێنێت، بەتایبەتیش ئەو ڕۆژنامانەی لە قۆناغە سیاسییە دیاریکراوەکاندا دەردەچوون. دەکرێت ئەوانە بۆ لێکۆڵینەوەی لایەنی سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە کار بهێنرێن، بەتایبەتیش بۆ لێکۆلینەوەی قۆناغەکانی پێشکەوتنی زمانی کوردی. بۆ ئەوەی بزانین زمانی کوردی لە بیستەکان و چلەکاندا چۆن بووە، هەڵبەت ئەو ڕۆژنامانەش زۆربەیان لەناو کتێبخانەکاندا نەماون، بەڵام لەم یەک دوو ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی باش لەو ڕۆژنامانە سەرلەنوێ چاپکرانەوە، لەڕاستیشدا من ئەو بەرهەمانەی خستوومنەتە بەردەم خوێنەران، نازانم تا چ ئەندازەیەک سەرکەوتوو بووم، ئەوە ڕەنگە پسپۆڕانی بواری ڕۆژنامەوانی بتوانن هەڵیسەنگێنن، من هەوڵم داوە مێتودێکی تازە لە لێکۆڵینەوەی هەر ڕۆژنامەیەکدا بگرمە بەر، ئەو مێتودە پێم وایە پێشتر لەلای ئەوانەی لەو بوارەدا کاریان کردووە بە جۆریکی تر بووە، من هەوڵم داوە زۆرتر شیکردنەوە بێت و زۆرتر پشت بە دەقەکانی ناو ڕۆژنامەکان ببەستم.

*پ. باسی لێکۆڵینەوەی لایەنی سیاسی و ئەدەبیی ئەو سەردەمەت کرد کە هاودەنگ بووە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانیی کوردی و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و دەستپێکردنی شۆڕشەکانی، بە ڕای تۆ کامیان کاریان لەسەر لایەکەی تر کردووە، سیاسەت، یا ڕۆژنامەوانی؟*

و. هەردوولا کاریان لە یەکتر کردووە، بۆ نموونە شتێکی تازە بووە لە جووڵانەوەی کورد کە شێخ مەحمود لە سلێمانی لەتەک دامەزراندنی حکومەتدا هاوزەمان ڕۆژنامەشی دەرکردووە. ئەوە شتێکی تازە بووە لە جووڵانەوەکەدا، بێگومان کە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە دەخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێت کە هەردوولا کاریگەرییان بەرامبەر یەکتر هەبووە، هەموو بیروبۆچوون و نووسینەکان کاریگەرییان هەبووە بەسەر ڕووداوەکانی ئەو زەمانە بەتایبەتیش ئەو ڕووداوانەی پەیوەستن بە پاشەڕۆژی کوردستان و عیراقەوە دوای دەرچوونی هەردوو پەیمانی سیڤر و لۆزان، لەوێ هەست دەکەیت ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە کاریگەرییان هەبووە بەسەر نووسین و بیروبۆچوونی نووسەرانی ئەو سەردەمە بەتایبەتیش نووسەرانی سلێمانی، کەواتە دەتوانین بڵێین هەردوو لا کاریان لە یەکتر کردووە. بەڵام بێگومان ئەو کاتە لەبەر لاوازیی جۆری پەیوەندییەکان، وەکو پۆستە و تەلەفونات و تەلەگراف دیارە ڕۆشنبیرانی ئەو زەمانە زۆر ئاگاداری ڕووداوەکانی جیهان نەبوون، ئەو سەردەمە تورکیا تازە لە حاڵەتی دروست بووندا بوو کە مستەفا کەمال ئەتاتورک هاتە سەر کار و لەولاشەوە ڕەزا شا هاتۆتە مەیدان و، ئینگلیزیش کوردستانیان بە عیراقەوە لکاندووە و لە حیجازەوە حاکمی عەرەبیان بۆ هێناوە و بەسەر هەر سێ ویلایەتە کۆنەکەی عوسمانیدا سەپاندوویانە، ئەم ڕووداوانە وا نیشان دەدەن کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەوکات لە گۆڕانێکی بنەڕەتیدا بووە، بۆیە دووبارە دەیڵێمەوە کە هەردوولا بە حوکمی ئەو هەموو ڕووداوانە کاریان لە یەکتر کردووە.

*پ. وەکو مێژوونووسێکی ئەو سەردەمە، پێت وایە ڕۆشنبیریی کوردی ئەو سەردەمە لەسەر ئاستی ئەو ڕووداوانەدا بووبێت؟*

و. بەڵێ پێم وایە لەسەر ئاستی ڕووداوەکاندا بوونە.

*پ. باشە جەنابت لە نووسینی هەر چوار بەشەکاندا زۆر بە چڕی باست لە سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستانی عیراقدا کردووە، ئەوە مانای وایە کە هێشتا لە پارچەکانی تری کوردستاندا جووڵانەوەیەکی ڕۆژنامەگەریی هاوشێوە نەبووە، یا پەراوێزکردنی ئەوان هۆکاری تەکنیکی یان نەبوونی سەرچاوە بووە؟*

و. من باسەکەم هەمەلایەنەیە، تەنیا کوردستانی عیراقی نەگرتۆتەوە، بەشی یەکەمی تەرخان کراوە بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردی لەنێوان ساڵانی ١٨٩٨ تا ١٩١٨، لەو بەشەدا باسم لە هەموو ڕۆژنامە کوردییەکان کردووە؛ چ ئەوانەی لە ئەستەنبول و قاهیرە و ئەوروپا دەرچوون، چ ئەوانەی لە بەغدا، کەواتە باسەکان قەتیس نەکراون تەنیا لە کوردستانی عیراقدا، لە ماوەی ساڵانی ١٩١٨ تا ١٩٣٨ کە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانە، بەشێکی تایبەتم بۆ تەرخان کردووە، هەواڵ هەبووە لەو ماوەیەدا لە کوردستانی ئێراندا تەنیا یەک ڕۆژنامەی کوردی دەرچووە، بەڵام هیچ ژمارەیەکی لەبەر دەستدا نییە تا بتوانین لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام بدەین. جگە لەویش هەندێ ڕۆژنامەی تر هەبووە کە لە شام و بەیروت لەلایەن بەدرخانییەکانەوە دەرچوون و باسیان لێ کراوە، بەڵام دیسان شتێکی ئەوتۆمان لەبەر دەستدا نییە، بەپێی زانیارییەکانی من تا ساڵی چلەکان نە لە تورکیا و نە لە ئێرانیش هیچ شتێک دەرنەچووە شایەنی باس بێت، ڕەنگە لە دواڕۆژدا لێکۆڵینەوەی تازە بێتە پێش و

باس لەو ڕۆژنامانە بکات کە هەبوون، بەڵام تا ئێستا زانیارییەکی ئەوتۆ نییە لەو بارەیەوە، سیاسەتی حکوومەتی ئەو دوو وڵاتە لە دوای سەرکوتکردنی شۆڕشەکانی کورد بەکارهێنانی زمانی کوردیان قەدەغە کردووە، ئەو زمانە نە لە کاروباری سیاسیدا و نە لە بواری ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیدا بواری پێ نەدراوە بە کار بهێنرێت، هەربۆیەش پێمووایە هیچ ڕۆژنامەیەک لەوێ دەرنەچوون.

*پ. لە زۆر شوێنی کتێبەکاندا ئاماژەت بۆ هەندێ نووسینی ئەو سەردەمە کردووە، کە یان بە ناوی خوازراو یا زۆربەیان بەبێ ناو بڵاو کراونەتەوە، ئایا ئەمە لە ئاکامی سیاسەتی سەرکوتکردن بووە، یا دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی ژمارەی نووسەرانی ئەو کاتە؟*

و. پێمووایە نووسەرە سەرەکییەکان ناوی خۆیان خستۆتە سەر بابەتەکانیان، کاتی خۆی مامۆستایان ڕەفیق صالح و حەسیب صالح و عەبدالله زەنگەنە هەوڵێکی باشیان دا و هەندێ شتی ئەو کاتەیان سەرلەنوێ چاپ کردەوە و بابەتەکانیان ساغ کردەوە و گەیشتنە ناوی هەندێ لەو نووسەرانە، کە ئەمەش کارێکی زۆر باش بوو. ڕاستە هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو سەردەمە ئازادییەکی ئەوتۆ نەبووە لە بەردەم نووسەراندا تا بوێرن ناوەکانیان بخەنە سەر بابەتەکان، هەندێکی تریشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەندێ لەو ڕۆژنامانە وەکو (ژیان) خاوەنەکەی شارەوانی سلێمانی بووە، بۆیە بە ناوی شارەوانییەوە قسەیان کردووە و ڕۆژنامەی ئەهلی نەبووە، جا هەڵبەت ئەو وتار و بابەتانەی بڵاو کراونەتەوە تەعبیر لە باری سەرنجی کاربەدەستانی ئەوێ کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا پێمووایە ئەوانەی بە ناوی ئاشکراوە شتیان نووسیوە کەم نین.

*پ. باست لە ڕۆژنامەی ژیان کرد کە شارەوانیی سلێمانی دەریکردووە، ئەم دیاردەیە لە هەولێریش بەرچاو کەوتووە، لەوێش شارەوانی چاپکراوی خۆی هەبووە، ئەم دیاردەیە بۆ چی دەگەڕێتەوە، بۆ لایەنی مادی یا شتی تر؟*

و. ڕەنگە زیاتر هۆیەکەی بۆ یاساکانی ئەو سەردەمە بگەڕێتەوە، خۆتان دەزانن لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقدا لە سەرەتای بیستەکان و دواتریش لە سییەکاندا یاسای تایبەت بە چاپەمەنی نەبووە، ئەوکات دەوڵەت یاسا کۆنە عوسمانییەکانی پێڕەو کردووە کە زۆربەیان دوای بزووتنەوەی مەشرووتەی ساڵی ١٩٠٨ دەرچوون، بەگوێرەی ئەو یاسایانە شارەوانییەکان لە زۆربەی کۆت و بەندە قانونییەکانی چاپەمەنیدا بەخشراون، ئەوکات هەرکەسێک بیویستایە ڕۆژنامەیەک دەربکات، دەبووایە مەبلەغیک پارە بە بارمتە دابنێت، ئەو مەبلەغەش بەپێی دەرچوونی ڕۆژنامەکە بەرز دەبووەوە، واتە لە ڕۆژانە بۆ هەفتانە و مانگانە. جا ئەگەر ئەو ڕۆژنامەیە سیاسی بووایە، ئەوە هەڵبەت پارە خەوێنراوەکە زۆر زیاتر دەبوو، بەڵام شارەوانی لەبەرئەوەی دەستگای حکوومەت بووە، بۆیە لەو شتانە بەخشراوە و ئیدی چەند کەسانێک لە دەوری کۆ دەبوونەوە و ڕۆژنامەیان دەردەکرد، لەلای خۆشمان، بەتایبەتی لە سلێمانی، شارەوانی چاپخانەی خۆی هەبووە.

*پ. دوای ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکانتدا چوویتە ناو قووڵایی مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیی ئەو سەردەمەوە، پێتوایە کەسانێکی وا دەرکەوتبن کە پێیان بوترێت ڕۆژنامەوانی پیشەیی بە واتای پسپۆڕێتی لە کاری ڕۆژنامەگەریدا؟*

و. بەڵێ هەڵبەت هی وا هەبووە، لەوانە بۆ نموونە پیرەمێرد کە دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەوانی پیشەیی بووە بە واتای (محترف)، جگە لەویش حسین حوزنی موکریانی و کەسانی تریش کە هیچ کارێکی تریان نەبووە، ڕۆژنامەوانی نەبێت. دەتوانین ئەوانە بە ڕۆژنامەنووسی (محترف) ناو بێنین، پیرەمێرد خۆی دەرچووی کۆلیژی ماف بووە لە ئەستەنبول، بەڵام هەموو ژیانی خۆی بۆ ڕۆژنامەوانی تەرخان کردووە، هەروەها حسین حوزنیش، لە ساڵانی دواییشدا پەیتا پەیتا ژمارەیان زیادی کردووە.

*پ. ئەی ڕۆژنامە نهێنییەکانی ئەو سەردەمە؟*

و. ڕۆژنامەی نهێنی لە ناوەڕاستی چلەکانەوە دەستی پێکردووە و ئەوانیش زمانحاڵی حیزبەکان بوون، پێش ئەو ساڵانە ڕۆژنامەی نهێنی لە کوردستاندا نەبووە. ڕەنگە ڕۆژنامە هەبێت ئەوکات لە دەرەوەی کوردستان چاپ کرابێت و لەناو وڵاتدا بڵاو بووبێتەوە. دەتوانین بڵێین کە ڕۆژنامەی نهێنی لە سەرەتای چلەکانەوە دەستی پێکردووە لە ڕاستیشدا (ژ.ک) دەستپێشخەر بووە لەو بوارەدا، لە تەورێز گۆڤاری «نیشتمان»یان دەرکردووە و لە کوردستاندا بڵاویان کردۆتەوە، لە عیراقیشدا شیوعییەکان دەستپێشخەرییان کردووە. هەڵبەت ڕۆژنامە نهێنییەکانیش بە حوکمی ئەوەی زمانحاڵی حیزبەکان بوون، هەوڵیان داوە سیاسەتی حیزبەکانی خۆیان لە ئاست ڕووداوەکاندا ڕوون بکەنەوە.

*پ. دەرچوونی ڕۆژنامە نهێنییەکان هاوکات بووە لەگەڵ چەندین گۆڕانکاری سیاسیی بنەڕەتی لە ناوچەکەدا، بەتایبەت لەسەر ئاستی دۆزی کورد، تا چ ئاستێک ئەو ڕووداوانە لە بابەت و بەرهەمی نووسەرانی ئەو سەردەمەدا ڕەنگیان داوەتەوە؟*

و. لە کوردستانی ئێراندا کاتێک گۆڤاری نیشتمان دەرچووە هەمان ئەو نووسەر و ڕۆژنامەوانانەی کاریان تێدا کردووە خزاونەتە ناو ڕۆژنامەی «کوردستان» کە دوای دامەزراندنی کۆماری مهاباد دەرچووە، لە کوردستانی عیراقدا زۆربەی نووسەرانی ڕۆژنامە نهێنییەکان سەرکردە و کادیری سیاسیی حیزبەکان بوون، هەڵبەت ئەوانیش ڕۆژنامەوانی موحتەریف نەبوون، بۆیە ئاساییە ڕووداوەکان زۆر بەزەقی لە نووسینەکانیاندا ڕەنگیان دابێتەوە.

*پ. ئێستا دێینە سەر قۆناغی شۆڕشی ئەیلوول، کە هەم ڕۆژنامە بە نهێنی و هەم بە ئاشکراش تیایدا بڵاو کراوەتەوە، تەنانەت ڕۆژنامەی عەرەبیش، تا چ ئاستێک ڕۆژنامەوانی کورد توانیویەتی پرسی کورد بە نێوەندە عەرەبییەکان بناسێنێت؟*


و. شۆڕشی ئەیلوول بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، لە ١٩٦١-١٩٦٤ قۆناغێکە، دوای ٦٤ تا ١٩٧٠ قۆناغێکی ترە، بۆیە قۆناغەکانی جیاوازن، ناکرێت هەموویان بە سەر یەکەوە سەیر بکرێت، یاخود بە جیا هەڵیسەنگێنین. قۆناغی یەکەم لە ٦١ تا ٦٤ هەندێ داهێنانی تێدایە لە جووڵانەوەی کورددا کە لەڕاستیدا شتی تازە بوون، بۆ نموونە بۆ یەکەم جار بووە شۆڕشی کورد چاپخانەی تایبەتی خۆی لە شاخ دابمەزرێنێت و لەوێش دەست بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی «خەبات» و هی تریش بدات، یەکەم جاریش بووە، کورد ئێستگە بە کار بهێنێت، کە پێشتر لە جووڵانەوە چەکدارییەکاندا ئەو شتانە ڕەچاو نەکراون، پاشان لە ٦٤ دووبەرەکی کەوتە ناو جووڵانەوەی کوردەوە و شۆڕشەکەی بوو بە دوو باڵەوە. هەر باڵێک بڵاوکراوەی خۆی هەبووە. بەشێکی

بۆ بەرگری لە کورد و کێشەی ڕەوای کورد تەرخان کراوە، بەڵام بەشی زۆری موهاتەرات و پەلامارداني یەکتر بووە، ئەوە تا ساڵی ٧٠ بەردەوام بووە، ئەمجا چەند جارێک گفتوگۆ لەنێوان حکومەت و سەرکردایەتیی کورددا هاتۆتە ئاراوە، ئەویش هەلێکی ڕەخساندووە کورد ڕۆژنامە بە زمانی عەرەبی دەربکات، ئەو دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٨، کاتێک ڕۆژنامەی خەبات و دەنگی کورد و پێشکەوتن هەریەکە و چەند لاپەڕەیەکیان بە زمانی عەرەبی بڵاو دەکردەوە بە مەبەستی ناساندنی ڕای گشتی عەرەب بە کێشەی کورد، شۆڕشی ئەیلوول پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لە بواری ڕاگەیاندندا.

*پ. لە خوێندنەوەیەکی بەرایی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا تا ناوەڕاستی نەوەدەکان، بوونی ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامەی حیزبی چ لە شاخ و چ لەناو شاردا دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە، ئایا لەو ماوەیەدا هیچ هەوڵێک نەدراوە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەی سەربەخۆ یا هەر نەبێت ڕۆژنامەی ئەهلی؟*

و. ئەوەیان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ یاساکانی ئەو سەردەمە. وەختی خۆی کە حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ هاتە سەر حوکم یاسایەکی تازەیان دەرکرد بۆ چاپەمەنی، بەپێی ئەو یاسایە هەرچی یاسای چاپەمەنیی پێشتر هەبوو هەڵیانوەشاندەوە و دەبووایە ئەوانەی پێشتر مۆڵەتیان هەبوو سەرلەنوێ بچن وەریانبگرنەوە، ئەوکاتیش ڕێگە نەدراوە بە ڕۆژنامەی کوردی دەربچێت، تەنیا لە سلێمانی ڕۆژنامەیەک هەبوو بە ناوی «ڕاپەڕین» ئەویش زیاتر بۆ ڕێکلام بوو، پاشان ساڵەکانی ٦٧ و ٦٨ سەردەمی حوکمی عبدالرحمن عارف ڕۆژنامەگەری بە یاسایەکی تازەوە تەئمیم کرا، واتە سەرجەم ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان لە عیراقدا بوونە موڵکی حکومەت، بۆیە کەسێک نەیتوانیوە ڕۆژنامەی سەربەخۆ دەربکات، تەنیا وەزارەتی ڕۆشنبیری و دامودەستگا حکوومییەکان بۆیان هەبووە ڕۆژنامە دەربکەن، بەڵام هەر کاتێک ڕێکەوتن یا ئاشتی دەبوو لەنێوان حکومەت و کورددا، حیزبە کوردییەکان هەوڵیان داوە ڕۆژنامەکانی خۆیان دەربکەن، کەواتە یاساکانی ئەو سەردەمە ڕێگر بوون لە بەردەم دەرچوونی ڕۆژنامەی سەربەخۆ.

*پ. لە سەرەتای دەرچوونی ڕۆژنامە کوردییەکانەوە چ وەکو لێکۆڵەرەوە و چ وەکو هاوکارێکی بوارەکە ئاشنایيت هەبووە، کام لەو قۆناغانەی ڕۆژنامەگەریی کورد بە بەپیتترین قۆناغ دەزانیت؟*



و. من پێموایە لە سەرجەم قۆناغەکاندا ڕۆژنامەوانی کورد دواکەوتوو نەبووە، هەریەکە و بەپێی ئەو سەردەمەی تیایدا ژیاوە بەقەدەر خۆی لە پێناو ئامانجەکانی کورددا هەوڵی خۆی داوە، بۆ نموونە، ڕۆژنامەی ژیان کە ساڵانی سییەکان دەرچووە دەورێکی سەرەکی هەبووە لە هاندانی خەڵک بۆ ئەوەی داوای مافی گەلەکەیان بکەن، چەندین نووسینی لەو بابەتە تێیدا بڵاو کراوەتەوە، ئەگەرچی وەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا شارەوانی دەریکردووە، بەڵام ئەگەر لە ڕووی چەندایەتییەوە بپرسیت ئەوە بێگومان ئێستا لە هەموو کاتێک بەپیتترە. دەتوانم بڵێم کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی کاروانێکی نەپساوە بووە، تەنانەت لە ڕەشترین ڕۆژگاردا ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە، ڕۆشنبیرانی کورد تەنانەت لەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەشدا سوودیان وەرگرتووە کە لەژێر سایەی ڕژێمی بەعسدا دەردەچوون، وەکو کاروان و هاوکاری و ڕەنگین و... هتد، لەپاڵ شتە خراپەکانی ئەو بڵاوکراوانەدا شتی باشیان هەبووە، بەتایبەت لە بوارەکانی مێژوو و ئەدەب و چیرۆک و...هتد

لێرەدا با شتێکت بۆ بگێڕمەوە، کاتی خۆی کە حکوومەتی بەعس ویستی گۆڤاری کاروان دەربکات، چەند کەسانێکیان ڕاسپارد ئەو کارە بکەن، لەوانە حسێن عارف بوو. کاک حسێن بەنهێنی هاتە شاخ و پێی وتین کەوا حکومەت بە نیازە شتێکی وا بکات، هاتووم ڕای ئێوە بزانم ئێوە قبووڵ دەکەن ئەو کارە بکەم یا نا! لێمان پرسی چەنێکی بۆ حکوومەتە، وتی چەند لاپەڕەیەکی پێشەوە و وێنەی سەدام و هەندێ بابەتی تر، ئەوانەی تریش بۆ خۆمان، پێمان وت کەواتە بڕۆ بیکە. من خۆشم یەکێک بووم لەوانەی لە گۆڤاری کارواندا بابەتم بڵاوکردۆتەوە بە ناوێکی ترەوە، بابەتم بۆ ناردوون بڵاویان کردۆتەوە،

*پ. قۆناغی شۆڕشی نوێ تەکانێکی گەورەی دا بە ڕاگەیاندنی شاخ، جگە لەوەی دەیان کادیر و نووسەری بەتوانا هاتنە مەیدانی کار چ وەکو پێشمەرگە و چ وەکو هاوکاریکارانی ناو شار، تا چەند شۆڕشی کورد توانی مۆدێلێکی تازە لە ڕاگەیاندنی شاخدا بێنێتە دی، بەو پێیەی شۆڕشەکە بە چەمکی تازە و دروشمی تازەوە خۆی ناساندبوو؟*

و. لەڕاستیدا ئەزموونی شۆڕشی نوێمان، واتە بڵێین شۆڕشی حوزەیران، ئەزموونێکی تازە بوو لە ژیانی میللەتەکەماندا، ئێمە بەو ئیمکانیاتە کەمەی لەبەر دەستمان بوو، هەوڵێکی زۆرمان دا بۆ بەگژاچوونی پروپاگەندەکانی دەستگاکانی بەعس لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە، لەتەک ئەوەشدا توانیمان سەدان کادیری گەنج لە بواری نووسین و چاپ و ڕادیو پێ بگەیەنین، کە دەتوانی ئێستا ببینی کاریگەریی ئەوانە چەند بووە لەسەر ئەو دەستگایانەی وەکو ڕادیو و تەلفزیۆن کە ئێستا زۆربەی هەر ئەوانن بەڕێوەی دەبەن. یەکێک لە شتە گرنگەکانی سەردەمی ڕاگەیاندنی شاخ ئەوە بوو کە بڵاوکراوەکانمان بە شێوەیەک

ڕێکخستەوە کە بەبەردەوامی و لە کاتێکی دیاریکراودا دەربچن، بۆ نموونە وامانکرد کە ڕۆژنامەی «ڕێبازی نوێ» هەموو مانگێک لە کاتی دیاریکراودا دەربچێت، هەروەها «الشرارە» و شتەکانی تریش بە هەمان شێوە، ڕادیۆ بە بەردەوامی و بێ پچڕان هەموو ڕۆژێک پەخشی خۆی دەکرد. ئەوەش خۆی لە خۆیدا یارمەتیی کادیری شۆڕشی دەدا کە تەجرەبەی ڕۆژانەی هەبێت، پێم وایە دەستگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەورێکی زۆر کاریگەری هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و ڕاکێشانیان بەلای شۆڕشەکەیان و بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی بەعسییەکان لە کوردستاندا، خۆتان دەتوانن لە خەڵک بپرسن، دەوری ڕادیۆ و ڕاگەیاندن چی بووە لە ڕاپەرینە سەرتاسەرییەکانی کوردستاندا لەساڵی ١٩٩١، هەروا ڕۆڵی ڕاگەیاندنی یەکیتی لە ئاشتبوونەوەی نیشتمانیدا بۆ ڕێگرتن لە شەڕی ئەهلی لەنێوان ئەوانەی سەر بە ڕژێم بوون و ئەوانەی دژی بوون.

*پ. جەنابت باست لە کەمیی ئیمکانیاتی شۆڕش لە بەرامبەر ئیمکانیاتی دەوڵەتێک کرد کە لەسەر دەریایەکی نەوتدایە، لەو وەزعە نابەرابەرەدا، پێتوایە کادیرانی شۆڕش توانبێتیان بەرهەمی چاک پێشکەش بکەن؟*

و. هەڵبەت، سەرەڕای ئەو وەزعەی باسمان کرد، ئەودەمە لە شاخ بە سەدان کتێب چاپ کراون، لە شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوە؛ بە تایبەت ئەوانەی لە شارەکاندا ڕێگەیان پێ نەدەدرا. بۆ نموونە زۆربەی دیوانەشیعرەکانی کاک شێرکۆ بێکەس لە چاپخانەکانی ئێمەدا چاپ کران، هەر لەو سەردەمەشدا یەکێتیی نووسەرانی شاخ گۆڤاری (نووسەری کورد)یان دەردەکرد کە هیچی کەمتر نەبوو لەوەی نووسەرانی کورد لە بەغدا دەریاندەکرد. ڕاستە کەمیی ئیمکانیات کێشەیەک بوو، بەڵام لە ڕووی ئیمکاناتی بەشەرییەوە شۆڕش لە ڕژێم دەوڵەمەندتر بوو. بۆ نموونە، ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی شار بەشدارییان لە نووسینەکانی ڕادیۆ و دەستگای ڕاگەیاندندا دەکرد، لەکاتێکدا ژمارەیەکی کەم لە نووسەرە قەڵەمفرۆش و چڵکاوخۆرەکان بەعس بە کرێی گرتبوون کە خەڵکی بە چاوێکی سووکەوە تەماشایان دەکردن، لە بەرامبەردا بە ڕێز و حورمەتێکی زۆرەوە سەیری نووسەرانی شاخ دەکرا. بۆ نموونە کاتێک دەمانویست ڕادیۆکەمان بگوێزینەوە شوێنیکی تر، کاری زۆر سەختمان دەهاتە پیش، بەشێکی زۆری ئامێرەکانی زل بوون وەکو موەلیدەکان کە بە دە کەس نەدەگوێزرانەوە، ئیدی هەر ئەوەندەمان دەزانی خەڵکی لادێ دەهاتن و بە شان بۆیان دەگوێزاینەوە،. خەڵکی نەخوێندەوار بوون، بەڵام ئەوەندە پەرۆشی دەنگی ڕادیۆکە بوون و دەیانزانی گرنگیی بوون و بەردەوامی ئەو ڕادیۆیە چییە. جگە لە هەندێ دێ کە پێش ڕووخاندنیان دەنگی ڕادیۆکەمانیان دەخستە سەر مایکروفۆنی مزگەوتەکان بۆ ئەوەی دواهەواڵی چالاکییەکانی پێشمەرگە بە هەموو کەس ڕابگەیەنن. ئەو شتانەیان دەکرد بەبێ ئەوەی کەس داوایان لێ بکات؛ بۆیە دەتوانم بڵێم: بەڵی وەکو پێوانەیەک ڕۆڵێ ڕاگەیاندن دەتوانین لە دوو ڕووداوی جیاوازدا هەڵسەنگێنین، یەکەمیان ئەو کاتانەی لەناو شارەکاندا خۆپیشاندانەکان دەستیان پێکرد و کاتێک کە لە سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و ئۆردووگا زۆرەملییەکان خۆپیشاندان دەستی پێکرد و داوای بەردانی گیراوە سیاسییەکانیان دەکرد، لەوەدا ڕۆڵێ ڕاگەیاندن دەهاتە پێش کە چ کاریگەرییەکی هەبوو لە وروژاندنی خەڵک و هاندانیان، وەکو بینیشمان هەموو خۆپیشاندانەکان سەرکەوتوو بوون؛ چونکە هەموو گیراوە سیاسییەکان ئازاد کران دوای ئەوەی لێبووردنی گشتییان بۆ دەرکرا. ڕووداوی دووەم، پێش ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ڕادیۆی یەکێتی دەورێکی باڵای هەبوو لە هاندانی خەڵک بۆ ئەوەی شانەی چەکدار دروست بکەن و پەیوەندییەکانی نێوان شانەکان لە ئۆردووگا و شوێنەکانی تر لە ڕێگەی ڕادیۆوە بە یەکتر ببەسترێنەوە.

*پ. بەدەر لە ئەرکە سیاسییەکەی ڕاگەیاندنی شاخ، لە لایەنی ئەدەب و زمان، کادیر و نووسەرانی ئەو سەردەمەی شاخ توانیان هیچ ئیزافەیەک بخەنە سەر ڕەوتی ئەدەبی و شێوەزمانی ئەدەبی، بۆ نموونە هێنانی یا بڵێین داڕشتنی زاراوەی تازە لە زمانی کوردیدا؟*

و. زمانی کوردی هەمیشە لە پێشکەوتن و گەشەکردندا بووە، کاتێکیش کە ڕاگەیاندنی یەکێتی و کۆمەڵە کەوتنە ئیش، ئیدی شتی تازە هاتە ئاراوە. بۆ نموونە زاراوەی مەڵبەند کە لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا بە کار هاتووە، پێشتر بەو مانایە بە کار نەهاتووە، هەروەها کەرت و تیپ و هەرێم وەکو تەشکیلاتی عەسکەری و (پۆل) بۆ ڕێکخستنەکان بۆ یەکەم جار بە کار دەهات. مەبەستم ئەوەیە هەر قۆناغێک موفرەداتی تازەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە ناو زمانەوە، لە شۆڕشی ئەیلوولدا بۆ یەکەم جار بووە وشەی پەل و لق و بەتالیۆن بۆ هێزی عەسکەری بە کار بهێنریت، ناوی پێشمەرگە لە کوردستانی عیراقدا ئەوسا باو نەبووە، بەڵکو لە کوردستانی ئێراندا باو بووە، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا هاتە ناو کوردستانی عیراقیشەوە و کەوتە ناو ئەدەبیاتی سیاسییەوە. بەداخەوە پێموایە ئەو زمانەی هەندێ لە نووسەرانی ئێستا بە کاری دەهێنن کەمێک لە چوارچێوەکەی ئاسایی زمان چۆتە دەرەوە.

*پ. ئەو وەڵامەی جەنابت بۆ ئەو پرسیارە ڕاماندەکێشێت بۆ ئەوەی رسیارەی کە دەمێکە بە خەیاڵمدا دێت لە یەکێک لە سەرکردە ڕۆشنبیرەکانمان بکەم، ئەویش نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردییە، بۆ نموونە عەرەب زمانێکیان هەیە پێی دەڵێن: (زمانی ڕۆژنامەگەری)، ئەویش ئەو زمانەیە کە لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و شاشەی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکاندا بڵاو دەبێتەوە و بە نیسبەت هەموو عەرەبەکان بە جیاوازی شێوەزارەکانیانەوە لێی تێدەگەن، لای خۆشمان هێشتا زۆر کەس هەیە لە شێوەزاری کرمانجی یا سۆرانی یا کەلهوری و... هتد حاڵی نابن، کاتی ئەوە نەهاتووە ئێمەش زمانێکی یەکگرتوو دیاری بکەین بۆ یەکگرتنەوەی سەرجەم شێوەکان؟*

و. من خۆم پێموایە هەتا کورد دەوڵەتی نەبێت زمانی یەکگرتووشی نابێت! عادەتەن زمانی یەکگرتوو، دەوڵەت دروستی دەکات لە ڕێگەی یاساکان، یان ئەو دامودەستگایانەی بەڕێوەی دەبات؛ هەرچەندە من بەلامەوە زمان گرنگ نییە لە بەڕیوەبردنی کاری نەتەوایەتیدا، ئێمە تووشی گرێیەکی دەروونی بووین، چونکە عەرەب پێی وتوین زمانی کوردی زمان نییە و فارس پێمان دەڵێت زمانی کوردی ڕەسەن نییە و تورک دەڵێت زمانی کوردی تێکەڵاوە لە فارسی و عەرەبی و تورکی؛ بۆیە زمانمان لێ بووە بە گرێ! عەرەب زمانیان لا زۆر گرنگە، چونکە بە هۆی زمانی قورئانەوە یەکیان گرتۆتەوە، ئێمەش چاومان لەوان کردووە لە ڕووی گرنگیی زمانەوە، لە هیندستان تا بیست ساڵ پێش ئێستا زمانی ئینگلیزی زمانی ڕەسمییان بووە. ئێستاش هەندێ وڵات هەن، زمانی ئینگلیزی بە کار دەهێنن بێ ئەوەی ئینگلیز بن. من پێموایە مەسەلەی

داهێنانی زمانێکی یەکگرتوو مەسەلەیەکی زۆر هەستیارە، چونکە کە قسە لەگەڵ کوردێکی تورکیا دەکەیت، دەڵێت: من زۆرینەم و دەبێت شێوەزاری من زاڵ بێت! کوردی دهۆک دەڵێت: من حەز دەکەم بەو لەهجەیەی خۆم بخوێنم! ئەوەی سلێمانی دەڵێت: من ئەو لەهجەیەم پێ باشترە، چونکە لە ماوەی حەفتا هەشتا ساڵی ڕابردوودا گەشەی کردووە و بە سەدان و هەزاران کتێب و نووسین بەو زمانە بڵاو بوونەتەوە و زمانەکە دەقی گرتووە! من خۆم لایەنگری ئەوە نیم بە زۆر لەهجەیەک بەسەر ئەوی تردا بسەپێنرێت، ئەوە خۆی گەشەکردنێکی مێژووییە و لە ئەنجامدا دەردەکەوێت کام لەهجە زاڵ دەبێت بەسەر ئەوانی تردا لە ڕووی ڕێزمان و نووسین و ئاسانفێربوونەوە.

پ. ئێستا گەیشتینە سەر قۆناغی دوای ڕاپەڕین کە دەکرێت بە شۆڕشێکی گەورەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستاندا ناوی ببەین، لەو قۆناغەدا چەندین ڕۆژنامە دەرچوون، کە هەندێکیان بۆ یەکەم جارە بە ڕۆژانە دەردەچن، پێتوایە دەستگایەکی گەورەی ڕاگەیاندنی حیزبی وەکو کوردستانی نوێ توانیبێتی ببێتە مەدرەسەیەک بۆ پێگەیاندنی ڕۆژنامەوانی کوردی لەو سەردەمەی خۆیدا؟

و. بەڵێ پێموایە لە دوای ڕاپەڕین سەدان کادیری ڕۆژنامەوان و ڕۆژنامەنووس پێگەیشتبن، من جیاوازی لەنێوان وشەی ڕۆژنامەوان و ڕۆژنامەنووس دەکەم، ڕۆژنامەوان بەوە دەڵێم کە لە بواری ڕاگەیاندندا ئیش دەکات و ئەوانەش دەگرێتەوە کە وەکو کادیر لە ڕۆژنامەکاندا ئیش دەکەن، ڕۆژنامەنووس ئەوانەن کە شت دەنووسن بۆ ڕۆژنامەکان. بەڵێ سەدان ڕۆژنامەوان پێکەیشتوون، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا سیستەمی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا لاساییکردنەوەی سیستەمی ڕاگەیاندنی بەعس و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتە، تائێستا نەمانتوانیوە بگەینە قۆناغێک ڕۆژنامە وەکو دەسەڵاتی چوارەم جیاواز لە حکوومەت و حیزبەکان بێتە مەیدانەوە. ئەوە ڕەنگە گەورەترین کەموکووڕی بێت کە لە کوردستاندا بەدی دەکرێت، ئەوەش بوو بە هۆیەک زۆر شتی خراپ لە کوردستاندا تیپەڕێت، بەبێ ئەوەی ڕۆژنامە، یان ڕۆژنامەنووس، بە دەنگ بێت، چونکە هەموو ئەو ڕۆژنامانەی لە کوردستاندا هەن سەر بە حیزبەکانن و مۆرکی سەربەخۆییان پێوە نییە. هیچ کامێکیان دەستگایەکی جیا نین لە حیزب و حکوومەت، تا بتوانن ببن بە چاودێر بەسەر کارەکانی حکوومەت و حیزبەکانەوە بە تایبەت بۆ لەناوبردنی گەندەڵی و دەستنیشانکردنی کارە دزێوەکانی تر، ڕۆژنامە لە کوردستاندا نەبووە بە دەسەڵاتێک بتوانێت کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان هەبێت.

پ. ئێوە وەکو حیزبێکی پێشکەوتووخواز دەستگایەکی گەورەی ڕاگەیاندنتان هەیە، پێتوایە بوارێکی بەرفراوان لە بەردەم ڕۆژنامەنووسەکاندا هەبێت بە ئازادی و سەربەستی شتەکانیان بڵاو بکەنەوە و باس لە دیاردە دزێوەکان بکەن، بەتایبەت کە حکوومەتیش هی ئێوەیە؟

و. ئازادیی ڕۆژنامەنووسی سنووردارە و ناتوانین بڵێین شتێکی موتڵەقە.

پ. ئەی چۆن داوا دەکەن ڕۆژنامەگەری ببێتە دەسەڵاتی چوارەم؟

و. ئەی من ناڵێم کێشەی گەورەی بەردەم ڕاگەیاندن لە کوردستانی عیراقدا سیستەمی ڕاگەیاندنەکەیە.

پ. کەواتە بۆچی هەوڵ نادەن ئەو سیستەمە بگۆڕن، بەتایبەت کە جەنابت یەکێکی لەوانەی بایەخێکی زۆر بەو بوارە دەدەیت؟

و. ئەگەر بە دەست خۆم بێت، ئەسڵەن دەستگای ڕاگەیاندنی حیزب ناهێڵم! وای لێدەکەم حیزب یەک وتەبێژی هەبێت لە بۆنەکاندا لەجیاتی حیزب قسە بکات، پێم خۆشە کوردستانی نوێ ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی تایبەتی خۆی هەبێت و دوور لە حیزب کارەکانی خۆی بکات، حەتمەن دوور نابێت لە حیزبایەتی، بەڵام بەو ئاستە نابێت کە ئێستا هەیە.

پ. زۆر کەس هەن کە سکاڵایەکیان دەبێت کوردستانی نوێ دەکەن بە پەناگەیەک بۆ دەرخستنی ئەو سکاڵایە بە حوکمی ئەوەی کە ڕۆژنامەی دەستەڵاتە لە کوردستاندا، ئەی نابێت کوردستانی نوێ لە بەرامبەردا لە ئاست ئەو متمانە و بڕوایەدا بێت کە ئەو هاووڵاتییە داویەتی پێی؟

و. ئەو هاووڵاتییەی پەنا دەباتە بەر ڕۆژنامەیەک قەت بیستوتە ئەو ڕۆژنامەی سکاڵاکە بڵاو دەکاتەوە بە دوای سکاڵاکەوە بێت؟ لە وڵاتانی دونیادا کاتێک ڕۆژنامەنووسێک شتێک لەسەر وەزیرێک، یان کاربەدەستێک، دەنووسێت، ئەو دەستگایەی پەیوەندارە بە مەسەلەکەوە لێی دەکۆڵێتەوە، ئەگەر ڕۆژنامەکە درۆی کردبوو یان بوختانی بۆ هەڵبەستبوو ئەوە ڕۆژنامەکە دەدەن بە دادگا. ئەگەر ڕاستیش بێت، ئەوە کاربەدەستەکەی خۆیان دەدەن بە دادگا. لەلای ئێمە تا ئێوارە شت بنووسە، کەس گوێت لی ناگرێت!

پ. دوای ناوەڕاستی نەوەدەکان هەندێ ڕۆژنامەی ئەهلی پەیدا بوون، ئەوانە بە ئازادی شتیان نووسی و بڵاو کردەوە، پێتوایە ئەو ڕۆژنامانە ئازادییەکی تەواویان هەبێت لە بڵاوکردنەوەدا؟

و. بەڵێ پێموایە بەشێکیان ئازادن.

پ. بەبێ هیچ سانسۆریک؟

و. لە هەموو دونیادا سانسۆر هەیە، ئەگەر حکومەت نەبێت ئەوا لەناو خودی ڕۆژنامەکاندا جۆرە سانسۆریک هەیە. بەتایبەتیش لە ڕۆژنامەگەریدا شتێکی زۆر گرنگ هەیە کە پێی دەوترێت: (ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی)، تا چ ئەندازەیەک دەتوانیت لە نووسینی هەواڵێکدا بەلای هیچ لایەکدا نەشکێنیتەوە. لە کوردستاندا پێموایە هونەری داڕشتنی هەواڵ زۆر لاوازە، هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی پێشکەوتن لەو بوارەدا بە دەست بهێنین. لە مەسەلەی ئازادیی ڕۆژنامەگەریدا تەنانەت هەندێ ڕۆژنامەی حیزبیش تا ئاستێک ئازادن، سەکۆی ئازادیان هەیە، بابەتی هەستیار بڵاو دەکەنەوە، ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان ئەو ناوچە بچووکەی بە دەستمانەوەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی دەوروبەر پێموایە ئازادی لای ئێمە زیاترە. کێشەی ڕۆژنامەگەری لەلای ئێمە ئەوەیە کە تائێستا نەبووە بە پڕۆژەیەکی بازرگانی. بۆ نموونە لە وڵاتانی دنیادا ڕۆژنامە لەسەر داهاتی ڕیکلام دەژی، زۆربەی ڕۆژنامە گەورەکانی جیهان لەسەر ئەو داهاتە دەژین، بۆیە کیشەی ڕۆژنامەکانی ئێمە کێشەی پارەدانەکەیە. کێ دەتوانێت ئەو پارەیە دابین بکات و بتوانێت ئەو زەرەروزیانەی لە ڕۆژنامەکە دەکەوێت بخاتە ئەستۆی خۆی، بۆیە دەبینین زۆربەی ڕۆژنامەکان لەلایەن حیزبەکانەوە پارەیان دەدرێتی، هەڵبەت لەو کاتەشدا دەبێت پڕوپاگەندە بۆ خاوەنپارەکە بکات، جگە لەوەش هێشتا لای خۆمان کڕین و خوێندنەوەی ڕۆژنامە نەبووە بە خوو کە هەموو کەسێک ڕۆژنامە بخوێنێتەوە، بۆیە سەرچاوەی داراییش کێشەیەکی تری گەورەی بەردەم ئازادیی ڕۆژنامەگەرییە لە کوردستاندا.

**وێنەکان: جەمال پێنجوێنی**